# لایەنی جیاوازیی و لێکچوونیی پۆلە ڕەگەزی تاف، ڕوکار و ڕێژە لە کوردی و زمانەکانیتری وەك کات و ماوە لە زمان و فەلسەفەدا

د. محمود فتح الله
کۆلێجی زمان
بەشی کوردی

## 0- پێشەکی

چەند کاتەگۆریەك لە زماندا ناوبەند پەیوەندن، بۆ نمونە، "تێنس"، "کات" ، "ئەسپێکت" ، "موود و مودالێتی"، و "ماوە/خایاندن"، ئەوە وایکردووە، کە زۆر جار ناولێنان، یان دیاریکردنی سنور، ئەرك و ڕۆڵی هەر یەك لەوانە کارێکی زەحمەتبێت، بۆ نمونە، دەتوانین لەسەر فۆرمێکی دیاریکراویی وەك "هات" لە چەندان باری سەرنجەوە لە کودیدا قسەی لەسەر بکەین، لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە، ئەسپێکتی پێرفێکتیڤە، لە باری سەرنجی تێنسەوە، کاری ڕابردووە، لە باری سەرنجی موودالێتیەوە، مودالێتی هەقیقیە، لە باری سەرنجی "ماوەوە" خودی کردەوەکە، وەك دەستکەوت Achievement مامەڵەدەکرێت، و لە لایەکیتریشەوە پشت بەو ماوەیە دەبەستێت، کە لێیەوە هاتووە، لە کاتێکدا "کات" ڕەگەزێکی هاوبەشە لەنێوان هەر یەك لەو کاتەگۆریانەی سەرەوەدا، بۆیە لێرەدا سەرلێتێکدانێك بە درێژایی لێکۆڵینەوەکان سەرهەڵدەدات، بۆ نمونە، پیتی "ت" لەباری سەرنجی ئەسپێکتەوە نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤە، واتە ئەو پیتە جۆری باری سەرنجی ئەسپێکتیمان پێدەڵێت، لەکاتێکدا لە باری سەرنجی تێنسەوە، "ت" بریتیە لە نیشانەی ڕابردوو، واتە زانیاریمان سەبارەت بە جۆری تێنس دەداتێ.

ئەو نیشانەیە "-ت" و (ئەوەکانی تری، وەك —ا، -ی، -د، -وو) و لەلای زوربەی زمانەوانەکان و لە زوربەی نامەی دوکتۆرا و ماستەرەکاندا وەك "کات" مامەڵەکراون، ئەوە بەلای ئێمەوە زۆر لە ڕاستیەوە دوورە، و بە هیچ جۆر پەیوەندیان بە "کات" ەوە نییە، جگە لەوە، نیشانەکانی پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤ بە خودی ئەسپێت دانراون و هیچ پێناسە و لێکدانەوەیەکی ڕونیان بۆ "کات"، کە بەرانبەر بە "time" ی ئینگلیزییە، نییە، بەمەبەستی پیشاندانی ناڕاستی ئەو تێڕوانینانە، کردنەوەی دەرگایەکی گفتوگۆ و پیشاندانی باری سەرنجی پێچەوانە، ئەم باسە سەبارەت بە "کات-time" و "ماوە-space" تەرخان دەکەین.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە مەبەستی دیاریکردنی گرنگی و بەهای "کات" و "ماوە" و مامەڵەکردنیان وەك دوو کاتەگۆری سەربەخۆ و جیا لە "تێنس" بە درێژایی ئەم باسە، خوێنەر بۆ چەندان باری سەرنجی جیا، کە بە درێژایی مێژوو لە لایەن زمانەوان و فەیلەسوفەکانەوە، هەر لە سەردەمی "ئیفلاتون" و "ئەرەستۆ" وە تا دەگاتە ئەم سەردەمانە داوەتکراوە، بەو هیوایەی بتوانین کەلێنێك لەو بارەوە پڕبکەینەوە و درێژەپێدان و تەواوکردنی ناتەواویەکانیشی دەدەینە دەست کەسانی تری دوای ئێمە، تا چیتر نیشانەی ڕابردوو و ئیمپێرفێکتیف بە "کات" هەژمارنەکرێن. ئەم لێکۆڵینەوەیە کار لەسەر بەشێك لە وەچە بەشەکانی دیاگرامی (١) دەکات و دیاگرامەکەش بەشێوەیەکی گشتی پوختەی ناوبەند پەیوەندی هەموو ئەو کاتەگۆریانە پیشان دەدات، کە بە تێنس-موود-ئەسپێکت ناسراون. دیاگرامی (١)




دیاگرامی (١)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ۱.۰ پێناسە و ناساندنی کات

### ۱.۱ پێناسەی کات

بەلای زانایانی بواری فیزیاییەوە "کات" مەودای چوارەمە، کاتەگۆریەکی تایبەتە و بەهۆی سێ تایبەتخۆییەوە دیاریدەکرێت، Bull (1960:4) سێ تایبەتمەندیی کات دیاریدەکات، لەوانە، (ا) هێڵ (تایبەت بە هێڵی ڕاست)، (ب) ماوەی کاتی بێسنوور و (ج) توانای دابەشبوون بۆ ژمارەیەك لە پارچەی بێسنوور، کە قەبارەی جۆراوجۆری بێسنوریان لەخۆدەگرن. "کات" ئەو بوونەوەرەیە، کە دەتوانرێت بەهۆی کاتژمێر و ڕوی مانگەوە بپێورێت، و لەسەر ئاستی زاراوەییشەوە بەهۆی چرکە، ڕۆژ، و ساڵ و ... هەستپێبکرێت، لەبواری سۆزی مرۆڤایەتیشەوە، کات ئەو شتەیە کە تێدەپەڕێت، ئەوە کاتێك دەزانرێت، کە تەمەنی کەسەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت، کاتێك لە ترافیك دەوەستی یان لەسەرەی بەدەستهێنانی شتێکدا دەوەستی، و ...  هەست بە تێپەڕینی کات دەکەیت. کاتێك دەخوێنین، کاردەکەین، هەست بە تێپەڕینی کات دەکەین، ئاراستەی مانگ و ڕۆژ دەگۆڕدرێت، یان ئەو کاتانەی بۆ چەند چرکەیەك هەناسەدەگرین و هەروەها. "کات" ئەو ماوەیەیە کە بۆ کردنی کارێکی دیاریکراو دیاریدەکرێت، کاتی بابەتی بەهۆی دوو ڕێبازەوە دابەشدەکرێت، یەکەم، خەمڵاندنی کەسی سەبارەت بە ماوەدووری کاتی دیاریکراو، دووەم، بەهۆی تەماشاکردن و پێوانەی بازنەیی لەسەر دیاردە سروشتیەکان، بەلای Bull ەوە ئەوانە بیری جیاوازی ماوەدوورین و بریتین لە کاتی کەسیی و کاتی گشتیی و باو. مەودای کاتەکان دوو جۆرن، یەکەم ئەوانەی کە مەوداکانیاندا جێگیرکراون بە هۆی ڕێکەوتنی گشتییەوە و ئەوانەش، کە مەوداکانیان ئاڵۆز، ورد و ناجێگیرن، بەهۆی باری سەرنجی کەسییەوە دیاریدەکرێن.

کات ناوە، گەشەکردنێکی بەردەوامی بێسنوری هەبوونیی پیشاندەدات، کات کارە: ئەو ماوەیەیە، کە بارودۆخەکان لەسەری ڕوددەدەن و کۆتایشیاندێت، بۆ نمونە، دەگوترێت "کات تەواو بوو time out" بۆ تەواوکردنی کارێك، "کات بەسەرچوو"، "کاتی برد" و هەروەها، کات بیرە، واتە بیرێکی گشتییە، کە شێوە و توانای تێگەیشتن یان هەستپێکردنەکانمان بە واقیعەوە دەبەستێتەوە، کەواتە دەکرێت بگوترێت "کات" ئەو مەودایەیە، کە ڕوداوەکان لەسەری یان تێیدا ڕوودەدەن، هەمووومان پێویستمان بە کات هەیە، تا وەسفی بارودۆخەکان بکەین، کە ڕۆژانە ڕوودەدەن. لەوانە، دەگوترێت "کەی دێیت؟" دەکرێت وەڵامێکی وەك " کاژێر ۳، یان لە ۳دا چاوەڕوانم بکە" وەربگرێت، لەوەدا، چەند شتێك ڕۆڵیان لە پێوانە و دیاریکردنی ئەو ماوەیەی، کە دواتر کردەی "هاتن"ەکەی تێدا ڕوددەدات، هەیە، دەشێت لە سەر خاڵێك لە سەرەتا، ناوەڕاست یان کۆتایی کاژێر ۳دا ڕوودات و کردەوەی "چاوەڕوانکردن" یش هەر لەوێ کۆتایی پێبێت.

### 1.2 کاتە گۆری کات

مرۆڤەکان، کات بەکار دەهێنن تا بزانن لەکۆی شەو و ڕۆژ دەست پێدەکات و کەیش و کۆتاییان دێت،  بە هۆی کاتەوە هەموو ڕوداوەکانی ڕابردوو بەخەیاڵی خۆماندا دەهێنین، و وەك ئەزموون بەوانەی داهاتوویانەوە دەبەستینەوە، کات هاریکارە لە ڕێکخستنی  ئیشوکاری کەسەکان و دانانی پلان بۆ کاتی دەسپێکردن و کۆتایی پێهێنانیشیان، بۆ وتنی ئەوەی دەیانەوێت، بیلێن کات بەکاردەهێنن، و، بۆ نمونە،"چەند جار ئەوەم وت"، بۆ دووبارەکرنەوە و لە بری ژمارەش بەکارهاتووە، "کات" بەکاردەهێنرێت تا پێمان بڵێت، کە ڕوداوێك ڕوویداوە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە ڕووداندایە یان خەریکە ڕووبدات، دەگوترێت "لەکاتی خۆیدا دێم یان مانگانەکە دێنم"، ئەوانە ئاماژەن بۆ وردبینی و بەجێگەیاندنی ئەرکەکان لە کاتی خۆیاندا.

گفتوگۆ سەبارەت بە سروشتی "کات"، و ئەوانەی، کە پەیوەندیان بەکاتەوە هەبووە لە فەلسەفەدا بە فیچەرکراون، و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە گرنگیان پێدراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە و چەندان نامە و نوسراویتر سەبارەت بە "کات"، کە پوختەیەك لە باری سەرنجی هەندێك بیرمەند و بیروڕا و ناونیشانی سەرەکی لە فەلسەفەی کاتدا پێشاندراوون، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، هێشتا ناتوانین بە تەواوی پیناسەیەکی ورد و تەواوی "کات" بکەین، بۆ نمونە، لە "باوەڕ بوون بە چارەنوس[١] Fatalism "، هەموو ڕوداوەکان لە پێش "کات"ەوە بڕیاریان لەسەر دراوە، و Fatalism و کورتکردنەوە و پوختەکردنگەرایەتی reductionism، لێکدانەوەی پڕاکتیکی و وەسفکردنی دیاردەیەکی ئاڵۆز، لە بوار و مەودای دیاردەیەك، کە بەردەوام بێت تا ئاستێکی سادە یان زۆر بنچینەیی پێشکەشبکات.

### 1.3 ڕونکردنەوەی پێویست لەسەر کات

بە سەرنجان لە گرنگی و فراوانی سنوری "کات" لەدەرەوەی ئەو کاتەی، کە بە هۆی فۆڕمی تێنسی کارێکی دیاریکراوەوە دادەنرێت، دەکرێت "کات" وا لەبەر چاوبگرێت وەك ئەوەی مەودا و مەیدانی تێنس بێت، واتە، ئەو مەیدان و ناوچە پانوپۆڕەی، کە تێنس، ئەسپێکت و موود و بارودۆخە جیاوازەکان تێیدا هاوبەشن، هەر کەس و لایەنێك، لە هەر دانەیەك لەو کاتەگۆڕیانەی سەرەوە بدوێت، دەبێت لە بنیاتی سیمانتیکییەکانیاندا ڕۆڵی "کات" لەبەر چاوبگرێت، بایەخی "کات" پەیوەست بە کردەوەی قسەکردن لە هزر و بیرەوەری و باری سەرنجی هەر یەك لە ئێمەدا هەیە. لە هەموو بارەکاندا کاتی قسەکردن سەنتەری دەستپێکردنەکانە، قسەکەر لەوێوە ئاوڕ لەو بارودۆخانە دەداتەوە، کە پێش کاتی قسەکردن ڕوویانداوە و پێشبینی ئەوانەش دەکات، کە لە دوای قسەکردنەوە دەشێت ڕووبدەن، ئەوانە هەموو لەسەر هێڵی کاتێك ڕودەدەن، کە لە دێر زەمانەوە هاتووە و بەرەو ئایندەیەکی ناچاوەڕوانکراو درێژدەبێتەوە، بە واتایەکی تر یەکێك لەو کاتانە بریتییە لەوەی، کە خودی کردەوەی قسەکردن لەسەری ڕوودەدات، دووەم، دەستەیەکی گەورە لەو کاتانەی، کە ڕوداوی جیاواز لەسەری ڕوودەدەن، بە واتای ئەوەی، ئەو ڕووداوانەی لە کردەوەی قسەکردندا ناویانبراوە، سێیەم، هەموو ئەو کاتانەی بەدەر لەکاتی قسەکردن دەگرنەوە، کە وەك خاڵی جێگرەوەی ئاماژەکردن بۆ کاتی قسەکردن ڕەفتاردەکەن، ئەو خاڵە جێگرەوانەی ئاماژەکردن بریتین لە کاتی بارودۆخەکان بەدەر لە ئەو دانەیەی خودی قسەکەر لەبارەیەوە قسەدەکات، ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت، کە دیاریکردنی خاڵەکانی تری ئاماژەکردن گرنگی و بەهای تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە قسەکەر ناتوانێت، نابێت و هەمیشە داوای لێ نەکراوە کە تەنها قسە سەبارەت بەو بارودۆخانە بکات، کە خۆی تێید قسەدەکات وەك بەشێك لە ئەزمونی خۆی، قسەکەرەکان دەتوانن هەر کاتێکی تر هەڵبژێرن و ئەو کاتەش وەك ئەوەی بە شێوەیەکی دەستوری ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەکاریبهێنێت، ئەو سێ دەستە کاتانە لە

---

[١] سەبارەت بە چارەنووس، لە بواری فەلسەفەی "کات" لە لایەن ئەو کەسانەوە بەرهەمهاتووە، کە باوەڕیان وایە و وای لێتێگەیشتوون کە هەر شتێك و هەر کاتێك ڕووبدات، ئەوەی لە داهاتوو یان پێشتر، ئەوە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە و توانای خۆڵێقوتارکردنی نییە، ئەوانە لەسەر دوو بنەما بیرەکان دادەمەزرێنن، بۆ نمونە، (ا) هەر ناوەرۆك، باس و پێشنیارێك سەبارەت بە هەر شتێك کە دەشێت لە ئایندەدا ڕووبدات، و (ب) ناوەرۆکەکان دەبێت ڕاستبن یان درۆ.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بیرەکانی زمانەوان Reichenbach, ەوە گەشەیانکردووە، و ئەوانەش بە شێوەیەکی نەریتیی پێیان دەگوترێت، کاتی قسەکردن، (S) کاتی ڕودانی ڕوداو (E) و کاتی ئاماژەکردن (R)، لێرەدا سێ "کات" دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بە مەبەستی دیاریکردنی سێ پۆل کاتەگۆری سیمانتیکی، کە لە سیستێمی نیشانە ڕێزمانیەکانی inflection زمانە جیاوازەکانی مرۆڤدا دەبینرێن، لەو بوارەدا سێ کاتەگۆری هاوبەشن، لەوانە، تێنس، ئەسپێکت و موود، هەر یەك لەو سێ کاتەگوریانەش پەیوەستن بەکاتەوە بە ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆیان ڕەفتاردەکەن، بۆ نمونە، کاتەگۆری *ئەسپێکت* کاتی بارودۆخەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی ئاماژەکردن، کاتەگۆری *تێنس* کاتی بارودۆخەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی قسەکردن، کاتەگۆری *موود* کاتی بارودۆخەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی قسەکردن، لەهەر یەك لەو بارانەدا دوو لەو کاتانە بەکاردەهێنرێن، تا خاڵی کاتیی باری سەرنج بدەن لەسەر ئەو بارودۆخەی کە لە کاتی تردا بوونیان هەیە، "کاتەگۆری تێنس کاتی قسەکردن خاڵی باری سەرنجە، کە لێیەوە بارودۆخەکە لە (سەر) کاتی ئاماژەکردن لەبەرچاودەگیرێت، لە کاتەگۆری ئەسپێکتد کاتی ئاماژەکردن بریتیە لە خاڵی باری سەرنج، کە لێیەوە بارودۆخەکە لە کاتی ڕوداندا لەبەرچاودەگیرێت، کاتەگۆری دۆخ status category، کاتی قسەکردن دووەم خاڵی باری سەرنجە، کە لێیەوە بارودۆخەکە لە کاتی ڕوداندا لەبەرچاودەگیرێت"، (Johnson 1981: 148)

پەیوەندیەی کاتەگۆریەکان بۆ کات لەو دیاگرامەی خوارەوەدا، کە لە Johnson وەرگیراوە، دەخرێتە ڕوو

دیاگرامی (٢)




لەو بارەوە دوو (کەس) لەوانەی کاتی ماوە دووری و کورتخایەن، لە بری تێڕوانیەکانی Reichenbach سەبارەت بە بیری خاڵێکی تاك لە کاتدا بەکاردەهێنن. یەکەمیان ماوە دووری کات لە ڕێگای دەستەی بیردۆزی ستاندارددەوە دیاریدەکەن، وەك ئەوەی دەستەیەك بێت لە کات و بۆشایی لە نێوان ئەندامانی ئەو دەستەیەدا نەبێت، لە کاتێکدا کاتی کورت خایەن وا دیاریدەکرێت وەك دەستەیەك لە کاتی تەنها یەك چرکەیی، کەواتە ماوەی کورت خایەن، جۆرێکی تایبەتە لە ماوەدووری.

بە شێوەیەکی گشتی کار زیاتر بە ماوەدرێژی دەکرێت لە لێکدانەوەکاندا، چونکە ئەو کاتەی، کە ڕوداوەکان لەسەری ڕوودەدەن بە شێوەیەکی نۆرماڵ درێژترە وەك لە خاڵێکی تاك لە کاتدا. بەچاوپۆشین لەوەی، کە هەندێك ڕوداو پێویستیان بە ماوەی کورتخایەن هەیە، "کات"ی ڕودان بریتییە لە کاتێکی ماوەدرێژ، زمانەوانەکانە بیری کاتی قسەکردن وا دیاریدەکەن وەك ئەوەی تەنها چرکەیەك بێت لە کاتدا، و بەلای هەندێکی ترەوە ئەو سنوردارکردنە جۆرێك لە تەشویش دروستدەکات، بە گشتی بۆچوونەکان لەسەر ئەوەن، کە S چرکەیەك بێت لە کات و E بریتیبێت لەو کاتەی کە ڕوداوەکان لەسەری ڕوودەدەن، ئەو کات پرسیاری ئەوە دەکرێت، کە چ بەها و ئەرکێك بۆ R دادەنرێت، دیارە، ئەوە وەك خاڵی ئاماژەکردن مامەڵەدەکرێت، کە قسەکەر


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەك جێگرەوەیەك بۆ کات بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ کاتی قسەکردن بەکاریدەهێنێت، وەك ئەوەی کاتی هەندێك بارودۆخ بێت لە بری ئەو کاتەی، کە قسەکەر دەیەوێت وەسفی بکات، کەواتە R وەك ماوەیەکی کورت لە کاتدا مامەڵە دەکرێت، لەو شوێنانەی، کە سیمانتیکی دەربڕینەکان داوای پێچەوانەکردنمان لێناکەن. دیاگرامی (٣)




لەو دیاگرامەی سەرەوەدا E وەك ماوەدرێژی کات و R و S وەك کاتی کورت خایەن مامەڵەدەکرێن، و پێمان دەڵێت کە کاتەگۆری *تێنس* کاتی قسەکردن بەکاردەهێنێت تا گۆشە نیگای کاتی پێشکەشبکات لەسەر بارودۆخەکە لە کاتی ئاماژەکردندا، کاتەگۆری *ئەسپێکت* کاتی ئاماژەکردن بەکاردەهێنێت تا گۆشەنیگای کاتی لە سەر بارودۆخەکە لە کاتی ڕودانەکە پێشکەشبکات، و کاتەگۆری *موود* کاتی قسەکردن بەکاردەهێنێت، تا گۆشەنیگای کاتی لەسەر بارودۆخ لە کاتی ڕوداوەکەوە پیشانبدات.

## 1.4 کات و دەربڕینی بیریی کات

### 1.4.1 کات و کەرەستە زمانییەکانی تر

لە زماندا ژمارەیەك لە کەرەستەی زمانی ئەرکی ئاماژەکردن و دیاریکردنی ماوە دووری "کات"ی ڕوداوەکان دەبینن، بۆ نمونە، لە ڕستەیەکی وەك:

(١) باپیر دوێنێ ڕایکرد.

لە (١)دا وەك دەردەکەوێت بە سێ ڕێگای جیاوازەوە ئاماژە بۆ کات کراوە، یەکەم، نیشانەی تێنسی ڕابردوو (-ت)، کە ئاسایی لەکوردیدا دەچێتە سەر قەد و پێمان دەڵێت کە کردەوەی "ڕاکردن" لە کاتێکدا بووە، کە دەکەوێتە پێش کاتی قسەکردنەوە، دووەم، خودی کارەکە "ڕاکردن" لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە، پێرفێکتە، قسەکەر لەدەرەوە سەرنج لە بارودۆخی ڕاکردن دەدات، و بەشێك لە ئەزمونی ئەو پێکناهێنێت، لەوەوە تێدەگەین کە بارودۆخەکە پێش کاتی قسەکردن ڕوویداوە، جۆری بارودۆخ چالاکیە، ئەتێلیکە و دەشێت ماوەیەك لە کاتدا بخایەنێت، واتە کورت خایەن نییە، سێیەم، ئاوەڵکاری دوێنێ بەهەمان شێوە پێمان دەڵێت، کە چالاکی "ڕاکردن" لە کاتێکدا ڕویداوە، کە دەکەوێتە پێش ئەو کاتەی ئێمە قسەی تیادا دەکەین، کە ئەمڕۆیە، هەموو ئەوانە هێشتا پێمان نالێن ماوەدووری چالاکی "ڕاکردن" چەند لە سەر سەرجەم ماوە دووری دوێنێ، کە بە ١٢ بۆ ٢٤ کاژێر مەزندە دەکرێت، داگیردەکات، هەر یەك لەو کاتەگۆریانە بە شێوەیەکی سیمانتیکی سەربەخۆن، بەڵام دەکرێت فۆڕمێکی دیاریکراو لە باری سەرنجی چەندان کاتەگۆری جیاوازەوە لێکبدرێتەوە، ئەوەی پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لێك جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە نیشانەی تێنس وەك نیشانەی ڕێزمانی لە ڕابردوودا دەچێتە سەر قەد، و ئەرکی باسکردنی بارودۆخ لە ڕابردوودا بە فۆڕمەکە دەدات، لە کاتێکدا "دوێنێ" وەك ئاوەڵکاری کات دەشێت ئاوەڵکاری ڕستەبێت.

بەلای Dowty (1987) ەوە ئەوەی لەسەرەوە وتراو و لێکدرایەوە، دەبێت پێداچونەوەی بۆبکرێت، سەبارەت بەوەی کە "تێنس" و "ئاوەڵکاری کات" لە (١)دا بە شێوەیەکی ڕێزمانی دەبێت دوو ڕەگەزی سەربەخۆنەبن،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەلانی کەمەوە لە بنیاتی سیمانتیکیەکانیاندا، ئەوە ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا وەها ڕستەیەك بخرێتە ژێرلێکۆڵینەوەوە، وەك ئەوەی Montague پێشنیاری دەکات، بەڵکو پێویستە ئەوانە پێکەوە بەشێوەیەکی بنیاتی کاتیگۆریکەڵی، و بەهۆی یاسای سینتاکتیکی تاکەوە، پێشکەشبکرێن، Dowty باوەڕی وایە، کە، "لە ڕاستیدا ئاوەڵکارەکانی وەك "دوێنێ" و "لە سێشەممە"دا وەك ئەندامی کاتەگۆری ئاوەڵکار مامەڵەدەکرێن، و ئاماژە بۆ (دەستەیەك لە دەستەکانی) ماوەدوری کات دەکەن"   (Dowty 1987:25) ، هۆکاری ئەوەی ئاوەڵکارە کاتیەکان، کە ئەو جۆرە لە پەیوەندی دەخەنە ڕوو لە بری ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ماوە دووری بکەن، هەمان هۆکارە، کە فرێزێکی ناوی وا وەردەگیرێت وەك ئەوەی ئاماژە بکات بۆ تایبەتمەندێتی تاکەکەکان، لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ خودی تاکەکە بکات، – بە مەبەستی وەرگرتن و بەدەستهێنان و دیاریکردنی چەندێتی ئەسپێکتی واتای فرێزی ناویەکان، بە هەمان شێوە ئاوەڵکارە کاتیەکانیش دیاریکردنی قەوارەی ئەسپێتی لەخۆدەگرن، Dowty هاوکێشەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە وەردەگرێت سەبارەت بەوەی کە ئاوەڵکاری "لە سێشەممەدا"، on Thursday پێویستە ئاماژە بۆ دەستەیەکی لە کۆی هەموو دەستەکان بکات، کە ماوەدوریەك لەمەودای سێشەممەدا لەخۆدەگرێت:

[[لە سێ شەممەدا ]] i = دەستەیەکە (لە نێوەندی) هەموو دەستەکان، هەردەستەیەك ماوە دوریەکی تایبەت لە مەودای سێشەممەدا بەخۆوە دەگرێت.

یەکەم، لەگەڵ ئاوەڵکارە کاتیەکان پێویستمان بە مەودایەکی هەمەجۆر و جیاواز هەیە لەسەر ماوەی کاتەکان، بۆ نمونە، t′, t′′, t′′′ و هەروەها، دواتر پێویستمان بە پەراوێزێکی جێگیر t* دەبێت، کە هەمیشە ئاماژە لە سەر هەر ماوەدوریەکی i دەکات، و خودی ماوەدوری لە "سێشەممە"دا بریتیە لە کاتی t وەك ئەوەی، کە t زوتر بێت لە t* و ڕستەی "باپیر ڕایکرد" ڕاستە لە سەر tدا.

ئەوەی سەرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دانەیەك لە کاتەکان لە مەودای "سێشەممە"دا بریتییە لە کاتی t′ وەك ئەوەی t زوتربێت لە کاتی t* و ڕستەی "پاپیر ڕایکرد" ڕاستە لەکاتی t دا.

وای دادەنێ کە ئاوەڵکاری "دوێنێ" و لە "سێشەممە"دا ئەندامی کاتەگۆری ئاوەڵکاری کاتین، و ئاماژەدەکەن بۆ (دەستەیەك لە دەستەکانی) ماوە دوریەکانی کات.  دیاگرامی (٤)

دیاگرامی (٤)




لە ڕابردوودا جۆری کار، بۆ نمونە، تێپەر، تێنەپەڕ، جۆری بەرکار و جۆری بارودۆخ هاوکارن لەوەی ئایا بارودۆخەکە سەرجەم ماوە دوری کاتەکە داگیر دەکات یان نا، بۆ نمونە،


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

(أ) ئازاد سەعات یەك نانی خوارد.

(ب) بەندکراوەکە سەعات سێ ڕایکرد.

(ت) ئازاد سەعات سێ کلیلەکەی دۆزیەوە.

(پ) ئازاد سەعات سێ هەواڵەکەی زانی.

لە (ا)دا ئاوەڵکاری کاتی "سەعات یەك"دا ئاماژە بۆ شەست خولەك دەکات، ماوە دووریەکەی دەکەوێتە نێوان کۆتایی سەعات دوازدە و سەرەتای سەعات دوو، کردەوەی "نانخواردن" ماوەیەك دەخایەنێت، دەشێت لە بیست خولەك بۆ نیو کاژێر، و هەندێك جاریش سەعاتێك بخایەنێت، بە هەموو حاڵەکان هێشتا بەلامانەوە زەحمەتە بزانین داخوا لەسەر کام دەستە لە دەستە کاتەکانی ماوەدووری سەعاتێك "نان خواردن" ڕویداوە، واتە، دەشێت لەسەر یەك لە $t', t'', t'''$ لەسەرجەم ماوە دوری tدا ڕویدابێت، لە (ب) دا بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە چالاکی "ڕاکردن" ماوەیەکی کورتی لە کات خایاندووە، بەڵام زانیاریمان ناداتێ سەبارەت بەوەی لەسەر کام بەشە کات لە سەرجەم کاتی t ، کە شەست خولەك دەخایەنێت، ڕویداوە، سەرەتا، ناوەڕاست یان کوتایی سەعات سێ، بە ڵام ناڕاستەوخۆ لەوە بەئاگاین، کە کردەوەی "ڕاکردن"، لە کۆی دەستە کاتەکانی سەعات "سێ"ی تێنەپەڕاندووە، بۆ نمونە، لەسەر دەستەکاتی $t'$ ، لە (ت) دا "دۆزینەوە" کاری بەدەستهێنان و تێلیکە، مەبەست بەدەستهاتووە، لە سەر بەشێکی بچوکی سەرجەم ماوە دووری t دا ڕویداوە، تەناتەت لەسەر بەشێکی بچوکیش لە دەستەکاتەکان، بۆ نمونە، $t'$ دا، لە (پ) دا گەرچی "زانین" وەك کارێکی ستەیتیف و ئەتێلیك ماوەیەکی دوورودرێژ لە دوی ڕودانەکەیەوە دەخایەنێت بەڵام خودی "زانین" لە سەر بەشێکی بچوکی سەر جەم کاتی t داڕودەدات ، "زانی" خوێندنەوەیەی پەلاماری و چوونەناوەوەی بارودۆخی تازە و نوێ دەگەنێت، کە دەشێت دووبارە لەسەر بەشێکی بچوکی ماوەدووری t دا ڕویدابێت، ئەوەی ئەم کارە لە کارەکانیتر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە "زانین" ئەگەر لە سەرەتای سەعات سێوە ڕویدابێت دواتر بارودۆخی زانین تێکرا هەموو بەشەکاتەکانی t دەگرێتەوە و هەروەها. سەرنج لەو کارانەی لای خواروە بدە

(أ) دوێنێ ئازاد کلیلەکەی ونکرد

(ب) دوێنی ئازاد باوەڕیکرد کە من نامەکەم نەنوسیوە

(ت) دوێنێ ئازاد ڕایدەکرد.

(پ) دوێنی ئازاد پەنجەرەکەی دروستکرد.

ئەو ماوە دووریە کاتیەی، کە لە هەر یەك لەو بارودۆخانەی سەرەوە دەیخایەنێت جیاوازە لە (ا) ەوە بۆ (پ) بەپێی جۆری بارودۆخ، بە چاوپۆشین لەوەی، کە لە فۆڕمی تێنسی نا-سادەی هەر یەك لە کارەکان لە ڕستەکانی سەرەوەدا، بەشی کاری بریتیە لە کاری بەیاریدەی "کرد-do"، بەڵام، بەشی-ناکاری لە بەندی زمانی جیاوازەوە پێکهاتووە، بۆیە جۆری بارودۆخی جیاواز بەرهەم هاتوون، کە هەر یەکە و بە پێی بنیاتی سیمانتیکیەکەی وەسفی بارودۆخێکی تایبەت دەکات، کە لە ڕووی بەردەوامیەوە جیاوازە لە ئەوەکەیتر، بۆ نمونە، لە (ا)دا بەهۆی مۆڕفیمی "ون"ەوە سەرجەم کارەکە خوێندنەوەی تێلیك و بەدەستهێنان achievement وەردەگرێت، بۆیە دەشێت سەرجەم بارودۆخی ونکردنەکە وەك تاك و چرکەسات یان کورتخایەن لە سەر خاڵێك لە خاڵەکانی ماوە دووری "دوێنێ" کە دەکەوێتە پێش کاتی "ئەمڕۆ"وە ڕوبدات، زیاتریش لەوە خوێنەوەی تێلیك دەدات بە

ڕستەکە، لە (ب) دا "باوەڕ" خوێندنەوەی ستەیتیف و ئەتێلیك دەدات بە بەشی کاری "کردن"، کە دەشێت لە ماوەیەکی کورتدا ڕوبدات بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بخایەنێت، تاقەگرفتێك کە هەبێت، لەوەدایە کە نازانرێت باوەڕکردنەکە لەسەر چ چرکە سات لەسەرجەم دەستە کاتەکانی "دوێنێ"یان ڕویداوە، ئەگەرنا هەموو کاتەکان دەگرێتەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش درێژ دەبێتەوە، لە (ت) دا پێشگری "ڕا" خوێندنەوەی چالاکی دەدەدات بە "کردن"، کە دەشێت لە سەر چەند بەشە پێکهێنەری کاتەکانی "دوێنێ" ڕوبدات و درێژبێتەوە، دواتر لە خاڵێك لەسەر دەستەکاتەکانی "دوێنێ" دا چالاکیەکە بووەستێت بەبێئەوەی بگاتە مەبەست، بۆیە خوێندنەوەی ئەتێکك وەردەگرێت، لە (پ) دا بەشی نا-کاری "دروست"، خوێندنەوەی بەجێهێنان دەدات بە ڕستەکە و سەرجەم کارەکە وەسفی بارودۆخێکی درێژخایەن دەکات، و دەشێت سەرجەم دەستە کاتەکان، کە دوێنێ پێکدەهێنن بگرێتەوە، و خوێندنەوەی تێلیکیش دەدات بە فۆڕمی تێنسی کارەکە.

### 1.4.2 فۆڕمی کارەکان و ئاوەڵکاری کات

فۆڕمی تێنسی کارەکە ڕۆڵی خۆی هەیە سەبارەت بە گونجان و نەگونجان لەگەڵ ئاوەڵکاری دیاریکراو، بۆ نمونە، ڕانەبردووی پێرفێکت، تا ڕادەیەك جیاوازە لە فۆڕمی تێنسەکانیتر، ئەو فۆڕمە زیاتر گونجاوە لەگەڵ جۆرێك لە ئاوەڵکار کە ئاماژەدەکات بۆ کاتی حازر، بۆ نمونە، سەیری ئەو ڕستەیەی لایخوارەوە بکە،

(١) باپیر ئێستا ڕۆیشتووە/هاتووە

ڕستەی (١) کاتی ڕۆیشتنی باپیر لە هەندێك کاتی ڕابردوو نەك ڕانەبردوودا دادەنێت، لە پاڵ ئەو ئاوەڵکارەوە هی تریش هەن، بۆ نمونە، "لە ١٩٤٨ ەوە"، "بە درێژای پێنج ساڵی ڕابردووەوە"، و "تا ئێستا" و ... هەر یەك لەوانە لەگەڵ ڕانەبردووی پێرفێکتدا دەگونجێت، و جەت لەسەر کاتێك دەکاتەوە، کە کارەکەی بەردەوام ڕاستە تا دەگاتە کاتی ئێستا و دواتریش، لەهەمان کاتدا ئەو ئاوەڵکارانە گونجاونین لەگەڵ تێنسی ڕابردوو، وەك (١) و (ب)دا

(أ) باپیر لە ٢٠٠٣ ەوە سلێمانی بەجێهێشتووە (ڕانەبردووی پێرفێکت گونجاوە).

(ب) باپر لە ٢٠٠٣ ەوە سلێمانی بەجێهێشت. ( ڕابردوو نەگونجاو).

زمانەوانەکان، لەوانە (Bennett 1997 و Partee ، Robert McCoard (1987) و ژمارەیەك لە زمانەوانەکانیتر لە ( Dowty (1987:27 ەوە، لەسەر ئەوەن ڕێگەی گونجاو سەبارەت بە مامەڵەکردنی ڕانەبردووی پێرفێکت، کە ڕستەکە ڕاستە لە (یان دەشێت لە مەودای) ئەو شتەی کە پێی دەگوترێت "درێژ بوونەوەی ئێستا -extended now"، بەواتای ئەوەی ماوە دووریەك کە لە ڕابردووەوە دەستپێدەکات و درێژدەبێتەوە تا ئەو کاتەی کە کاتی قسەکردن لەخۆبگرێت. ئەو شتەی کە ئاوەڵکارێکی وەك "لە سێشەممەوە" دەیکات بە پێی زمانەوان Bennett and Perett ئەوە وەك "درێژ بوونەوەی ئێستا"یە، ئەو دیاگرامە لە Dowty (1987:27) ەوە وەرگیراووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دیاکرامی (٥)**




یاسای سیمانتیکی ئاوەڵکارێکی لەو جۆرە وا وەسفدەکات وەك "درێژکراوەی ئێستا" و دەکرێت بە ڕەمزێکی وەك "دێ" واتە EN کە بە "extended now" ناوببرێت، بە لای Wilson (1977) ەوە تێنس پێویستە فیچەری سینتاکتیکی هەبێت لەسەر گرێی تەواوکەر، و دەکرێت لە دیاگرامی ( )دا پێشکەشبکرێت، کاتێك، کە تەواوکەرەکە حوکمی هەردوو ئاوەڵکاری کاتی و نیشانەی تێنسەکەش دەکات.

دیامی (٦)




بەلای هەندێك لە زمانەوانە سیمانتیکیە بەرهەمهێنانەکانەوە ئەوەیە، کە تێنس پێویستە بە هیچ جۆر لەسەر بنیاتی ئەساسی دەرنەکەوێت، بەڵکو پێویستە لەبری ئەوە بە شێوەیەکی گواستنەوەییبێت، کە گونجاوە لەگەڵ ئاوەڵکاری ئێستادا، بەواتای ئەوەی وەك جۆرێك لە "نیشانەی ڕێککەوتن"، بۆ ئاوەڵکاری کاتی. ئەوەش هەندێگ گرفت دروستدەکات بە تایبەت لەو ڕستانەی وا لەبەرچاودەگیرێن وەك ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوکەشی بەتەواوی پێشکەش نەکرابن. پێشنیاری تر لەلایەن Partee (1973) و Cooper لەوەدایە، کە مامەمەڵەی تێنس بکرێت وەك ئەوەی هەمیشەگۆڕێکی ئازاد و لەیەکچوو بۆ ڕاناوەکان.

## 1.4.3 تیۆری کات و بەهای ڕاستی

دەکرێت بپرسین چۆن تیۆری "کات" ڕێگایەك هەڵدەبژێرێت، کە ڕاستی "کات"ی ڕستەکانی تیادا دیاریدەکرێت لەو بارەوە Farkas: (2008:269) دەڵێت "تیۆری کات بریتیە لە تیۆری سروشتی کاتی ڕاستی، و لەهەمان کاتدا ڕاستی کات بەهای ڕاستی کاتی ڕستەکان دیاریدەکات". Farkas باوەڕی وایە، کە هەڵگری سەرەتایی بەهای-ڕاستی، دەربڕینەکان نین، بەڵکو ڕستەکانن کە لەبواری "کات"دا دەخەملێنرێن. "ڕاستی کات"ی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕاستی کاتی ڕوداو و بەهای‌ڕاستی ڕستەی کاتی دیاریدەکات، واتە کاتی ڕستەکان دەردەبڕێت، "ڕێواسم خوارد" ئەوە ڕاستە کاتێك لە کاتی بەهاردا دەربڕدرا، و زمانی کاتی هۆکاری هاوبەشی بیری کەسەکان و زانیاری سەبارەت بە کات لەگەڵ شتەکانیتردا پێشکەشدەکات، لێرەوە، دەکرێت دوو جیاوازی دیاریبکرێن:

**یەکەم،** فیچەر و ڕوخساری کاتی ڕوداوەکان لە هەموو زامانەکاندا دەتوانرێت بەهۆی دوو دەستە تایبەتمەندێتی جیاوازەوە دیاریبکرێن، کە وەك دەستە پەیوەندیەکانی "زوتر لە، دواتر لە، و هاوکات لەگەڵ" مامەڵەدەکرێن، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەو پەیوەندیانە ئەوەیە، کە بەدرێژایی کات ناگۆڕدرێن، بۆ نمونە، ئەگەر ڕوداوێك لە ڕابردوو، ڕانەبردوو یان داهاتوودا بێت ئەوە هەمان شتە، بۆ نمونە، "نازەنین چا لێدەنێت".، کردەوەی "چاڵێنان" هەمان ماوەی کات دەخایەنێت لە ڕابردووبێت یان لە داهاتوو، دەستە پەیوەندی یان تایبەتمەندیەکانیتر چەندان کاتەگۆری وەك "بوون بە ڕابردوو، ڕانەبردوو یان داهاتوو" لەخۆدەگرن، بە پێچەوانەی دەستەی یەکەمەوە ئەو هاوپۆلکردنە بە درێژایی کات دەگۆڕدرێن، بۆ نمونە، ڕوداوێك، کە جارێك ئایندەیە، دواتر دەبێت بە ڕانەبردوو، و لە کاتی ئێستادا دەبێت بە ڕابردوو. بۆ نمونە، " لە ٢٠١٦/٣/١ پەردە لەسەر پەیکەری شێرکۆ بێکەس هەڵدەدرێتەوە" ئەوە بۆ ٣/١ دەبێت بە ڕانەبردوو دواتر بۆ ٣/٢٠ دەبێت بە ڕابردوو، (McTaggart) لە (Farkas 2008:270) ەوە باوەڕیوایە، کە زنجیرە ڕوداوەکان بەپێی پەیوەندیەکانیانەوە ڕێکخراون، زنجیرەی B ئەو ڕیکخستنەیە، کە بەپێی کاتەگۆریەکانی دەستەی دوومی زنجیرەکانی A ەوە بە فۆڕمکراوە، هەقیقەتێك پەیوەست بە شوێنی ڕوداوێك لە زنجیرەی Bدا بریتیە لە هەقیقەتی B، هەقیقەتێك پەیوەست بە شوێنی ڕوداوێك لە زنجیرەی Aدا ئەوە هەقیقەتی A ە.

**دووەم:** فیچەری کاتی ڕوداوەکان دەتوانرێت بە هۆی ئەو ڕستانەی تێنسدارن و ئەوانەش تێنسدارنین ڕاپۆرتیان لەسەر بدرێت. [٢] Tense and tenseless ئەو ڕستانەی تێنسیان هەیە بریتین لەوانەی، کە بەهای‌ڕاستیەکەیان پشت بەو کاتە دەبەستێت، کە تیایدا بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوە، ئەو جۆرە ڕستانە ناتوانرێت بەشێوەیەکی ئازاد و بە درێژایی کات دووبارەبکرێنەوە بەبێ چاوەڕوانکردنی گۆڕان لە بەهای‌ڕاستیەکانیاندا، بۆ نمونە، ئەگەر لە کاتی زستاندا بگوترێت "چیای پیرەمەگرون بە بەفر داپۆشراوە" ئەوە زەحمەتە هەمان ڕستە بەهای‌ڕاستی بەخۆوەبگرێت ئەگەر لە هاویندا دووبارەبکرێتەوە. ئەوەی ڕستە خاوەن تێنسەکان لە نا‌تێنسەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە یەکەم کاری تێنسی وەك (بوون و ڕاکردن) لەخۆدەگرێت، و زۆرجاریش هەندێك دەربڕینی وەك "ئێستا"، لەکاتی ئێستادا، یان "بەیانی" لەخۆدەگرن. بە پێچەوانەوە، ڕستە بێتێنسەکان، دەتوانن بە ئاسانی دووبارەببنەوە و بەهای‌ڕاستەیکانیش هەروەك خۆیان بمێننەوە.

کارەکان لە ڕستەی بێتێنسدا دەبێت بەشێوەیەکی بێ‌تێنسی بزانرێن، بۆ نمونە، بۆ "ڕستەی بێتێنسی ئەو ڕستانەن، کە پەیوەندیەکان لە زنجیرەی B دا دەردەبڕدرێن، بۆ نمونە، "٤٥ هەمینی ئۆڵمپیەکان (بە شێوەیەکی بێتێنسی) زۆرتربوون وەك لە ٤٦ هەمینی ئۆڵۆمپیەکان" (Farkas 2008: 271). یان ئەو ڕستانەی، کە مێژووی ڕوداوەکان دەدەن، "مێژووی شەڕەکانی واتەرلۆ (بێ‌تێنس) ١٨١٥ ە، یەکەم جیاوازی لە نێوان A و B

[٢] ئەو زاراوەیە لە ڕێزمانی گشتیدا بەکارهاتووە تا ئاماژەبکات بۆ کلۆزێك کە کارێکی تیادایە و جیاوازی تێنسی دەردەبڕن (بۆ نمونە، ئەوە دیاریکراوە) ئەوە جیاوازە لەگەڵ "نا‌تێنسی"دا واتە ئەو کلۆزەی کە کاریتیادا نیە تا جیاوازی تێنسی دەربڕن. مەرجی ڕستەی‌تێنسدار لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا ئەوە دیاریدەکات کە پێکهێنەرێك ناتوانێت بجوڵێت یان بۆ ڕستەی ناسەرکی تێنسدار. Crystal David 1992:349


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

میتەفۆڕیە و سەبارەت بە فیچەری ڕوداوەکانە. دووەم — لە نێوان تێنسدار و بێتێنسەکان — سیمانتیکیە و سەبارەت بەو ڕستانەیە کە باس یان ڕاپۆرت لە فیچەری کاتی ڕوداوەکان دەدەن. بەهای ڕاستی ڕستە تێنسیەکان بە درێژایی کات دەگۆڕدرێن، بۆیە شوێنی ڕوداوەکان لە زنجیری **A** دان و هەمان ڕەفتار وەردەگرن. بەهای ڕاستی ڕستە بێتێنسەکان بە درێژایی کات ناگۆڕدرێن و هەروەها شوێنی ڕوداوەکان لە زنجیرەی **B**دان. لە کۆتایدا ئەوە هەڵدێنجرێت، کە ڕستە تێنسیەکان بارودۆخی A دەردەبڕن و ڕستە بێتێنسەکان بارودۆخی B دەردەبڕن. کەواتە زنجیرەی A ڕاستە، و بەومەرجەی، کە هەر ڕستەیەکی تێنسی هەمیشە ڕاستبێت. بۆیە دەبێت بارودۆخی Aبەدەستدبێت، سەرەنجام دەبێت هەقیقەتێك لە وێنەی A دا هەبێت. و پاشان بە دڵنیاییەوە دەگوترێت کە زنجیرەی A ڕاستە.

### 1.4.4 تێنس، ئەسپێکت و ئاوەڵکاری کاتیی

بە شێوێن Richard و Pattern دا، بەو هیوایەی بتوانرێت، کە جۆرێك لە هاوبەشی سیمانتیکی جیابکرێتەوە، کە تێنس، ئەسپێکت و ئاوەڵکاری کات بۆ بەهای ڕاستی ڕستە بنیاتی دەنێن، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر ناوەڕۆکی بنیاتی سیمانتیکی تایبەت بە هەر یەك لەو سێ کاتەگۆریانە. زاستی سیمانتیك بە شێوەیەکی کرۆکی ماوەدووری سیمانتیکیە، بە پێچەوانەی خاڵی زۆر باوی زانستی سیمانتیکەوە. بە مەبەستی دیاریکردنی سنور لە نێوان ئەو سێ کاتەگۆریەدا دەوگوترێت، کە "تێتنس دەتوانرێت لە بواری دوو بیری گشتیەوە لێکبدرێتەوە، بیری سیمانتیکی پەیوەندیدار بە پێشینە و بیری پڕاگماتیکی ئاماژەکردنی چەقی بە ئیزافەی پاشتریشەوە".

(١) جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران وەستا.

بە هەندێك لێکدانەوە (١) بەهای ڕاستی بەخۆوەدەگرێت، تەنها و تەنها پەیوەست بەهەندێك ماوە دووری کات و ئەو ماوە دووریە بەشێوەیەکی کەرتی بە هۆی هەلومەرجی دەربڕینەکەوە بڕیاری لەسەردەدرێت. ئەگەر ڕستەی (١) لە ساڵی ١٩٨٩ دا دەربڕابێت، دوای ئەوەی جەنگەکە لە ١٩٨٨دا وەستا، کە ماوە دووریەکەی بەشێوەیەکی ئاماژەیی ئاماژەی بۆکراوە، دەبێت جێگیرکرابێت بۆ کاتێك پێش کاتی ١٩٨٩ ئەو ڕستەیە دەبێت هەڵەبێت ئەگەر ئەو جەنگە لە دوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە کۆتایی هاتبێت.

بە مەبەستی دیاریکردنی هاوبەشی دیاریکراو کە تێنس هابەشی لە بەهای مەرجی ڕاستی (١)دا دەکات، ئەوە دەکرێت ڕستەی (١) بەشێوەیەکی بێتێنس(ئاوەڵکار) پێشکەشبکرێت.

(٢) جەنگی عێراق و ئێران ڕویدا.

ڕستەی (٢) بەهای ڕاستی بەخۆوەدەگرێت پەیوەست بە ماوەدوریەکان، دەکرێت جەخت لەسەر ئەو شتە بکرێتەوە، کە بە خەیاڵدا دێت بە ڕێگەیەك، کە Richars (1987:61) فۆڕمولەیکردووە:

"دەشێت دوو ڕاستبێت پەیوەست بە ماوەدوری i ئەگەر (و تەنها ئەگەر) جەنگی عێراق و ئێران ڕویدابێت بەدرێژایی i"

بە هەمان شێوە دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەکانی Richards دا ئەوەی خوارەوە بگوترێت:

(١) ڕاستە پەیوەست بە ماوەدوری i ئەگەر لێرەدا هەندێك ماوەدوری j پێش i هەبێت وەك ئەوەی (٢) ڕاستە پەیوەست بە j.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەبارەت بە تێنس وەك سروشتی ئاماژەیی وا دەبینرێت وەك ئەوەی ڕۆڵێکی گەورە ببینێت، بەتایبەت لە جیاوازیکردنی تێنس لە ئەسپێکتی پێرفێکتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەسپێکت دەشێت وا بێتەتێگەیشتن وەك ئەوەی هاوبەشی لە ماوەدوری [٣] intervals بکات، بەو ڕێگەیەی، کە تێنس دەیکات، و "ئەوە هەڵەیە وا بیربکرێتەوە ئەسپێکت وەك ئاماژەکەر (ئیشاری) بێت، (Richard (1987:62 و دەڵێت

(٣) داوادەکەم، لە پێش سەعات ٣ تەواوی بکات.

ڕستەی (٣) لە خودی خۆیدا بۆ "کات"ی دەربڕینی ڕستەکە جێگیرنەکراوە، و لە (٣)دا ڕستەی ناسەرەکی "لە پێش کاژێر ٣ تەواوی بکات"، وا نابینرێت وەك ئەوەی بەهای ڕاستی وەربگرێت پەیوەست بە دەربڕینێك، پەیوەست بە ناوەرۆکی (٤) کاتێك دەردەبڕدرێت، بەواتایەکی تر بۆ بابەتی ڕاستیەکە. نەبوونی تێنسی پەیوەندیدار دەربرینی ئاماژەیی لە (٤) و هیتری لەو جۆرە، ئەوە لێکدەدەنەوە، کە ئاوەڵکاری دیاریکراو دەکرێت ئازادانە لەگەڵ ئەسپێکتی پێرفێکتیدا ڕوودات، بەڵام بۆ ئێستا نا، بۆ نمونە،

(٤) ئەوەی لە باپیرم پرسی ئەوەیە، کە دوێنی تەواوی کردووە

"دوێنی تەواویکردووە" باش بیناکراوە، و هیچ نەگونجانێکی سیمانتیکی نییە لە نێوان ڕانەبردووی پێرفێکت و دوێنێدا، بەڵام لەگەڵ تێنسدا ئەوە وانییە.

زمانی سروشتی جۆری جیاواز لەو ڕەگەزانەی بیری کاتی دەردەبڕن، لەخۆدەگرێت، لە نێوان ئەوانەدا، تێنس، ئەسپێکت و ئاوەڵکاری کاتین. سەرنج لە (٥) بدە:

(٥) ئازاد ئەرکی ماڵەوەی جێبەجێکرد.

(٦) ئازاد ئەرکی ماڵەوەی جێبەجێکردووە.

(٧) ئازاد ئێستا ئەرکی ماڵەوەی بەجێ هێناووە.

لە زمانی سروستیدا جۆری جیاواز سەبارەت بە مۆدالەکانیش هەن، بۆ نمونە،

(٨) ئازاد ئەرکی ماڵەوە جێبەجێدەکات.

ئەو پرسیارەی، کە دەشێت لێرەدایە بکرێت ئەوە: چ شتێك ئەو چوار جۆرە لەیەك جیادەکاتەوە، بۆ نمونە، دیاریکردنی تێنس وەك ئەوەی بەرانبەر ئەسپێکت بوەستێتەوە؟ ئەوەی جێگەی سەرنجە و گەڕانەوە بۆ بیرەکانی Reichenbach سەبارەت بە لێکدانەوەی تێنسی ڕابردووی سادە، وا دەکات بەشێوەیەکی بناغەیی ئەوە لە بواری مەرجی ڕاستی بە ئەسپێکتی پێرفێکت هاوتابکات و بەلایەوە تەنها لە "باری سەرنجەوە- point of view" ەوە دیاریکراووە، بەلای زمانەوانەکانی ترەوە بە تەواوی ڕاستی نەپێکاوە، بە بەڵگەی ئەوەی (١٩) لە مانگی ٦ (١٩٨١) ەوە گوتراوە ڕاستە، بەڵام (٩ب) دەشێت ڕاستیەکی دیاریکراو لە خۆنەگرێت، بۆ نمونە،

(٩) (ا) بە درێژایی مانگی ٦ی ١٩٨١ ڕیگان تەنها جارێك تەقەی لێکراووە .

(ب) بە درێژایی ١٩٨١ ڕیگان تەنها جارێك تەقەی لێکراوە Heny (1987:110)

بەلای Heny ەوە جیاوازی کرۆکی لە نێوان تێنس و هەموو ڕەگەزە کاتیەکانیتردا دەدرێتە پاڵ ئازادی هەمیشەگۆڕ، کە لە "تێنس" دا هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا کە تێنس بە وێنەی ئاوەڵکاری کاتی و پێرفێکتیفەکان کاریگەری ڕستەیان هەیە، ئەوانە گاریگەریەکی ئاڵۆزن، کە مەرجی ڕاستیەکانیان باش-دیاریکراون، تەنها کاتێك

[٣] مەبەست لە ماوەیەکی کاتیە کە دەکەوێتە نێوان دوو ڕوداو یان چالاکی،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەو هەمیشە گۆڕانە بەها دیاریدەکەن وابەستە بە مەودای ڕەگەزی "تێنس" ەوە، بێشك ڕستەیەك، كە have یان ئاوەڵکارێکی کاتی تیادابێت، لە ژێر کاریگەریەکەیدا تەنها پەیوەست بە "جووتەی پەراوێزی-جێگیر-fixed" و بە هۆی تێنسەوە هەڵدەسەنگێنرێت. تەنها ڕستە تێنسیەکان پێویستە بە بەهای ڕاستی دیارکراوەوە کۆتاییان بێت،

وەك دەردەکەوێت هەندێك ڕستە بێ-تێنسن، بۆ نمونە،

(١٠) باپیر لە سلێمانی ژیاووە.

(١١) ژیان بۆ باپیر لە سلێمانی.

(١٢) ژیانی باپیر لە سلێمانی.

ئەو ڕستانە دەشێت وا بزانرێن، وەك ئەوەی تێنسیان هەبێت یان نا، ئەوانە هیچ مۆڕفێمێکی تێنسی ئاشکرا لە خۆناگرن، بۆیە بە مەبەستی دروستکردنی ڕاگەیاندن بەکار نایەن، چونکە واتا نابەخشن، لەبەرئەوە بێهودەیە پرسیاریان لەبارەوە بکرێت سەبارەت بەوەی ئایا ئەوانە ڕاستن یان نا، بە واتایەکیتر گرنگ نییە، کاتێك ١٠ و ١١ دەردەبڕدرێن، واتە، "کە باپیر لە سلێمانی ژیاوە"، هیچ کام لەوانە بەهای ڕاستی وەربگرن، بەلای زمانەوانەکانەوە بە تایبەت (Heny (1987:111 ئەو ڕستانە هیچ ڕەگەزێکیان تیادانییە تا بتوانێت پەیوەندیدار و هاوڕێژەییان بکات، تەنانەت ئەگەر بۆ هەر ماوەدوریەکی کاتی دیاریکراویشەوە دەربڕدرێن، تەنانەت ئەگەر لە دەستوردا بەهای ڕاستیشیان هەبێت، ڕێگایەك نییە تا ئەوانە پەیوەستبکات بە هەر ماوەدوریەکی تایبەتەوە، ئەوانە نە بەهای ڕاستی و نە تێنسیان نییە.

## 1.5 تێنس پێچەوانەی کاتە

### 1.5.1جیاوازی لە نێوان کات و تێنسدا

"کات" و "تێنس" دوو وشە، واتە دوو فۆڕمی لێکجیان، نەك لە کوردی، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکاندا، بۆیە ئاساییە لە ڕووی ئەرك و ڕەفتاریشەوە جیاوازن، و وەك دوو کاتەگۆری جیاواز، کە هەر یەکە لەوانە، ئاماژە بۆ هەقیقەتێکی جیاواز لە ئەوەکەی تر دەکات، کەواتە دەکرێت زنجیرەیەك لەجیاوازی لە نێوان ئەو دوو کاتەگۆریەدا دیاریبکرێن، کە دیارترینیان بریتین لە:

(ا) "کات" وەك هەردوو ناو و کاریش بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا "تێنس" زیاتر وەك ناو بەکاردەهێنرێت بەتایبەت لە بواری ڕێزماندا.

(ب) "تێنس" جەخت لەسەر کاتی ڕودانی بارودۆخ پەیوەست بە S دەکاتەوە، و پێمان دەڵێت، کە بارودۆخی دیاریکراو کاتی قسەکردن، پێش کاتی قسەکردن، یان لە دوای کاتی قسەکردندا ڕوودەدات، لە کاتێکدا، "کات" جەخت لەسەر ماوەدوری بارودۆخ پەیوەست بە R دەکاتەوە،

(ج) "تێنس" دەرەکییە، بۆیە خوێندنەوەکانمان لەسەر بناغەی فۆڕمی دیاریکراوەوە هەڵدەچنین، لە کاتێکدا "کات" ناوەکیە، بۆیە خوێندنەوەکانمان لەسەر سیمانتیکی فۆڕمی نیشانەکراوەوە هەڵدەچنین.

(د) لەبەر ئەوەی "تێنس" فۆڕمە و وەك هەڵگری ناوەرۆك مامەڵەدەکرێت، لە هەموو زمانەکاندا وەك یەك نییە، بۆ نمونە، (هات، جاء، came) لە کاتێکدا لە هەموو زمانەکاندا "کات" هەمان شتە، واتە ئەو

كات/ماوەدوریەی فۆڕمی "هات" لە زمانەکاندا دەیخوازێت تا تێیدا ڕووبدات هەمان شتە، بۆیە دەشێت هەمان ناوەرۆك بە هۆی فۆڕمی جیاوازەوە دەرببڕدرێت.

(ھ) هەردوو "کات" و "تێنس" ناوبەند پەیوەندن، فۆڕم بەبێ ناوەرۆك و ناوەرۆك بە بێ فۆڕم بایەخێکیان نییە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەکرێت بگوترێت، کە کات وەچە-دەستەی تێنسە.

(و) یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی "کات" ئەوەیە، کە (ا) زۆر باو و زانراوە لەلای قسەکەرەکان، کەسەکان بە گشتی لە کاتدا دەژین، و تەمەن و ئیشوکار و هەموو شتەکانیتریان بە کات دەپێون، هەموو دەزانین کەی کاتی هاوین، بەهار، زستان، پایزە، ئێوارە، بەیانی و ... یە، لە کاتێکدا بە زەحمەت کەسەکان ئەوەندە بیر لە "تێنس" و فۆڕمەکەی دەکەنەوە.

(س) "تێنس" زاراوەیەکی ڕێزمانییە، ئاماژە بۆ کاتی کردەوە و ڕوداوەکان دەکات، کە لە زوربەی زمانەکاندا بە سەر سێ جۆردا دابەش دەبێت،(ڕابردوو، ڕانەبردوو و داهاتوو)، لەبەر ئەوەی کوردی نیشانەی داهاتووی نییە، دەکرێت فۆڕمەکان بەسەر دوو جۆردا دابەش ببن، بۆ نمونە ڕابردوو (وەك نیشانەکراو) و نا-ڕابردوو (وەك نیشانە نەکراو)، فۆڕمی تێنسی نا-ڕابردوو هەردوو بیری ڕانەبردوو و داهاتوو لەخۆدەگرێت، لە زوربەی زۆری زمانەکاندا چەندان وەچە تێنس هەن، بەڵام لەکوردیا تەنها لە چەند دانەیەکی وەك (ڕانەبردووی پێرفێکت، ڕانەبردووی پرۆگرێسف، ڕابردووی پێرفێکت pluperfective، ڕابردووی پرۆگرێسف و ڕابردووی سادە و ڕانەبردووی سادە) تێناپەڕن.

(ح) بە پێچەوانەی "تێنس" ەوە "کات" بنیاتی ڕێزمانی نییە، ناوەکیە و لە سیمانتیکدا بەدەستدێت، "کات" بیرە و بە هۆی فۆڕمی تێنسەوە دەردەبڕدرێت، بیری دووەم، کە"تێنس"-ە وەك ئامێرێکی گرنگی زمانییە، کە پەیوەندی کاتی دەگەیەنێت، بۆیە لە زۆر باردا، هاوتایە بە "کات"، بەڵام بە پێی زمان دەگۆڕدرێت، بۆ نمونە لە کوردیدا ئەو دوانە ناچنە سەریەك، ئەوەش لەوەدایە، کە تێنسەکان ئەرکی دوو لایەنە دەبینن، بۆ نمونە، (ا) پێمان دەڵێن کەی ڕوداوەکە ڕوودەدا، و (ب) ئایا ڕووداوەکە تەواو بووە یان نا، واتە کاتی پێویستی هەر کردەوەیەك دیاری دەکەن، بۆ نمونە،

(١) ئازاد :چی دەکەیت؟: باپیر: خانو دروستدەکەم. "دروستکردن" کاتی ڕابردوو، ڕانەبردو و داهاتووی هەیە " (٢) ئازاد: چی دەکەیت؟ باپیر: دەرگاکەم بۆیە کرد. "بۆیەکردن" ڕابردووی سادە تەنها کاتی ڕابردوو لەخۆ دەگرێت"

ئەوەی سەرەوە بۆ هەموو زمانەکان گشتگیرناکرێت، چونکە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان زمانەکاندا. فۆڕمی تێنس پێمان دەڵێت کە فۆڕمی ژێرلێکۆینەوە کام لەو سێ تێنسانەیە، کە وەك بناغە و فاکتەری "کات" لە ماوەدا پەیوەست بە کاتی قسەکردنەوە دەبینرێت.

(ت) لە زۆر باریتردا "تێنس" هەمیشە هاوتا نییە بە "کات" چونکە تێنسەکان هەمیشە و تەنها کاتی کردەوەکانمان پێناڵێن، کە ڕوودەدەن بەڵکو هەروەها ئەوەشمان پێدەڵێن یان زانیاری زیادەمان دەدەنێ سەبارەت بەوەی کە ئایا کردەوەکە تەواو بووە یان نا، یان چەند دەخایەنێت، بۆ نمونە، "لە X ەوە بۆ X"، "تا X" ، "لە ماوەی X"دا و هەروەها، کەواتە فۆڕمی تێنسەکان ئەرکی زیاتر و دوو لایەنەیان هەیە.

(ی) فۆڕمێکی دیاریکراوی "تێنس" چەندان خوێندنەوە هەڵدەگرێت، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی قسەکەر بە چ باری سەرنجێکەوە فۆڕمی دیاریکراو لێکدەداتەوە، بۆ نمونە، ئەسپێکت، تێنس یان موود و مۆدالێتی، لە کاتێکدا بەبێ "کات" ئەرکی هیچ کام لەو سێ کاتەگۆریانەی سەرەوە دیارناکرێت، دەبینی، کە "کات" لە گەڵ هەر یەك لەوانەدا هەمان ئەرکی پێوانەیی دەبینێت.

(ل) هەر یەك لە ئێمە ئاشنایین بە چیرۆکی پرۆسەی "کات"، دەشێت پرۆسەی کاتی ڕابردوو بەخەیاڵی خۆماندا بهێنین یان نا، بە مەبەستی بە ئەزمونکردنی هەندێك ماوەی کاتی یان بەبیرهێنانەوەی کەسانی دیار لە ڕۆژگاری ڕابردوودا، پرسیارەکەش دووبارە لەسەر ئەوەیە، کە ئایا ئەو بەبیرخۆهێنانەوە چاوەڕوانکراو و گونجاوە یان نا. ئەو پرسیارەی پەیوەندی بە مەقامی ئەم کاتەوە هەیە ئەوەیە، کە ئایا گەشتی کاتیی بە هۆی سروشتی یاسای باو ڕێگەپێدراوە یان نا، ئەوە دەبێت لەبواری زانستی ئەزمونی یان بەهۆی لێکدانەوەی فەلسەفیەوە پێشنیاربکرێت لە وەها زانستێکی تەجریبیەوە.

(م) یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی "کات" ئەوەیە، کە یەکەم، زۆر باو و زانراوە، بەڵام بە پێچەوانەی، "تێنس" بنیاتی ڕێزمانی نییە، بۆیە ئەوەی لە کوردیدا، بۆ نمونە، "-ت، -ا، -د، -ی، -وو" بە کات دانراون، لە ڕاستیەوە دوورە، کات لەوە ئاڵۆزترە، بەشێوەیەك، کە لە دێر زەمانەوە مێشکی زۆر لە زمانەوان و فەیلەسوفەکانی بەخۆیەوە خەریککردووە، بیری دووەم کە "تێنس"ە، ئامێر و هۆکارێکی گرنگی زمانییە، کە پەیوەندی کاتی دەگەیەنێت، لە زۆر باردا، هاوتایە بە "کات"، بەڵام ئەوە بۆ هەموو زمانەکانی جیهان گشتگیر ناکرێت، واتە، "تێنس" هەمیشە هاوتا نییە بە "کات" چونکە تێنسەکان زیاتر لەیەك ئەرك دەبینن، بۆ نمونە،

(٣) زمانی کوردی دەڵێمەوە. ⟵ تێنسی ڕانەبردوو، کاتی ڕابردوو، کاتی ڕانەبردوو، و کاتی ئایندە

(٤) دوێنی نامەیەکم نووسی. ⟵ تێنسی ڕابردوو، کاتی ڕابردوو

تایبەتمەندیەکیتری "کات" پۆلێنکردنی بارودۆخەکانە، کە بە هۆی کارەکانەوە وەسفدەکرێن، بە گوێرەی ئەوەی ئایا ئەو کاتانە دەکەونە ڕابردوو، ڕانەبردوو یان داهاتووەوە. فۆڕمی تێنسی ڕابردوو کاتەکە لە پێش کاتی قسەکرن و پەیوەست بەکاتی قسەکردنەوە دادەنێت، فۆڕمی تێنسی ڕانەبردو وەك نیشانەنەکراو ئەرکی دانانی کات لە ڕانەبردوو و داهاتووی پێسپێردراوە پەیوەست بەکاتی قسەکردن و هەروەها بە یارمەتی زیادەی زمانی ترەوە، ئەوانە بەهۆی فۆڕمەکانەوە دەردەبڕدرێن، کە ئێمە بەدرێژای ئەم باسە پێی دەڵێین "تێنس".

تا ئەو کاتەی ڕوداو هەبن "کات" لە کاتێکی دیاریکراودا بەردەوامە، بۆ نمونە، لە کاتی X بۆ Y دەوە، دەشێ چەندان ڕوداو و کردەوەی دیار، لەچەندان شوێنی جیاواز لە ناوچەیەکی دیاریکراو یان لە سەرتاسەری دونیا ڕوبدەن، ئەوە سەبارەت بە فۆڕمی تێنسێکی تایبەت نەگونجاوە.

(س) کات تاك، بەردەوام و ڕاستە و تەنها خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێت، لە کاتێکدا، زۆر جار لە بنیاتی سیمانتیکی فۆڕمی تێنسێکی دیاریکراوەوە زانیاری سەبارەت بە جۆر و بارودۆخی جیاواز وەردەگرین، واتە دەزانین، کە بارودۆخەکە، چالاکی درێژخایەن و ئەتێلیك، دەستکەوت کورت خایەن و تێلیك، بەجێگەیاندن درێژخایەن و تێلیك، جێگیر درێژخایەن و ئەتێلیك، چرکەسات کورت خایەن و ئەتێلیکە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ع) تێنس کارەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات، بۆ نمونە، فۆڕمی تێنسی ڕابردوو و فۆڕمی تێنسی نا-ڕابردوو، کە داهاتوش لەخۆدەگرێت، بەڵام کات بارودۆخەکان بۆ سێ جۆر پۆلێندەکات، کە بە هۆی فۆڕمی تێنسەکەوە دیاریدەکرێت بە پێی ئەوەی ئایا ئەوانە لە سەر چ کاتێکدا ڕودەدەن، واتە رابردوو، ڕانەبردوو، ڕانەبردوو و داهاتوو.

(ف) لە هەندێك دەقدا، هەندێك جار بنیاتی سیمانتیکی هەندێك "تێنس" ئاماژە بۆ خاڵێك لە ڕابردوو یان لە داهاتوودا دەکات، کە لە گفتوگۆکەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە. ئەوە پێی دەگوترێت جێگیرکراو و ئەو خاڵەی قسەی لەبارەوە دەکرێت پێی دەگوترێت تێنسی پەیوەست یان ڕێژەیی، کە بەرانبەر بە کاتی تەواوەوە دەوەستێتەوە، بۆ نمونە، ڕابردوو-لە-ڕانەبردوو یان داهاتوو-لە-ڕابردوو و هەروەها.

(س) دەربڕینەکانی "تێنس" پەیوەندییان بە دەربڕینەکانی کاتەگوری ئەسپێکتەوە هەیە، فۆڕمێکی دیارکراو زیاتر لە دوو خوێندنەوە وەردەگرێت، پشتبەستوو بەوەی لەباری سەرنجی کام لەوانەوە لێکدەدرێتەوە، وەك تێکەڵاوبوونێك لە نێوان تێنس، ئەسپێکت، موودالێتیدا سەیردەکرێت، کە پێیان دەگوترێت سیستێمی هاوبەش لە نێوان تێنس-ئەسپێکت-موود TAM. ئەو تێڕوانینە نیشانەکانیش دەگرێتەوە، چونکە هاوبەشن لەنێوان موود، ئەسپێکت و تێنسدا، بۆ نمونە، نیشانەی "دە-" لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە نیشانەیە بۆ ئیمپێرفێکتیڤ، لە گەڵ ڕەگی کاردا نیشانەیە بۆ تێنسی نا-ڕابردوو، لەگەڵ قەدی کاردا نیشانەیە بۆ پرۆگرێسڤ لە ڕابردوودا. "کات" هاوبەشە بۆ هەمووان، چونکە ئەوە لێکدانەوەی ناوەڕۆکیی بۆ هەردانەیەك لەو سێ کوچکەیە لەخۆدەگرێت، لە ڕێزمانی نەریتیدا تێنس فۆڕمی کاتە و بارودۆخ لە کاتدا دادەنێت، جگەلەوە تایبەتمەندی زیادەی بارودۆخ یان کردەوە و زانیاری سەبارەت بە ئەسپێکت و مودالیش دەردەبڕێت، بۆ نمونە، ئەسپێکتی پێرفێکتی دوو شتمان پێدەڵێت، یەکەم زانیاریەك کە قسەکەر لەدەرەوە و وەك دانەیەکی یەگرتوو(پێکهاتوو لە سەرەتا، ناوەڕاست، و کۆتایی) سەیری بارودۆخەکە دەکات، دووەم، پێمان دەڵێت ئەوە لە کاتێکدا ڕویداوە، کە دەکەوێتە پێش کاتی قسەکردنەوە. کاتەگۆری موود بەکار دەهێنرێت تا مەرجێتی دەربڕێت، بۆ نمونە، دڵنیای، نادڵنیایی، چاوەڕوانکردن و هەروەها، کەسەکان "کات" بە هۆی سەعاتەوە دەپێوین، و زانیاریەکان سەبارەت بە کات، پێمان دەڵێن کە:

- ماوەی ڕودانەکان کە تێیدا ڕوودەدەن چەند درێژە دەکێشن؟،
- بۆ هەر ڕوداوێك، لە کاتێکدا ڕوودەدات،؟
- کام ڕوداو لە پێش کام ڕوداویتر ڕودەدات، کام ڕودوام لەهەمانکاتی ڕوداوێکی تردا ڕوودەدات لە لایەن هەمان کەس "نازەنین تەشی دەڕێسێ و بنێشت دەجوێت"، یان بەهۆی دوو کەسی جیاوازەوە، "نازەنین کتێب دەخوێنێتەوە و ئازاد سەیری تەلەفزیۆن دەکات"،

### 1.5.2 کات چییە و چمان پێدەڵێت

چەندان ساڵە زمانەوان و فەیلەسوفەکان پرسیار سەبارەت بە کات دەکەن و سەرقاڵی ئەوەن وەڵامی دروستیان بۆ بەدەستبهێنن، بەگشتی پرسیارەکان هەموو بەدەوری ئەوەدا دەخولێنەوە کە دەڵێت "کات چیە؟"، بە شوێن Farkas دا.

(أ) ئایا کات تەنها لەو بارانەدا هەیە کە شتەکانی دەوروبەرمان گۆڕانیان بەسەردا نایەت؟

(ب) چ جۆرە کاتێگی گشتی چاوەڕوانکراوە؟


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ت) چۆن کات بە هزری کەسەکانەوە دەبەسترێتەوە؟

(پ) بۆ کات ئاراستەی هەیە؟

(ج) ئایا ئاینده و ڕابردوو بە وێنەی کاتی حازر، واتە ئەو کاتەی قسەکەرەکان تیایدا دەژین، بونیان هەیە؟

(ح) چۆن دەتوانین تەوژمی کات بە شێوەیەکی گونجاو لێکبدەینەوە؟

(خ) چ ڕوخسارێك سەبارەت بە تێگەیشتنی وشەی "کات" بەدەستدێت بەهۆی بیری "کات" ەوە لە فیزیادا؟

(د) ڕستەی مەرجی سەبارەت بە ئاینده بەهای ڕاستی وەردەگرێت؟

(ژ) ئایا هەقیقەتی تێنسی و نا-تێنسی بە شێوەیەکی زانستی هەبوونی هەقیقەتی بناغەیین؟

(ر) لۆجیکی گونجاو سەبارەت بە وەرگرتن و زانینی ڕۆڵی تایبەت چییە، کە "کات" لە مەنتیقدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە؟

(ز) لەبەرچاوگرتنی میکانیزمی سیستێمی کات سەبارەت بە ئەزمونەکانمان لە سەر "کات" چییە.

(س) چ جۆر لە ڕوخساری کاتەکان نەریتین، و کامیان کەسین یان وابەستەی-هزری کەسەکانن، ئایا لێرەدا هەقیقەتی بەدەر لەکات هەیە، کە لێیەوە "کات" سەرهەڵبدات؟. و هەروەها.

### 1.6 فەلسەفە و تیۆری حازریی بە رانبەر بە نا-حازریی

بەپێی فەلسەفەی تیۆری حازریی تەنها شتە حازرەکان، واتە ئەو شتانەی لەکاتی حازردا بوونیان هەیە و ئەزمونەکانی کاتی حازر، کە لە ڕانەبردوودا هەن ڕاستن، چونکە کەسەکان وەك بونەوەرێکی بەئاگا بە هۆی ئەزمونی کاتی حازریانەوە هەستیانپێدەکەن، هەسپێکردنی هەنووکەیی بە بەراورد بە بیرەوەریە ئاڵۆز و تاریکەکانی ئەزمونی ڕابردوو، یان ئاینده لۆجیکیترە، ڕابردوو لەوە زیاتر نییە کە قسەکەرەکان تەنها بەبیری خۆیانیدا دەهێنن، نە ڕابردوو هیوای گەڕانەوەی لێدەکرێت نە گەیشتن بە ئایندەش بۆ کەسەکان مسۆگەرە، بە پێی تیۆری گەشەکردنی-ڕابردوو هەردووك ڕابردوو ڕانەبردوو ڕاستن، بەڵام ئاینده نا، چونکە تەنها گریمانەیە و لە سنوری ئارەزوو ویستی کەسەکان بەدەرنییە، تیۆری سێیەم، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جیاوازی هەبوونی و بابەتی لە نێوان ڕابردوو ڕانەبردوو داهاتوودا نییە، چونکە جیاوازیەکان تەنها کەسین نەك بابەتی و لۆجیکی، ئەو تیۆریە پێیدەگوترێت، externalism دەرەوەیەتیی.

فەیلەسوفەکان دەبن بە دوو گروپەوەیە، دانەیەکیان باوەڕیان وایە، کە تیۆری Aی McTaggart لەسەر "کات" بناغەییە، و ڕوداوەکان هەمیشە لە گۆڕاندان، "ئێستا" هەقیقەتێکی بابەتی ڕاستە، بۆیە بریتییە لە "هەڵقوڵان و تەوژمی کات"، بەشێوەیەکی هەبوونی ئەوە پەسەند دەکات، کە پێشبینیەکانی تیۆری حازری و تیۆری گەشەکردنی-ڕابردوو نە ڕاست و نە هەڵەن، لەو کاتەدا، کە دەردەبڕدرێن. تیۆری McTaggar -B ڕێکایەکی بنچینەییە تا بە هۆیەوە "کات" لەبەرچاوبگیرێت. ڕوداوەکان قەت ناگۆڕدرێن، و "ئێستا" نە هەقیقەتێکی بابەتی و نە تەوژمی کاتیشە، تیۆری دەرەوەیەتی- eternalism و تیۆری کۆمەڵەی-گەردوونی گریمانەکان ڕاستن یان هەڵەن لەو کاتەدا، کە دەردەبڕدرێن. پوختەی جیاوازی لە نێوان گروپی A و B بەو شێوەیە:

(أ) ئایا کات بوونی هەیە تەنها بۆ ئەوانەی مێشکیان هەیە؟

(ب) ئایا کات دەتوانێت هەبێت ئەگەر هیچ ڕوداوێك لە هەرشوێنێك بێت ڕوونەدات".


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ت) چ جۆرێکی جووڵەی کات گونجاوە؟

(پ) بۆچ کات ئاراستە و تیری هەیە؟

(ج) دوو ڕابردووی جیاواز دەبنە هۆی هەمان ڕانەبردوو، ئایا ڕانەبردوو بڕیار لەسەر ئاینده دەدات؟

(ح) بناغەی بێلایەنی تێگەیشتنی کەسەکان بۆ کات چیە؟

(خ) ئایا لێرەدا تەنها یەك گەردوون هەیە، کە تیایدا هەموو شتەکان لەکاتی گونجاودان ڕوودەدەن، ئایا لێرەدا دوو جیهان هەن، جیهانی شتەکان لە کاتی گونجاو و جیانی شتە نەمرەکان، بۆ نمونە، پێکهێنانی ماتماتیکی و بیرەوڕای ئیفلاتونی.

(د) پێویستە فەیلەسوفەکان لێکدانەوەی تیۆری ڕاستی پەرست یان دژ-بە-ڕاستی پەرست وەربگرن؟. و هەروەها

## ٢.٠ کات و ماوە لە فەلسەفەدا:

### 2.1 فەلسەفە[٤]ی کات و ماوە:

فەلسەفە ڕێگای بیرکردنەوەیە سەبارەت بە دونیای دەوروبەر، کۆمەڵگا، فەلسەفە زنجیرە یان دەستەیەکە لە بیروڕا، بیرکردنەوە، باری سەرنج، کە وەك بەرهەمی بیری فەیلەسوفەکان مامەڵە دەکرێت، هەموو ئەو شتانە لە فەلسەفەدا موجەڕەدن، بە واتای ئەوەی شتگەلێکن، کە ناتوانرێت بگیرێن یان بە چاو ببینرێن، ئەوە سەبارەت بە "کات" یش ڕاستە، بەڵام ئەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە فەلسەفە سەبارەت بە ژیانی واقیع قسەی نەبێت، بۆ نمونە، ڕەوشت وەك ئەو ڕێبازەی، کە حوکمی ڕەفتاری کەس و گروپەکان دەکات، واتە پرسیار لەسەر ئەوە دەکات، کە کەسەکان دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا چی بکەن، یان سەبارەت بە میتافیزیقەت وەك ڕێبازێکی فەلسەڤ، کە مامەڵە لەگەڵ یەکەم دەستوری شتەکاندا دەکات، و دەشێت بیرە موجەڕەدەکانی وەك هەبوون، زانین، هۆکار، نازنامە و شوناس، کات و ماوەش بگرێتەوە. بە واتایەکی تر پرسیار سەبارەت بەوەی چۆن دونیا کاردەکات و لە چیش پێکدێت، دەکات. فەلسەفە پرسیار لە سەر زۆر شت دەکات و لقیشی زۆرە، بۆیە پرسیار و وەڵامیشی فرەلایەن و زۆرە، سەر قاڵی ئەوەیە تابزانێت، کە باشیی، چاکە، جوانی، ویستی ئازادی، هەبوونی خودا، هۆکار، ژیری، شەیتان، ڕاستی، هەقیقەت، پەیوەندی لە نێوان لەش و مێشکی کەسەکان، زانست، فەلسەفە، و خۆشەویستی و هی تریش چین؟. لە بواری فەلسەفەدا پرسیاری تر لە جۆری "دەتوانم چی بلێم، چی بکەم، ؟، چ هیوایەك بە خۆم ڕەوادەبینم؟، مرۆڤ واتای چی؟ ...." دەکات

فەلسەفەی "کات" و "ماوە" لقێکە لە فەلسەفە، کە بە درێژایی مێژوو خۆی بە بابەت و مەسەلەیەکەوە خەریکدەکات، کە بەدەوری "زانستی بوون"دا دەسوڕێتەوە، ئەو فەلسەفەیە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە سەر

[٤] وشەی فەلسەفە لە دوو وشەی یۆنانیەوە هاتووە، کە بە واتای "خۆشەویستی حیکمەت love of wisdom " دێت، جۆری فەلسەفەی زۆر سەبارەت بە کات و شوێنی جیاواز هەن، هەندێك فەیلەسوف لە یۆنانیەوە کۆنەوە هاتوون، لە وانە Plato، Aristotle، هی تر لە ئاسیاوە، بۆ نمونە، Confuicus or Buddaha هیتر هی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپان، لەوانە، William of Ockham, or Saint Thomas Aquinas و ئەوانەی لە نیوان ساڵەکانی ١٦٠٠ بۆ ١٧٠٠ ی زاین کاریانکردووە، لەوانە , Thomas Hobbes, and David Hume, John Locke, René Descartes , و ئەوانەش کە لە ١٩٠٠ هاتون بریتین لە Ludwig Wittgenstein and Jean-Paul Sartre و Immanuel Kant.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سروستی بنچینەیی بوون، ژیان، پەیدابوون، هەبوون و هەقیقەتەوە خەریکدەکات، و زیاتریش لەوە فەلسەفە گرنگی دەدات بە:

(ا) کاتەگۆریەکانی هەبوون و ئەو پەیوەندیانەی پێیانەوە دەبەستێتەوە.

(ب) زانیاریمان دەداتێ سەبارەت بەوەی چۆن ئەو کەس و لایەنانە پێکەوە گروپ دروستدەکەن و بە شێوەیەکی هەرەمی پێکەوە دەبەسترێنەوە.

(ج) پێمان دەڵێت سەرچاوەی زانست و تایبەتمەندیەکانی "کات و ماوە" لە کوێوە هاتوون.

(د) فەلسەفەی "کات" و "ماوە" سەرچاوەی هاندان، ئیلهام بەخش، سودوەرگرتن لە ڕابردوو، هۆکاری گەیشتن بە سەرەنجامی دروست، بنیاتنانی سەنتەر و ڕوخساری لێکۆڵینەوەی بنیاتنەر لە بواری فەلسەفەدا یە.

(ه) یەکێ لەو لایەنانەی کە فەلسەفەی "کات" گرنگی پێداوە، ئەوانەبوون، کە ئایا "کات" و "ماوە" بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە هزری کەسەکاندا هەن یان نا؟ پەیوەندی نێوانیان لە چ ئاستێکدایە" کامیان لە کامیان بەبەهاترە؟، پەیوەندی ئەو دوانە لە چ ئاستێکدایە؟، ئایا لەناو خۆیاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دور لەیەکتر بوونیان هەیە یان نا؟ زوربەری زۆری ئەوانەی سەبارەت بەو دوو کاتەگۆریە دواون ئەوەیە کە "کات" ڕۆینێکی یەکسەریە لەسەر هێڵی کاتی درێژبووەوە بە درێژای مێژوو.

## 2.2 کات و دانانی کاتیی

زانیاری کاتی لە ڕستەدا ئەو بارودۆخەی قسەی لەبارەوە دەکرێت لە کاتدا دادەنێت، بۆ نمونە، ڕستەی (ا) پێمان دەڵێت ڕوداوی ماوە دووری ئەتێلیك (باپیر لە پارکەکەدا ڕایدەکرد):

(أ) باپیر بۆ ماوەی <u>یەك سەعات</u> لە پارکەکەدا <u>ڕایکرد</u>.

زانیاریەکان بەهۆی هەردوو تێنسی ڕابردوو و ئاوەڵکارەکانەوە دەدرێت، تێنس بارودۆخەکە لە پێش کاتی قسەکردندا دادەنێت لە دەقەکەدا، مەرجی-ڕاستی، ئەوە دووبارە ڕابردوو دادەمەزرێنێت وەك باری سەرنجی کاتی ڕستەکە، ئاوەڵکارەکان زیاتر شوێنی کاتی ڕوداوەکان دیاریدەکەن. دانانی "کات" و "ئەسپێکت" بە تەواوی سیستێمی کاتین. یەکەمیان بارودوخەکان لە کاتدا دادەنیت، لە کاتێکدا دووەم بنیاتی کاتی دیوی ناوەوەی بارودۆخەکە دیاریدەکات. لە زوربەی زۆری زمانەکانی دونیادا دەربڕینەکانی دانانی کاتی temporal location و ئەسێکت چوونەتە ناویەکەوە، لەبەرئەوە، کارێکی سروشتیە بۆ نیشانەی شێوەگۆڕی وشەکان inflections تا هەردوو بیری " کات" و "ئەسپێکت" لە هەمانکاتدا بەکۆدبکات. تێنسەکان لە زوربەی زمانەکاندا بەهای باری سەرنجی دیاریکراو لەخۆدەگرن، ماوە درێژی تایبەتمەندیەکە لە هەردوو وەچە-سیستێمەکاندا، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی پێکەوە ڕودان لە نێوان ئاوەڵکار و تایبەتمەندیەکانی ئەسپێکتدا گونجاوە.

کات تاکە و مەودایەکی نادیاریکراو لەخۆدەگرێت، مەوداکەی لە سەرەتای ڕودانی ڕوداوەکانەوە دەستپێدەکات و تا ئەوکاتەش ڕوداو ڕوودەن "کات" بەردەوامە، کات بە شێوەیەکی بیری هاوتایە بە بۆشایی، لە (ا) دا "کات" و "بارودۆخەکان" لە کاتی قسەکردن یان شوێن و کاتیتر پەیوەست بە کاتی قسەکردن دادەنرێن، ڕوودانی بارودۆخەکان هەموو وەکیەك نین، دەشێت یەك لەدوای یەکەوە بن، بە تەواوی یان بەشێوەیەکی کەرتی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بچنەسەریەك و ڕوودەن. لەبەر ئەوەی مەودای "کات" دانەیەکی تاکە، لێرەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمێك پەیوەندی چاوەڕوانکردنی بارودۆخەکان هەن. "ئەگەر دوو ڕوداو بتوانرێت بگوترێن تا ڕوبدەن لە کاتی جیاوازدا، ئەوە حاڵەتێکی فەرید و زەروریە کە دانەیەکیان دەشێت پێشتر و ئەوەکەیتر دواتربێت"، Fillmore (1971:28) لە Smith 1990:136)

## 2.3 گرفتی پێکەونانی کات

سەرچاوەی پێدانی بیری "کات" دانەیەك نییە، بە پێچەوانەوە، ژمارەیەك لە بەندە زمانیەکان زانیاری ڕاسەوخۆ و ناڕاستەوخۆمان سەبارەت بە کات دەدەنێ، بۆ نمونە، لە ڕستەیەکی وەك "دوێنێ باپیر نوست" لە دوو ڕووەوە ئاماژە بۆ کات دەکرێت، یەکەم، نیشانەی تێنسی ڕابردوو "ت" لەسەر کارەکە ئاسایی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە باپیر لە ڕابردوودا نوستووە، ئەرکی دووەم دەدرێت بە ئاوەڵکاری کاتی بۆ هەمان مەبەست، بەڵام بەدیقەتتر، بەواتایەکیتر، کە کاتی بارودۆخی "نوستن" بە وردیەکی زیاترەوە لەسەر کاتێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دوور و درێژتری ٢٤ کاژێری دادەنێت، کە بریتیە لە کاتێك دەکەوێتە پێش کاتی ئەمڕۆ، کە ڕستەکەی تیادا دەردەبڕدرێت، واتە ئەگەر باپیر لەکاتی $t'$، کە وەك بەشێك لەسەرجەم کۆی بەشە کاتەکانی t خەوتبێت، ئەوە دەگەیەنێت کە دوینێ لە چەندان کاتی یەکگرتوو، کە دەکرێت بە چرکە، خولەك و کاژێر بپێورێت و کردەوەی "نوستن" لەسەر یەکێك لەو دانانە یان زیاتر ڕویدابێت. ئەو دوو ڕەگەزانە هەردووك پێکەوە بەشێوەیەکی سینتاکتیکی سەربەخۆن. فۆڕمی تێنسی "نوستن" پێماندەڵێت، کە کردەوەکە لە ڕابردودا بووە، دووەم، ئەو زانیاریەمان دەداتێ، کە فۆڕمی تێنس بریتیە لە "ڕەگ" بە نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤەوە بۆ دانانی کات لە کاتی قسەکردن و ئایندەدا، و لەگەڵ "قەد" بە نیشانەکانی "-ت، -د، -ن، -وو، و ---"دوە، کە ئەرکی دانانی کات لە پێش کاتی قسەکردندا دەبینن، بەپێی زمانەوان Prior: (1967)، بە پێشنیارکردنی دوو هۆکاری تێنسی جیاوازی قوتابخانەی سەر بە Prior و بە مەبەستی هاوتاکردنی دوو ڕەگەزە کاتیەکانەوە، کە یەکەم فۆڕمی تێنسەکە و دووەم ئاوەڵکارە کاتیەکانە، بەلای Dowty یەوە لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت هۆکاری تێنسی ڕابردوو وەربگرین، بۆ نمونە P بەو شێوەیە بە PO دەخوێنرێتەوە، ئەوە ئەو حاڵەتە بوو، کە (O) بەهای ڕاستی دەدرێتێ لە (ا)دا، پاشان دەکرێت دووەم هۆکاری تێنس وەربگرین، بۆ نمونە، بۆ ئەوەی یان بەو هۆکارەوە YO وەك "P" دەخوێنرێتەوە، کە دوێنێ ڕاستە. و دەتوانرێت Y بەو شێوەیەی خوارەوە وەك "ب" لێکبدرێتەوە:

(أ) PY (باپیر نوست) دوێنێ.

(ب) YP (نوست باپیر) دوێنێ.

بە پێی Dowty (ا) ئاراستەمان دەکات بۆ خوێندنەوەی ئەوەی، کاتێك، بۆ هەندێك کات لە پێش کاتی قسەکردنەوە، پاشان ئاراستەمان دەکات، کە هەندێك "کات" لە ڕۆژی پێش ئەو کاتەوە، و جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە "نووستنەکەی" باپیر لەو کاتەدا بووە. ئەوە ڕێگە بە کاتی نوستنەکەی باپیر دەدات، کە زۆر دوور بووە لە رابردوودا. (ب) ئاراستەمان دەکات بۆ کاتێك لە دوێنێدا، پاشان بۆ کاتێك لە پێش ئەو کاتەوە، دووبارە "نوستنەکەی باپیر" ڕێگە بەوە دەدات، کە ئەوە زووتربووە لە دوێنێ.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### 2.4 تێنس و ئاوەڵکاری کاتی لە ڕستەی سادەدا

مەبەست لە ڕستەی تینسی چیە؟ هاوبەشی سیمانتیکی مۆرفێمەکانی تێنس چیە؟ سەرنج لە (١) بدە

(١) جۆن گریا

"زوربەی ڕستەکانی زمانی سروشتی تێنسین، لەوەدا کە ئەو ڕستانە هەندێك زانیاری سەبارەت بە "کات" لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن ئەو کات ئەوە پێی دەگوترێت ڕستەی تێنسی" (Prior (1957, 1967 لە :Ogihara (1996-75)وە،" ژمارەی ڕەسەن و ڕابەر "لە لۆجیکی تێنس"دا، تێنسی ڕابردوو وەردەگێڕیت، ڕستەیەکی وەك، بۆ نمونە، (١) وەك سیغەی فۆڕمی PO کاتێك P هۆکاری operator تێنسی ڕابردووە و O بریتیە لە هەر سیغەیەك، P وەك هەبوونی دیاریکەرە قەوارەییەکان لەسەر کاتی ڕابردوو دەزانرێت. بەو شێوەیە، سیغەی فۆڕمی PO ڕاستە ئەگەر لێرە کاتێکی ڕابردوو هەبێت کە O ڕاستبێت. لەسەر ئەم لێکدانەوەیە،

(١) وا وەردەگێڕێت وەك ئەوەی لێرەدا کاتی ڕابردوو t هەبێت، بۆ نمونە، گریانی جون لەسەر t بەدەست دێت. دواتر ئەوەیە، کە بڵێی، ڕستەی تێنسی ڕابردوو وا پێشبینی دەکرێت، وەك ئەوەی هاوبەشی لە هەبوونی دیاریکردنی قەوارە لەسەرکات (بە تێپەڕینی کات) بکات. (Prior (1957-36-45

گەر دووبارە بپرسینەوە "کات چییە" بە واتای ئەوەی مەبەست لەکات چییە؟، دەبێت بیر لە ڕستەیەك بکەینەوە، بۆ نمونە، رستەی تێنسی ڕابردووی فۆڕمی "NP V-ed" لە زمانی ئینگلیزیدا، بەرانبەر بە "ف-ن + ڕەگی کار + (-ت، -د، -وو، -ا، -ی)"ی کوردیە، ڕاستە ئەگەر لێرەدا ماوە دووریەك لە ڕابردوودا هەبێت کە تیایدا "ف-ن + ڕەگی کار + (-ت، -د، -وو، -ا، -ی)، ڕاستبێت. دواتر، ئەگەر بە وردی سەرنج لە بنیاتی سیمانتیکی (١) بدەین، وەك ئەوەی خوارەوە: (١) ڕاستە لە سەر ماوە دووری t ئەگەر و تەنها ئەگەر لێرەدا ماوەی t′ هەبێت لەپێش t وە، بۆ نمونە، گریانی جۆن لەسەر t. پرسیاریتر، کە Prior ئەیکات ئەوەیە، کە بۆ دیاریکەرە قەواریەکان پێویستە هاوبەشی لە لێکدانەوەی واتای مۆرفێمەکانی تێنس بکەن؟ بۆچ بەهای ڕاستی ڕستەیەك لە بواری "ماوەی کات" دا زیاتر لە بواری هەندێك بوونەوەریتردا دیاریدەکرێت،. "لە دوێنێوە نانی نەخواردووە" باشتر و زیاتر کاری گەری بۆ ئێستا هەیە و پێکیانەوە گرێدەدات، ڕستەی "دوێنی نانی خواردووە" تێرێتی بکەر بۆ ئێستا بڕناکات، بۆیە، یەکەم لۆجیکیترە".

هەموو ئەوانە لەلای (Ogihara (1996:21 بەو شێوەیەی لای خوارەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە، "بە درێژایی کاتی ڕابردوو"،

یەکەم: ئەوە ڕون و ئاشکرایە، کە بەلانی کەمەوە ڕستە تێنسیەکان هاوبەشی لە هەبوونی دیاریکەرە قەوارەییەکان بە درێژایی دەستەیەك لە کاتەکان دەکەن، بۆ نمونە،

(٢) جۆن لە هارڤارد دەرچووە، لەبەرئەوە، سەر بە دەرچوەکانیەتی (Ogihara (1996:21

یەکەم: تێنسی ڕابردوو لە (٢)دا وا دەبینرێت وەك ئەوەی واتای هەبوونی دیاریکەری سادە وەربگرێت. ئەوە هاوتایە بە "جۆن دەرچوی هارڤاردە"، لە دەقەکەدا، مەبەست نییە، کە کەی شەهادەکەی وەرگرتووە.

دووەم: وەڵامی ئەوە دەداتەوە، کە بۆچ سیستێمی بناغەی-ماوە دەبێتە ستاندارد لە سیمانتیکی ئەدەبی ڕەسمیدا. بەشێوەیەکی زیمنی لە ماوەی پێشتری سیمانتیکی ڕەسمی، کە دەستەی نا-بەتاڵ بوونەوەری کاتی فەرشدەکات

بەهۆی نمونەی حەدەسی هاوتا بە دەستەیەك لە چرکەساتی کات. دەربڕینی "خانوودروستکردن" کە "لە کاتی X"دا ڕوودەدات نەك لە (بۆ کاتی X)دا، و ئەوەی پێی دەوترێت "جێگیر -stative بۆ نمونە، جێگیرەکان" لەگەڵ چالاکیەکان "پیاسەکردن" دەتوانن لەگەڵ "بۆ کاتی X " نەك لەگەڵ "لە کاتی X"دا ڕووبدەن، بۆ نمونە،

(٣) (ا) باپیر بۆ ماوەی ٣٠ دەقیقە لە ژورەکەدا بوو. ~~نەك~~ (ب) باپیر لە ژورەکە بوو "لە ٣٠ دەقیقەدا".

## 2.5 زانیاری کاتی لە ڕستەکاندا

چەقی ڕاگەیاندنی زمانی لە قسەکەردا، و ئەوەی بەهۆی یەکتربڕین لە خاڵی-سفری ئێرە و ئێستاوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بە شوێن (Kurylowicz 1972:174)دا لە (Smith 1990:137) ەوە. مەرکەزیەتی قسەکەر دەتوانێت کات و شوێن دیاریبکات، بەلای (Taylor 1977:203-6) ) لە(Smith 1990:138) ەوە، لە باری سەرنجی "کات"ەوە بۆ ڕستەکان، و تێڕوانین "لەو شوێنەوە، کە قسەکەر گوێگرەکانی بانگدەدات تا ڕوداوەکە لەبەرچاو بگرن"، هەر ڕستەیەك تێڕۆانینی کاتی خۆی هەیە، بەگشتی ڕستەکان سەبارەت بە "ڕانەبردوو" تێڕوانینی ڕانەبردوی هەیە، و هەروەها بە نیسبەت "داهاتوو و ڕابردوو"شەوە هەر یەکەیان تێڕانینی تایبەت بەخۆیان هەیە، کاتی ڕابردوو یان کاتی قسەکردن سەنتەری بارودۆخی قسەکەرەکانە. تێنسەکان زۆر جار بارودۆخەکان یان کات پەیوەست بەو خاڵی ئاراستەکردنەوە دادەنێن:

(١) (ا) باپیر لە هۆلی کتێبخانەکە(هە)یە. ڕانەبردووە، هاوکاتە لەگەڵ کاتی قسەکردندا.

(ب) باپیر نامەکەی نوسی. ڕابردوو، پێش کاتی قسەکردنە.

(ت) باپیر دواتر نامەکە دەنوسێت. داهاتوو، لە دوای قسەکردنەوە.

ڕستەی (ت) جەخت لەسەر داهاتوو دەکاتەوە بەهۆی "پاشان/دواتر" ەوە، زیاتر لەوەی بەهۆی تێنسەوە بێت، ئەوە تایبەتمەنی کوردیە، کە فۆڕمێکی وەك (will)، و "سوف"ەی نییە، لە ڕستە ئاڵۆزەکاندا، ڕابردوو ڕانەبردوو و داهاتوو، وەك دووەم جێگیرکەرن بۆ دانانی بارودۆخەکان، بارودۆخەکان لە کاتێکدا دادەنرێن، پێش، پاش، یان هەمان کات لەگەڵ جێگیرکەری دووەم. لە ڕستەکاندا لەگەڵ گۆڕانی خاڵی ئاراستەکردنی دەربڕینە کاتیەکان هەمان بەهای پەیوەندی وەردەگرێت، کە لە ڕستەی سادەدا وەریدەگرن. ڕابردوو لە کوردی و ئینگلیزیدا، بۆ نمونە، بەردەوام جەخت لەسەر ڕابردوو دەکاتەوە، پەیوەست بە کاتی قسەکردن یان دووەم جێگیرکەری کات، بۆ نمونە،

(٢). خۆپیشاندەرەکان لە نیوەشەودا بڵاویدەکەنەوە کە نامەکانیان بڵاوکردنەوە.

بەلێکدانەوەیەك، لە هەردوو بەشی (٢)دا جەخت لەسەر کات دەکرێتەوە، کە دەشێت بکەونە دوای کاتی قسەکردنەوە، بۆ نمونە، کاتێکی ڕابردوو لە ڕستەی نا-سەرەکیەکان ئاراستەکراوە بۆ کاتی داهاتوو، پەیوەست بە واتای کاری ڕستەی سەرەکی و بەهای پەیوەندی زوتریەوە. لەلایەکی ترەوە، دەبینی، کە کاتی ڕستە نا-سەرەکیەکە پێش کاتی قسەکردن کەوتووە، دەربڕینەکانی کاتی دواتری دەشێت خاڵی ئاماژەی دووەمی هەبێت. لە ڕستەیەکی تری وەك (٣) ئاوەڵکاری دواتری لە "لە ٣ ڕۆژدا" جەخت لەسەر کاتێك دەکاتەوە لە دوای کاتی ڕابردووەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٣). نازەنین وتی سێشەمەی داهاتوو لە سێ ڕۆژدا باپیر سەفەردەكات.

ئاوەڵكاری ئاماژەیی لە "٣ ڕۆژدا" بۆ ئاماژەكردنی كاتی ڕابردووی ڕستەی سەرەكی جێگیركراوە. زیاتریش لەوە، خوێندنەوەی تریش وەردەگرێت، كە تێیدا ئاوەڵكارەكان جێگیركراون بۆ كاتی قسەكردن. هۆكاری ئاڵۆزیەكان ئاماژەكانن، كە دەشێت ئاراستەكە بگۆڕن. كارێك لە فۆرمێكدایە و دەشێت لە دەقدا ئەركێكیتری پێبسپێردێت، بۆ نمونە، دوێنێ و بەیانی، دەتوانێت تەنها بۆ كاتی قسەكردن جێگیر بكرێن و لەوێوە ئاماژەیان بۆبكرێت. جۆرێكی تری بنیات، كە ڕێگە بە ئاراستەكردنی خاڵی دووەم دەدات، بنیاتێكی پێرفێكتە. ئەو زمانانەی پێرفێكتی بەرێزمانی كراویان هەیە، ڕستەكان لە ڕابردوو و داهاتوودا خاڵی ئاراستەكردنی دووەمیان هەیە. كاری ناتەواوی "هەبوون" جەخت لەسەر زوتری دەكاتەوە. خاڵی ئاماژەكردنی دووەم بەهۆی ئاولكاری لە پێشەوەدا بوون جەختی لەسەر كراوەتەوە؟

(٤) دوو شەممەی ڕابردوو باپیر بە دڵنیاییەوە گەیشتتووە.

(٥) دوو شەمەی داهاتوو باپیر بە دڵنیاییوەوە ڕۆیشتووە.

ئەو ڕستانەی پێرفێكتن یان لە سەر ئەو بنەمایە بیناكراون، سێ خاڵی "كات" هاوبەشی دەكات، كاتی قسەكردن، كاتی خاڵی ئاراستەكردن و ئەو كاتەی كە ڕوداوەكەی تیادا ڕوویداوە.

**شوێنی كات**، لێرەدا كاتی قسەكردن جەختی لەسەركراوەتەوە، بۆیە تێنس و ئاوەڵكارەكان بە هۆی دیاریكردنی پەیوەندیەكانیانەوە بارودۆخەكان لە خاڵێكی ئاراستەكراودا دادەنێن. لە ڕانەبردووی سادە و ڕابردوودا، شوێنی جێگر كاتی قسەكردنە، و بارودۆخەكان بە شێوەیەكی زنجیرەیی بۆی دەگەڕێنەوە.

**ڕستە ئاڵۆزەكان**، كاتی جێگیری دووەمیان هەیە، كە باروودۆخەكان بۆی دەگەڕێنەوە، فۆرمە كات بەخشەكان "تێنس" و "ئاوەڵكارەكان"پەیوەندی "كات"ی گونجاویان هەیە: واتاكانیان لە دەقی ڕستەی دیاریكراو پەیوەست بە جێگیری یەكەم یان دووەم حسابی بۆدەكرێت.

بەلای Reichenbach لە (Smith 1990: 140) دوە سێ "كات"ە پێویستن تا بە شێوەیەكی دیار هەموو جۆری ڕستەكان دیاریبكەێن، بۆ نمونە،

(أ) دوو كات لە دانانی كاتی ڕستەی سادەدا هاوبەشی دەكەن.

(ب) ڕستە ئاڵۆزەكان كاتی زیادە دەخوازن چونكە خاڵی ئاراستەكردنی دووەمیان هەیە و

(ت) هەموو ڕستەكان تێڕوانینی كاتیان هەیە.

كاتی قسەكردن سەنتەری سیستێمەكەیە، كاتی ئاماژەكردن تێڕوانینی كاتی ڕستەكەیە، و لە ڕستەی ئاڵۆزدا خاڵی ئاراستەكردنی سانەوی هەیە. كاتی بارودۆخ بریتیە لە كاتی ڕوداو، و وەك ماوە(دووری)دیاریدەكرێت. و كاتەكانیش بۆ یەك دەگەڕێنەوە بەهۆی پەیوەندی ڕیزبوونی بناغەكانیانەوە. لە ڕستەی ڕانەبردوو هەموو كاتەكان هاودەمی و هاوكاتین. لە ڕستەی ڕابردوو و داهاتوودا كاتی ئاماژەكردن پێش یان پاش كاتی قسەكردن دەكەوێت، و خودی خۆی هاوكاتیە لەگەڵ كاتی بارودۆخەكە.

(٦) باپیر وتی سێشەممەی ڕابردوو لە ٣ كاتژمێردا سەفەریكرد.

لە (٦)دا، تێنسی ڕابردووی ڕستەی سەرەكی جەخت لەسەر كاتی ڕابردوو دەكاتەوە، (كاتی ٢) كە دەكەوێتە پێش كاتی قسەكردنەوە، (كاتی١) ڕوداوی (باپیر شتێكی گوت) لە كاتی (٢) دا دیاری دەكرێت. لە ڕستەی ناسەرەكیدا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاوەڵکار جەخت لەسەر کاتێك دەکاتەوە لە دوای کاتی (٢) ەوەیە (کاتی ٣) کە لەوێ ڕوداوی (ماری سەفەریکرد) دیاریدەکرێت. ئەوەش لە هێڵی کاتی ( ٣)دا ڕونکراوەتەوە. **دیاگرامی (٧)**




**سێشەممەی** **+ ٣ کاتژمێر** **کاتی قسەکردن**

**ڕابردوو**

**ماری وتی** **ماری سەفەریکرد** **باپیر شتێکی وت**

**(٧) (دڵنیابە) سێ شەممەی داهاتوو باپیر سەفەری کردووە.**

(٧) کاتی داهاتوو بینادەکات، (کاتی٢)، کاتی ئاماژەکردن، کە دوای کاتی قسەکردنە (کاتی١) کاری یاریدەدەر سەفەر(ی کردووە) جەخت لەسەر کاتی بارودۆخی پێشتر دەکاتەوە (کاتی ٣) کە ڕووداوی (باپیر سەفەریکردووە) دیاریدەکرێت یان لەسەری ڕویداوە. (٧) هێڵی کات دیاریدەکات، وەك ئاسایی، کە کەوتۆتە لای دەستە ڕاستی کاتی قسەکردنەوە. **دیاگرامی (٨)**

------------ کاتی ٢ --------- --------- -- -- -- کاتی ٣ --------- ------ ---- کاتی ١ ---- (١١)

**شێ شەممەی داهاتوو** **پاش (باپیر سەفەریکردووە)** **کاتی قسەکردن**

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە سێ کاتمان پێویستە تا شوێنی کاتی بارودۆخەکان لە ڕستەی ناسەرەکی و ڕستەی پێرفێتدا لەبەرچاوبگرین، لە لایەکەی ترەوە دەبینی، کە لە لێکدانەوەی ڕستەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە بارودۆخی ناوبەند پەیوەند و یەکلەدوای یەك هاوبەشی دەکەن، ئەوە وا دەکات، کە حاڵەتەکە زیاتر زەحمەت بێت وەك لە ڕستەی سادەدا، ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو، لە حاڵاتی زۆر زەحمەتدا خاڵی ئاراستەکراوی سانەوی ئەو ڕۆڵە دەبینێت. کاریگەری کاتی ئاماژەکردن لە ڕستەی سادە و ئاڵۆزدا باشترین ئەوەیە، کە لە بەراورددا بەرهەمدێت، بەراوردی ئەو دوو ڕستەیە بکە:

(أ) باپیر گەیشتووە. (ب) باپیر گەیشت.

هەردوو ڕستەکە هەمان مەرجی ڕاستی بەخۆوە دەگرن، واتە ئامادەبوونی کەسێك پیشاندەدەن، بەڵام بەتەواوی جیاوازن، و جیاوازیەکانیش لە باری سەرنجی کەسیەوە سەرچاوەیگرتووە، بۆیە ڕستەی (ا) ڕوداوەکە بە تێڕوانینی ڕانەبردووی پێرفێتەوە سەیر دەکات، بەڵام (ب) تێڕوانینی ڕابردووی سادە وەردەگرێت. بارودۆخەکە بە پێی بیری کاتی ئاماژەکردنەوە ڕونکراوەتەوە، جیاوازی کاتی لە نێوانیاندا دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئاماژەکردن. Reichenbach ئەو ڕستانە بەکار دەهێنێت، کاتی قسەکردن ST کاتی ئاماژەکردن RT و کاتی بارودۆخ sit-T

( ٨) (ا) ------ sit-T ------ RT = ST (ب) ........... RT = Sit-T .......... ST

لە (ا)دا ڕوداوی ڕابردوو لە ماوەی ئاماژەکردنی ئێستادا دانراوە، کە درێژدەبێتەوە بۆ ڕابردوو لە کاتی قسەکردنەوە، لە کاتێکدا لە (ب)دا ڕوداوەکە بە تەواوی لە ڕابردوودا دانراوە. بیری کاتی ئاماژەکردن وەك ئەوەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تێڕوانینی کاتی دەدات و کاردەکاتە سەر لێکدانەوەکە نەك مەرجی ڕاستی واتای ڕستەکە. بەڵگەیەکی تر، کە کاتی ئاماژەکردن تێڕوانینی کاتی ڕستەکە دەدات لە دیاردەی گۆڕانی ئیشارەوە deixis[٥].

**2.6 ناوبەند پەیوەندی لە نێوان تێنس و ئاوەڵکاری کاتی**

کاتێك باس دێتەسەر ناوبەنپەیوەندی لە نێوان ئەو دوو کاتەگۆریانەدا، گرفتێك سەرهەڵدەکات، کە شایانی باسە، چونکە باس لە هاوبەشی لە بابەتی ڕێزمانی و سیمانیکی دەکات، ( ١٩٩٣ Dowty (1979 and ئەوە دیاریدەکات، کە ئاوەڵکاریە ڤاڵبیەکان Frame بۆ نمونە، "دوێنێ"، وەك هۆکاری تێنسی دێنە پێش چاو، و دەتوانرێت وەك جەدوەلی/پێرستی مامەڵەبکرێن. پوختەی قسەکانی Dowty ئەوەیە، کە دەبێت "دوێنێ" وەك سنوردار لەسەر کاتی هەمیشەگۆڕاو کاربکات لە پیشاندان و ڕونکردنەوەیەکی لۆجیکیدا، و دەتوانێت وەك دەربڕینێك ببینرێت، کە ئاماژەکردنی کاتی بگەیەنێت. بەپێی سیستێمی رەمزی (42 :Ogihara (1996 کە هاوتایە بە ڕەمزی Dowty وەك لە (١) دا پیشاندراووە.

(١) جۆن دوێنێ کۆکی

دەربڕینی "دوینێ" وەك پەراوێزی[٦]، واتە درێژەپێدراوی جێگیر مامەڵەدەکرێت، کە ئاماژە دەکات بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات کە ڕاستەوخۆ پێش ئەو ڕۆژەدەکەوێت کە کاتی قسەکردنیش دەگرێتەوە. سەرجەم ڕستەکە ئەوە پیشاندەدات، کە کاتێکی ڕابردوو هەیە، کە بەشێکی دوێنێیە و لەوێدا جۆن کۆکیووە. ئێستا با سەرنج لەوە بدەین کە چۆن ئەو پێشنیارە بەشێوەیەکی بنیاتی، واتە پێکهێنانی جێبەجێدەکرێت. Dowty 1979 پێشنیاری یاسایەك دەکات، کە بۆ ئاوەڵکارە ڤاڵبیەکان، ڕستە نا-تێنسیەکان بەکاردەهێنرێت، و ڕستەی تێنسی بەرهەمدێنێت، کە ئاوەڵکار لەخۆدەگرێت. ڕستەی (١) بەشێوەیەکی ڕێزمانی لێکدەدرێتەوە:

٣٦ باپیر کۆکی دوێنێ

دوێنێ کۆکی باپیر

یاسای سیمانتیکی پەیوەندیدار ڕستەی بێ-تێنسی وەك "باپیر کۆکی" و ئاوەلکاری "دوێنێ" لێکدەدات و تا ڕستەی تێنسی بەرهەمبێنێت. ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت، کە مۆرفیمی تێنسی ڕابردوو پێشکەشدەکرێت بەبێئەوەی بە هیچ کاتەگۆریەکی سینتاکتیکی دیاریبکرێت. جارێکیتر پیاچوونەوە دەبینی، کە یەکەم، "دوێنێ" وا وەردەگیرێت تا ئاماژە بۆ دەستەیەك، یان هەموو دەستەی کاتەکان بکات، کە بەشێك لە دوێنێ لەخۆدەگرن، وەك ڕەگەزێك. دووەم، ڕستەی بێتێنس John cough وەك (cough’(J وەردەگێڕێت، واتە "جۆن کۆکی" وەك "کۆکینی جۆن" وەردەگیرێت، کە ئاماژە دەکات بۆ دەستەیەك لە کاتەکان لە سیستێمی Ogihara بە پێچەوانەی Dowty یەوە.

[٥] بەکارهێنانی وشەیەك بە مەبەستی گەیاندنی واتای ڕێژەیی پەیوەست بە زەمان و مەکانی قسەکردنەوە، بۆ نمونە، ئێستا، ئێرە و ئەوێ. سەرنج بدە ئەوەی کە "ئێستا" ئاماژەیە بۆ کاتی ئێستا لەکاتێکی تردا دەبێت بە ڕابردوو یان "ئێرە" بۆ قسەکەرە و بۆ کاتێکیتر دەشێت ببێت بە "ئەوێ" ئەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە وشە ئیشاریەکان ڕێژەیین و پەیوەستن بە زەمان و مەکانەوە.

[٦] مەبەستمان لە پەراوێزی درێژکراوە یان درێژەپێدراوە، واتە دوێنێ دەگرێت وا لەبەرچاوبگیرێت، کە خۆی وەك کاتی t و دواتر لە چەندان وەچەکاتیتری وەك کاتی ’t پێکهاتبێت، ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئێمە "دوێنێ" بەسەر چ دانەیەکدا دابەشدەکەین، بۆ نمونە، کاتژمێر، خولەگ یان چرکە، ئەو کات دەکرێت ڕوداوێك هەموو کاتی t بگرێتەوە، یان لە سەر دانەیەك یان زیاتر لەو دانانە ڕوبدات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Reichenbach (1947: 295) دوودڵە سەبارەت بە دابەشکردنی سیمانتیکی ئایندەی سادە و وایدەبینێت، کە ئەوە دەبێتە سەرهەڵدانی دوو لێکدانەوە و پێشاندانی چاوەڕوانکراو، کە ئەوەش پشت بە هاوڕێیەتی و لەگەڵ هاتنی ئاوەڵکار دەبەستێت.

(ا) ئێستا دەڕۆم (بۆماڵەوە) now I shall go S, R ----- E لە بری سوف بۆ کاری ئاینده

(ب) بەیانی دەڕۆم (بۆ ماڵەوە) S ------- E,R

### 2.7 مێژوویەکی کورتی فەلسەفەی کات

سەبارەت بە کات و لێکۆڵینەوە لە کات لە لایەن میسریە کۆنەکانەوە قسەی لەسەر کراووە، بۆ نمونە، لە Ptahhotep (c. 2650-2600 BC کە دەڵێت، "لە کات کەم مەکەرەوە کاتێك ئارەزووەکان هەڵدەقوڵێن، بەفیڕودانی کات ناپەسەندە بۆ گیان"، لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی باری سەرنج لەسەر "کات" و "ماوە" لە Vedas و ئارەزووە زوترەکان لەسەر فەلسەفەی هیندی و لە لایەن فەیلەسوفە هیندیەکانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش میلاد، گەردووناسە هیندیەکان، وا بیردەکەنەوە کە گەردوون بە شێوەیەکی بازنەیی داهێنان و خولقاندن، وێرانکردن و دووبارە لەدایکبوونەوە دووبارەدەبێتەوە، لەگەڵ هەر بازنەیەك کە بۆ 4,320,000 ساڵ درێژ دەبێتەوە. هەروەها فەیلەسوفە یۆنانیە کۆنەکانیش، لە نێویاندا Parmenides and Heraclitus -ن، کە بە لایانەوە "کات" و "ماوە" وەك بیری تاك لەبەرچاودەگیرێن، __ئیفلاتوون__، لە Timaeus "کات" لەگەڵ ماوەی جوڵانی لەشی ئەستێرەکانی ئاسمان دیاریدەکات، و "ماوە" وەك ئەوەی شتەکان دێن تا ببن دیاری دەکات، __ئەرەستۆ__، لە Book IV لە فیزیاکەیدا، "کات" وا دیاریدەکات وەك ئەوەی ژمارەیەك بن لە گۆڕان، لە بواری لە پێش و لە پاش، و شوێنی شتەکان وەك سنوری وەستاوی ناوەوەی ناوەوە دیاریدەکات، کە دەوری داوە. سەبارەت بە سروشتی "کات" پرسیاری ئەوە دەکات، بۆ نمونە، "پاشان کات چیە؟"، ئەگەر کەسێك نەبێت پرسیارم لێبکات، دەزانم، ئەگەر حەزبکەم ئەوە بۆ کەسێك، کە پرسیارم لێبکات لێکبدەمەوە، نازانم"، دواتر بەردەوام دەبێت تا سەرنج لەسەر ئاڵۆزی بیرکردنەوە سەبارەت بە "کات" بدات، ئاماژە بۆ ناتەواوی قسەکردنی باو دەکات، "بەڵام هەندێك شت هەن، کە بە شێوەیەکی ڕاست قسەی لەسەر دەکەین"، و زۆریشیان بە شێوەیەکی نا ڕاست قسەیان لەبارەوە دەکەین.

کەسێکی وەك Augustine موناقەشەیەکی فەلسەفی پێشکەشدەکات سەبارەت بە هەقیقەتی خولقاندن، (ئەوە دژ بە ئەرەستۆیە)، و باوەڕی وایە، کە زانیاری کات پشت بە زانیاری جوڵانی شتەکان دەبەستێت، لەبەرئەوە کات نییە لەو شوێنەی کە زیندەوەری لێنەبێت تا تێپەڕینەکەی بپێوێت، ( confessions Book (XI 30, city of God Book VI ch 6)، بەو پێیە کات لەسەر مانگ نابێت هەبێت.

بە پێچەوانەی فەیلەسوفە یۆنانیەکانەوە، ئەوانەی باوەڕیان وایە، کە جیهان (کەونی/گەردوونی) ڕابردوویەکی بێکۆتایی هەیە بەبێ بوونی سەرەتا و کۆتایی، فەیلەسوفەکانی سەردەمی ناوەڕاست و زانایانی خواناسی ئەو بیرەیان گەشەپێدا، کە دەڵێت "جیهانی/گەردوونی ڕابردوویەکی دیاریکراوی هەیە، کە سەرەتای دەستپێکردن لەخۆدەگرێت، کە ئێستا پێی دەگوترێت، "Temporal finitism". فەیلەسوفە مەسیحیەکان، بۆ نمونە، John philoponus موناقەشەیەك لە ناگونجاوێتی هەبوونی هەقیقەتی بێکۆتایی دەکات، و ئەوە ئاشکرادەکات کە "هەقیقەتی بێکۆتایی بوونی نییە" و "گەڕانەوەی بێسنوری کاتی ڕوداوەکان ناتوانرێت ببێ".


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### 2.8 قوتابخانە و لایەنەکان

#### 2.8.1 ڕاستیی (ڕاستی پەرستی) و دژ بە ڕاستیی پەرستی Realism and anti-realism[7]

هەڵوێستی واقیعی تەقلیدی لەسەر بنەمای زانستی هەبووندا، ئەوەیە، کە "کات" و "ماوە" دوور لە مێشکی مرۆڤەکان بوونیان هەیە، بە پێچەوانەی/(ئەنتی) ڕاستی بەرستەکانەوە، بیردەکەنەوە، و گومانیان سەبارەت بە هەبوونی سەربەخۆیی شتەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە مێشکی کەسەکاندا هەیە، هەندێك لەوانەی، کە دژ بە ڕاستیین، وا بیردەکەنەوە، کە شتەکان لەدەرەوەی مێشکی کەسەکاندا بوونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، گومانی هەبوونی "کات" و "ماوە" بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە مێشکی کەسەکاندا جێگەی گومانە.

Immanel Kant (1788) کاریگەری بەرچاوی لە چیرۆکی فەلسەفەی "کات" و "ماوە"دا هەبووە، باسی "کات" دەکات وەك بیری پێشتری، کە پێکەوە لەگەڵ بیری پێشتریەکانیتر، بۆ نمونە "ماوە" ڕێگەمان پێدەدەن تا بیری ئەزموون تێبگەین"، و Kant نکولی ئەوە دەکات، کە نە "کات" نە "ماوە" لە خودیخۆیاندا، ماددە، یان بوونەوەربن و بەهۆی ئەزمونەوە بزانرێن، و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەردوو "کات و ماوە space and time-" ڕەگەزن لە چوارچێوەیەکی مەنهەجێکی ڕێکخراو و بەکاریان دەهێنین تا بنیاتی ئەزمونەکانمان بکەین. پێوانەی شوێنی بەکاردەهێنرێت تا ئەوە دیاریبکەین شتەکان چەند لەیەك دوورن، و بە هۆی پێوانەکانەوە دەتوانین ماوەدووری لە نێوان ڕوداوەکاندا بەراوردبکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، کە "ماوە" و "کات" بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر و بەپێی ئەو تێگەیشتنە نمونەییە بەردەوامن و بەشێوەیەکی ئەزمونی بەدەرکەوتوون، ئەوانە هەقیقەتن — نەك تەنها هەر لە سنوری خەیاڵدا قەتیس مابن. بە پێی نوسەرە خەیاڵ پەرستەکان لە وێنەی J.M. E. McTaggart کات خەیاڵە. بۆیە ئەوانە زۆر دوورە پەرێزن لە ڕاستی پەرستەکان، لە وێنەی Gottfried Leibniz کە بەردەوامە لەسەر ئەوەی، کە یەکە یەکەی(گەردیلەکان) هەن، بەلانی کەمەوە لە مێشکی ئەوانەی هەستیانپێدەکەن.

#### 2.8.2 بێگومانیی و پەیوەندیداریێتی Absolutism and relationalism[8]

گەرەترین و فراوانترین گفتوگۆ سەبارەت بە دیاریکردنی بیری "ماوە/space"و "کات"، وەك ئەوەی لە خودی خۆیاندا شتی هەقیقی و تەواوبن، یان تەنها شتی بێبایەخ و لەسەر شتە هەقیقیەکان ڕێکخراو و دامەزراوبن، ئەوە لە نێوان زانایانی فسیولۆجی (ئاستی کارکردنی ئاسایی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و گیاندارەکان) بە وێنەی Isaac Newton (لە ڕێگەی نوێنەرەکەیەوە بە ناوی Samiel Clarke) و Gottfried Leibnize لە نامە هاوتاکەی Clarke دا ڕوودەدات .

لێرەدا Leibniz ژمارەیەك لە بیر و تاقیکردنەوە پێشکەشدەکات بە مەبەستی پیشاندانی ئەوەی، کە لێرەدا جیاوازی هەیە لە پێشنیاری هەبوونی هەقیقەتەکاندا، بۆ نمونە، لە نێوان دیاریکردنی شوێنی تەواو، خێرایی و تیژڕەودا. ئەو ئەرگیومێنتانە مامەڵە لەگەڵ دوو ڕێبازی سەنتەری لە فەلسەفەکەیدا دەکەن. یەکەم دەستور و ڕێبازی هۆکاری بەس و لە یەکچوونی هەستپێنەکراو (واتە ئەوەندە کەمە نابینرێت و هەستی پێناکرێت) واتە

[7] بە واتای شوێن خەیاڵ نەکەوتن، نواندنی هەقیقەتی ژیان و سروشت، توانای کەسەکان سەبارەت بە قبوڵکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکان بە ڕێگەی تایبەت، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەربکرێت بەهۆی بیرە هەڵەو نادروستەکان.

[8] ئەوە سیستێمێکی پۆلیتیکیە، کە تیایدا یەك یاسا هێز و دەسەڵاتی تەواوی هەیە، کەواتە ئەوە، وەك ڕژێمێکی نەبەستراو بەدەستورەوە مامەڵە دەکرێت، بە پێچەوانەی ئەوانەی باوەڕیان بە پەیوەندیداریێتی هەبوونی ئەندامێتی لەناو یەکەیەکی دیاریکراودا هەیە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

یەکەمیان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بۆ هەر هەقیقەتێك، هۆکاری بەس و پێویست هەیە، و ئەوە پیشاندەدات، کە ئەوە بۆ شتێکی دیاریکراو هەیە و بۆ شتیتر نا. بیرەکە لەوەدا کورتدەبێتەوە کە ئەگەر لێرەدا هیچ ڕێگە و هۆکارێك نەبێت پێمان بلێت، کە ئەوانە دوو بوونەوەری جیاوازن، پاشان بیر و بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کورتدەبنەوە کە ئەوانە وەك یەك و هەمان شتن، مادام هەست بە جیاوازی لە نێوانیاندا ناکەین، Clarke جەخت لەسەر زەرورەتی هەبوونی ماوەی تەواو دەکات تا سوڕانەوە و خێرایی لەبەر چاوبگیرێن، بەلایەوە ناتوانرێت ئەوە لەسەر حیسابی پوختەی بۆچوونەکانی زانایانی پەیوەندیدار بگاتە مەبەست، Clarke لە سەر ئەو ڕایەیە، کە لەو کاتەوە چەمانەوەی ئاو لە سەتڵی خولاوە و سەتڵی جێگیر، کە ئاوی خەڕەك ڕستنی تێدایە، ئەوە دەگەیەنێت، کە سوڕانەوەی ئاوەکە پەیوەست بە هەبوونی شتی سێیەمەوە دەتوانرێت لێکبدرێتەوە.

Leibniz باوەڕی وایە، کە "ماوە" تەنها وەك پەیوەندی لە نێوان شتەکاندا بوونی هەیە، و دور لەو شتانە بوونی نییە، جوڵان وەك پەیوەندی لەنێوان ئەو شتانەدان هەیە، زانایانی سەر بە Newton باوەڕیان وایە، کە "ماوە" چوارچێوەیەکی تەواوی ئاماژەکرن دەدات، کە لە مەوداکەیدا شتەکان دەتوانن بجوڵێن. لە سیستێمی Newtonدا، چوارچێوەی ئاماژەکردن هەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەو شتانەی لە مەودای "ماوە"دا هەن، دەتوانرێت ئەو شتانە وەسفبکرێن وەك ئەوەی بجوڵێن پەیوەست بە خودی "ماوە".

### 2.8.3 بیر و ڕاکانی Mach

ڕۆڵی زانای فیزیا Mach لە سەدەی ١٩ هەمدا جێگەی بایەخ پێدانە، Mach نکولی لەو گفتوگۆیانە نەدەکرد، کە سەبارەت بە سەتڵەکە دەکران، بەپێچەوانەوە بەردەوام نکولی لە پوختەی تیۆروانیەنەکانی زانایانی سەر بە تەواو و پووختەیی دەکرد، ئەوەش لە ئەنجامی پێشکەشکردنی وەڵامی جیاوازەوە، وەك ئەو شتەی، کە سەتڵەکە پەیوەست بە ئەستێرە جێگیرەکانەوە دەسوڕێتەوە. Mach باوەڕی وابوو، کە تاقیکردنەوەکان وەك ئەرگیومێنتی سەتڵەکە گرفتاوین، ئەگەر ئێمە کەون وا بە خەیاڵی خۆمانیدا بهێنین کە تەنها سەتڵێکی تیادایە، لەسەر حیسابەکەی Newton ، ئەو سەتڵە دەتوانرێت دەستەیەك لە خولانەوە بێت پەیوەست بە ماوەی تەواو absolute space، و ئەو ئاوەی لە سەتڵەکەدا هەیە تایبەتمەندی ئاستی سەرەوەی چاڵەکە فۆڕمدەکات، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی شتیتر لە کەوندا، زەحمەتە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە سەتلەکە لە هەقیقەتدا دەسوڕێتەوە، هەمان شێوە ئەوە چاوەڕوانکراوە، کە ئاستی ڕوکەشی ئاوەکە لە سەتڵەکەدا بە تەختی دەمێنێتەوە. کەواتە ئەوە شتەکانی دەوروبەرن پێمان دەڵێن سەتڵەکە دەسوڕێتەوە.

Mach دەڵێت، تاقیکردنەوەی "ئاو" لە کەونێکی بەتاڵدا بە پێچەوانەی ئەوەوە دەشێت لە ئەستێرەیەکی دوورەوە، (پەیوەست بە سەتڵەکە) وا ببینرێت وەك ئەوەی بسوڕێتەوە، ئەو ئاوەی لە ناو سەتڵەکەدایە وا چاوەڕواندەکرێت، وەك ئەوەی چەمانەوەیەکی کەمی هەبێت، لەبەرچاوگرتنی ئەو چەمانەوەیەی، کە هەستی پێدەکەین، بەرزبوونەوەیەك لە ژمارەی شتەکان لە کەوندا و چەمانەوە لە ئاوەکەدا زیاددەکات، هێزی پاڵپێوەنانی شتێك، گۆشەدار بێت یان ڕاست، وەك سەرنجامی کۆی کاریگەری شتەکانیتر لە گەردووندا بوونی هەیە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### 2.8.4 کۆنباوییگەری Conventionalism

مەبەست لە کۆنباوی، نەریت، واتە لەسەر دەستوری کۆن ڕۆیشتنە، کۆنباوەکان ئەوە دیاریدەکەن، کە هەقیقەتی شتەکان وەك ئەندازەی "ماوە" و "کات" نییە، ئەوانە بە هۆی نەریتەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت، یەکەم پشتگیریکەری ئەو تێڕوانینە Henri Poincareە، کە باوەڕی وایە، ئەو ئەندازەیەی بۆ "ماوە" بەکار دەهێنرێت بە هۆی ڕێکەواتن و نەریتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، و ئەندازەکان بە شێوەیەکی یەکسان وەسفی دەستەیەك لە شتەکان دەکەن و بناغەیان لەسەر بنەمای لێکۆینەوە داناوە. ئەو تێڕوانینە گەشەی کرد، دواتر تازەکرایەوە تا ئەو لێکۆڵینەوە بگرێتەوە، کە لە زانایانی فیزیکی ڕێژەییەوە بە هۆی Hans Reichenbach دوە جێبەجێکراوە، بۆ "ماوە" و "کات" بەکارهاتووە، و بەدەوری پێناسەی بیری هاوپلەییدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. پێناسەی هاوپلەیی دوو فیچەری گرنك لەخۆدەگرێت، (ا) کار لەگەڵ هاوپلەییکردنی بەشی درێژیەکان لەگەڵ شتی فیزیکی دیاریکراودا دەکات. چونکە ناتوانین ڕاستەوخۆ درێژی تێبگەین، بۆیە پێویستە هەندێك شتی فیزیکی(مەتری ستاندارد لە ئێفرازی جیهانیدا) هەڵبژێرین، بۆ نمونە، فیچەری (ب) مامەڵە لەگەڵ شتە لاپەڕ و دوورەپەرێزەکاندا دەکات، دەتوانین تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆی یەکسانی درێژیەکانی دوو پێوانەکردنی لق و تولەکان بپێوین کاتیك ئەوانە بە دواییەکترەوە دێن، چونکە دۆزینەوەی دوو لقی لەیەك دوور زەحمەتە. تەنانەت ئەگەردوو "لق/قەزیب" بۆ نزیکی یەکتر بهێنی وا دەبینرێن وەك ئەوەیی لە درێژاییدا وەك یەکبن، بە شێوەیەکی گشتی کاتێك تیۆری ڕێژەیی، کە ڕوناکی پێشبینی دەکرێت، نیشانەکردنی دوریەکی هاوتا لە کاتی هاوتادا دەبینرێت.

## 2.9 پێکهێنانی کات و ماوە The structure of space time,

### 2.9.1 هاوڕێژەیی هاوکاتی

بە پێی هاوڕیژەیی تایبەت special [9]relativity هەر خاڵێك لە گەردوون دەتوانێت دەستەی جیاواز لە ڕوداو لەخۆبگرێت، کە نمونەی ئێستایی دروستدەکات، ئەوە لە موناقەشەکانی Eetdijk-Putnam بەکار هاتووە، تا پیشانیبدات، کە هاوڕێژەیی پێشنیاری کیتلەی کەون دەکات، کە تێیدا ڕوداوەکان لە چوار ئاراستەوە جێگیرکراون.

### 2.9.2 نەگۆڕ بەرانبەر بە گۆڕان

یەکێك لەو کەسانەی لەو بوارەدا کاری کردووە Michael Friedman-ە، کە جیاوازی لە نێوان جێگیر لەسەر گواستنەوەی ماتماتیکی و نا-جێگیر لەسەر جێگیریی یان گونجان کردووە، کە بۆ شتەکان بەکاردەهێنرێن، بەواتای ئەوەی، گروپی هاوتایی تیۆری "کات" و "ماوە" دیاریدەکات سەبارەت بەوەی چ فیچەرێکی شتەکان نەگۆڕن، یان تەواون، و کامیان داینامیکین و توانای گۆرینیان هەیە. گۆڕانەکان بۆ تێوریەکانی بنیاتنان بەکاردەهێنرێن، بەواتای ئەوەی گروپی گۆڕانەکان ئەوە دیاریدەکەن، کە لە چ نیتاق و مەودایەکی سیستێمی هاوپلەکاندا یاسای فیزیکی کاردەکات.

---

[9] هاو پەیوەندی دوو شت یان زیاتر لەگەڵ یەکتردا، ڕەچاوکردنی شتێك لە چاو شتێکیتردا. ئەنشتایسن لەو ڕووەوە دەڵێت هەڵسەنگاندن و پێوانی هیچ شتێك بەتەنها ناکرێت بەڵکو بە هاوپەیوەندی لەگەڵ یان لەچاو شتیتردا، هەروەها لە پەیوەندی فیزیادا لە نێوات کات، ماوە، و جوڵان. ئەوە بە پێی ئەنیشتاین.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### 2.9.3 ئاراستەی کات

گرفتی ئاراستەکردنی "کات" ڕاستەوخۆ لە هەقیقەتی ناکۆکیەوە پەیدادەبێت، یەکەم، یاسای فیزیکی بنچینەیی بریتییە لە پاش و پێش خستنی-کات ی نەگۆڕ، ئەگەر فلیمێکی سینامایی بۆ هەر پرۆسەیەك وەرگێرابێت توانای وەسفکردنی هەیە بەهۆی یاسای ئەوانەی پێشتر باسکراون و پاشان بۆ دواوە بەکارهاتبن، ئەوە هێشتا پرۆسەیەکی فیزیکی چاوەڕوانکراو وێنادەکێشێت، ئەزمونەکانمان سەبارەت بەکات دەخاتەڕوو.

### 2.9.4 باری سەرنجی سیمانتیکی تێنسلێس The Tenseless View of Semantics

مەرج نیە  هەموو زمانەکان تێنسیان هەبێت، زمانە بێ تێنسەکان ئەوانەن کە کاتەگۆری ڕێزمانی تێنسیان نییە، ئەو زمانانە دەتوانن ئاماژە بۆ "کات" بکەن بەهۆی بەکارهێنانی هەندێك بەندی لێکسیکەلێتری وەك "کار"، "ئاوەڵکار" یان بە هۆی لێکدان و گرێدانی "ئەسپێك"، "موود" و هەموو ئەو وشانەی دەتوانن ئاماژەکردنی "کات" بنیاتبنێن. ئەو زمانانەی تێنسیان نییە بریتین لەBurmese، Chinese، Dyirbal،[1] ، Guaraní and Greenlandic[2] لە لێکدانەوەی سەردەمیدا ئەوە هاتووە، کە دەکرێت، بە هۆی پێکەوەگرێدانی "تێنس" لەگەڵ "ئەسپێکت"دا لەبەرچاوبگیرێت، "کار" وەك فۆڕمی تێنس لە زوربەی زۆری زمانەکاندا، دەتوانرێت بۆ کاتەگۆری مودیش گەردان بکرێت، لە زۆر باردا ئەو سێ کاتەگۆریە ناوبەند پەیوەندیانە زەحمەتە بەتەنها و دوور لەیەك پێشانبدرێن، لەبەر ئەوە هەندێك زمان دەتوانرێت لە بواری لێکدانی هەرسێکیانەوە tense–aspect–mood وە باسبکرێن. ناوەرۆکەکان لەبری هەبوونی بەهای ڕاستی لە کاتدا. بەهای ڕاستی ڕاستەوخۆیان هەیە، بەو تایبەتیانەوە:

(أ) سیمانتیکی بنچینەیی شوێن دیاریکردن، بریتیە لە ”P is V“ (کاتێك کە ئەو دەربڕینەی لە شوێنی ”P“ بەکار دەهێنرێت ئاماژەدەکات بۆ ناوەرۆکێك و ئەوەش کە لە شوێن ”V“ دادەنرێت ئاماژەدەکات بۆ بەهای ڕاستی لە "کات"دا.

(ب) ناوەرۆکەکان ناتوانن لەهەمان کاتدا بەهای ڕاستی جیاواز و لە "کات"ی جیاوازدا لەخۆ بگرن.

کورتکردنەوەی فەلسەفەی ئیفلاتونی لە بواری کاتدا، هەندێك پرسیاری وەك ئەوانەی لای خوارەوە بە مەبەستی ڕونکردنەوەبی ئەوانەی سەرەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

(أ) چی دەبێت، یان چی دەکەین ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بینیمان شتەکان لە هەموو شوێنێك لە دەوروبەر وەستان؟

(ب) چی دەبێت یان چۆن بیردەکەیتەوە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بینیت باڵندەیەك لە ناوەڕاستی فڕینەکەیدا بەستی.

(ت) چی دەبێت یان چۆن بیردەکەیتەوە ئەگەر کەسێك لە ناوەڕاستی (دەربڕینی) ڕستەکەیدا بەستی.

(پ) چییە ئەگەر گۆڕانکاریەکان، لە هەموو کەون، بە تەواوی بۆ ماوەیەك، بلێین ساڵێك و دووان وەستا؟ ئایا ئەوە گونجاووە؟

ئەگەر وەڵام بۆ پرسیارەکە بە نەخێر یان بە بەڵێ بوو، — وای دانێ کە کارێکی گونجاوە بە درێژایی ماوەیەکی کاتی دیاریکراو و هیچ شتێك و لە هەموو شوێنەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نەهات، پاشان دەگونجێت، کە بەستن لە هەموو دوونیادا ڕوبدات، بۆ نمونە، لە نێوان ئەو کاتەی کەسێك ڕستەیەك تەواودەکات و ئەو کاتەش کە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەست دەکات بە ڕستەی دواتر. ئەگەر گونجاو بێت ماوەیەکی کاتی هەبێت بەبێ گۆڕان، پاشان دەشێت کارێکی گونجاو بێت کە ملیون ساڵ لەو کاتەوە، کە کەسەکە ڕستەی دوایی دەخوێنیتەوە تێپەڕیبێت.

پوختەی ئەو پێشنیارە لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی ئیفلاتووندا ئەوەیە، کە ئایا دەبێت "کات" هەبێت بەبێ گۆڕان، ئەوە بە شێوەیەکی نەریتی لێکدانەوەی ئەوەی بۆ دەکرێت کە ئایا "کات" بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەو ڕوداوەی کە تێیدا ڕوودەدات بوونی هەیە، لێرەدا دەبێت ماوەیەك لە "کات" هەبێت بەبێ گۆڕان، پاشان ئەوە، ئەوە بەدوایخۆیدا دەهێنێت کە دەبێت "کات" هەبێت بەبێ هیچ ڕوداوێك تا کاتەکە پڕبکاتەوە، ئەوە بیرمان بەلای ئەوەدا دەبات، کە ئەگەر بەبێ گۆڕان هیچ ماوەیك لە "کات" نەبێت، ئەوسا دەبێت بوونی "کات" وابەستە بێت بە بونی ڕوداو تا پڕیبکاتەوە.

زۆر لە فەیلەسوفەکان بە وێنەی ئەرستۆ و Leibniz موناقەشەی ئەوە دەکەن، کە "کات" بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەو ڕوداوانەی کە تێیدا ڕوودەدەن وجودی نییە. ئەو تێڕوانینە پێی دەگوترێت "Reductionism with respect to time" واتە کورتکردنەوەیی یان پەیوەندیداریێتی ئەوەی پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، بە هاتنی ئەو تێڕوانینانە، دەبینی ئاراستەی گفتوگۆکان لە گۆڕاندان، هەندێك لەو باسانەی سەبارەت بە "کات" هەن، جەخت لەسەر پەیوەندی کاتی temporal relation لە نێوان شت و ڕووداوەکاندا دەکەنەوە. ئەوانە دەدرێنە پاڵ فەلسەفەی Plato پەیوەست بە "کات"، بابەتێتی پەیوەست بە "کات" یان سەربەخۆیی پەیوەست بەکاتەوە، کە لە لایەن Plato, Newton، و کەسانی ترەوە دیاریکراوە، بەلایانەوە کات وەك دەفرێکی بەتاڵ وایە کە شت و ڕوداوەکان تێیدا دادەنرێن، بەڵام دەفرێك، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەو شتەی (یان هەرشتێك)، کە تێیدا دادەنرێت".

ئەرەستۆ لەسەر ئەوەیە، کە "کات" سەرتای نییە و دەبێت یەکەم چرکەساتی "کات" هەبێت، کە پێویستە لە نێوان ماوەکاتی زوتر و دواتردا بێت، بەو پێیە کاتی قسکردن وەك سەنتەر و لەوێوە چرکە ساتەکانیتر لە پێش و لەپاش کاتی قسەکردنەوە دیاریدەکرێن، بەلای ئەرەستۆوە "کات" کۆتایی نییە، و پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا "کات" پێویستە تەنها بەهۆی هێڵێکی تاکەوە پێشکەشبکرێت، ئەوەی لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە "کات" لە تەوژمی جیاواز پێکدێت، هەر دانەیەك لەوانە دوورە پەر و جیایە لە ئەوەکەیتر، لەبەر ئەوە هەر لەحزەیەکی "کات" لە هەڵوێستی پەیوەندی "کات"ی بۆ لەحزەکانیتر لە تەوژمە کاتی خۆیدا، بەڵام ئەوە هیچ پەیوەندیەکی کاتی هەڵناگرێت بۆ هەر چرکەساتێك لە تەوژمی کاتی تردا. پرسیاریتر ئەوەیە کە ئایا "کات" دەبێت هاوتابێت بە هێڵی لقی جیاواز، بە بازنەی داخراو یان هێڵی نابەردەوام، دەکرێت پرسیاری ئەوەش بکرێت ئایا دانەیەك لەو دوو ئاراستانەی "کات" لە هەندێك ڕێگە خاوەن مافی تایبەتە، بەو ڕێگەیەی کە وا دەکات "کات" خودی خۆی لاسەنگە و وەکیەك نییە.

زمانەوانەکان، ئەوانەی پشتگیری باری سەرنجی زانایانی بواری کورتکردنەوە Reductionism دەکەن، لەو بوارەدا دوو لایەن لە ڕازیکردنی خەڵکەکاندا ڕۆڵیان هەیە:

(أ) لایەنێك لەوانە بیریە conceptual: "کات" بەپێی ئەو لایەن و موناقەشانە، شتێکیتر نییە بەدەر لە سیستێمی پەیوەندی کاتی لە نێوان شت و ڕوداوەکاندا، لەبەر ئەوە بیری ماوەی "کات"ی بەبێ گۆڕان وا دەردەکەوێت وەك ئەوەی ناموتەناسیق(پچڕ پچڕ) بێت


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ب) لایەنەکەیتر سەبارەت بە تیۆری لێکۆڵینەوەی سەرچاوە، سروشت، شێواز و سنوری زانست، سەرچاوەی زانستە، بە پێی ئەو باری سەرنجە، دانان و پێشنیاری ماوە "کاتی بەتاڵ"-ە، تەنانەت ئەگەر وەها ماوەیەکیش هەبێت، هیچ ڕێگە و هۆکاریکمان نییە سەبارەت بە هیچ کام لە هەبوون یان درێژیەکەی، بۆ نمونە، "نازەنین نان دەکات" جیاوازە لە "نازەنین چا دەخواتەوە"

هوکاری پشتگیری باری سەنجی ئیفلاتونیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە (ا) کۆنتێنەرە بەتاڵەکە کینایەیە و داواکاری بەدیهی زۆر لەخۆدەگرێت، (ب) هەندێك موناقەشەی سەرەکیتر بەرانبەر بە ئیفلاتون، لە لایەن کەسێکی وەك Sydney Shoemaker ەوە پێشنیار کراوە، کە لێرەدا بارودۆخی چاوەڕوانکراو هەن، کە دەتوانن واتا و تێگەیشتنی تەواو بدەن بۆ دانانی ماوەی کاتە بەتاڵەکان، و تەنانەت داوای زانین بکرێت سەبارەت بەوەی ئەو ماوانە چەند درێژن.

### 2.9.5 لێکۆڵینەوەی نیشانەکاری کات؛ یان پۆلینکردنی کات The typology of time

زۆر لە زمانەوانەکان لەسەر ئەوەن، کە "کات" دەبێت بەهۆی هێڵەوە بنوێنرێت، لەبەر ئەوەی هێڵ فۆڕمی جیاوازی هەیە، دەپرسین، ئەو هێڵە دەبێت چ جۆرە شێوەیەك وەربگرێت، کە کات دەنوێنێت. وەك پێویست کات پێویستە بە هۆی "هێڵێکی بەردەوامی تاك، ڕاست" ەوە بنوێنرێت، بێ ئەوەی لقی لێبببێتەوە، بەبێ کۆتایی، و بە دوو ئاراستەی جیاوازەوە درێژ دەبێتەوە (بەرەو ڕابردوو و ئایندە)، ئەوەش وەك "پۆلینکردنی ستاندارد" بۆ زمان مامەڵەدەکرێت، لە لێکۆڵینەوە لە ڕەمزی ستانداردا، وەڵامی دوو پرسیار پێویسن، (ا) ئایا لە هەقیقەتا "کات" ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە کە باسکران؟ و دووەم، ئەگەر "کات" ئەو فیچەرانە(ی وەك ڕاست، تاك، بێکۆتایی و شتی تری لەوجۆرە)ی هەبێت، و دەبێت ئەوانە پێویست و مەرجبن بۆ کات؟ ئەگەر بۆچوونی زانایانی کورتکردنەوە و ئیفلاتونیەکان ڕاستبن، ئەوسا "کات" وا دەبینرێت وەك ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەبێت، دواتر دەکرێت بپرسین، کە چ تایبەتمەندیەکی پۆلێنکردن پێویستە بدرێتە پاڵ "کات"ەوە.

### 2.9.6 گفتوگۆی میتاگارت McTaggart’s Argument

لە (١٩٠٨) McTaggart لە نامە ناودارەکەیدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە لە واقیعدا شتێ نییە بەناوی کاتەوە، و دەرکەوتنی نیزامی "کات"ی بۆ جیهان تەنها دیکۆرە، و فەیلەسوفەکانیتر پێشتر( لە نێویاندا، F.H. Bradley) هەمان سەرەنجامیان پێشانداوە، و دوو ڕێگای جیاواز کە بارودۆخەکان لە کاتدا دەتوانرێت ڕێکبخرێن جیادەکاتەوە و بە لایەوە:

> شوێنەکان دەتوانرێت بە پێی تایبەتمەنیەکانیان لە کاتدا ڕێکبخرێن، بۆ نمونە، "بوونی دوو ڕۆژی داهاتوو"، "بوونی ڕۆژێکی داهاتوو"، "بوون (بە) ئێستا"، "ڕۆژێك لە ڕابردوودا"، و هەروەها. ئەوانە وەك "تایبەتمەندی A" مامەڵە دەکرێن و دواتر ئەو زنجیرە کاتانە، کە بە هۆی ئەو تایبەتمەنیانەوە ڕێکدەخرێن، پێیاندەڵێت "زنجیرەی A"، و دەڵێت، کە بارودۆخەکان لە کاتدا دەتوانرێت هەروەها بە هۆی پەیوەندی دوو-وێنەییەوە ڕێکبخرێن، بۆ نمونە، دوو ڕۆژ پێشتر لە، ڕۆژێك پێشتر لە، هاوکات لەگەڵ، (ئەو پەیوەندیانە پێیان دەوترێت تایبەتمەندێتی و پەیوەندی B، **McTaggart** بەو زنجیرە کاتانە، کە بە هۆی ئەو پەیوەنیانەوە ڕێکدەخرێن دەڵێ (زنجیرەکانی B).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە پێی McTaggart زنجیرەی A بۆ کات لە زنجیرەی B کرۆکیترە. و هۆکاری ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە گۆڕان بۆ کات کرۆکیە، و زنجیرەی B بەبێ زنجیرەی A هاوبەشی لە گۆڕانی هەقیقیدا ناکات، چونکە شوێنی زنجیرەی B هەمیشە جێگیرکراون لەکاتێکدا شوێنی زنجیرەی A بەردەوام لە گۆڕاندان، تایبەتمەندیەکانی A لە گەڵ یەکتر نەگونجاون، لە هەمان کاتیشدا باوەڕی وایە، کە زنجیرەی A پێویستە هەموو تایبەتمەندیە جیاوازیەکانی **B** لەخۆبگرێت.

زۆر لە فەیلەسوفەکان باوەڕیان بە هەقیقەتی "کات" هەیە، و بە لانی کەمەوە قەناعەتیان بەوە هەیە کە بە شێك لە موناقەشەکانی McTaggart بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە زنجیرەی Aەوە هەیە ڕاست نین، و زیاتر لەوە نەرۆیشتوون وەك ئەوەی نکولی لە ڕاستی خودی کات بکەن.

### 2.9.7 حازرێتی، ئەبەدێتی و گەشەکردنی تیۆری کەونی[10]

بە پێی تیۆری "حازرگەرایی" کات لە پێوانەی "ماوە" دەچێت، وەك ئەوەی کە تایبەتمەندی شوێنی هەقیقی نەبێت، هەندێکیتر لە فەیلەسوف تیۆریستەکانی A باوەڕیان وایە کە "کات" وەك پێوانەی "ماوە" نییە، و دەڵێن جیاوازیەکی بوونی دیار و گەورە لە نێوان "کات" و پێوانەی "ماوە"دا هەیە، سەبارەت بە مەودای "ماوە"، شوێنکەوتوانی زنجیرەی A دەبن بە دوو بەشەوە، بڕێکیان پشتگیری لەبیری حازرگەرایەتی و هەندێکیتریان پشتگیری گەشەکردنی تیۆری کەونی دەکەن.

presentism[11] تێڕوانینێکە، دەڵێت تەنها شتەحازرەکان بوونیان هەیە، واتە، تەنها ئەوانەی ئێستا بوونیان هەیە، هەندێکیتر ئەوە بەجۆرێکیتر دەبینن و دەڵێن، "حازر" بریتیە لە "حازریەکی کاتی"وەك ئەوەی بەرانبەر بە "حازری بە شێوەیەکی شوێن " بێت.

بەرانبەر حازرێتی نا-حازرێتیش هەیە، و باوەڕەکان لەسەر ئەوەن، کە هەندێك شتی "نا-حازر" هەن، کە دەشێت توانای بینینیان نەبێت، یەکێك لە نا-حازربوونەکان بریتیە لە externalism ڕوکەشێتی، کە دەڵێت شتەکان لە هەردوو ڕابردوو داهاتودا هەن، هەر وەك ئەوەی لە حازردا بوونیان هەیە. لەو بارەیەوە دەکرێت جیاوازی لە نێوان دوو تێگەیشتندا بکەیت، "A ئێستا هەیە" بەو واتایەی، کە پێی دەگوترێت "واتای شوێنی کاتی" و ئەو دەربڕینە هاو واتایە لەگەڵ "A حازرە یان هەیە". زانایانی سەر بە نا-حازری دان بەوەدا دەنێن، کە لە تێگەیشتنی شوێنی کاتی "A ئێستا هەیە" ڕاستە، لە کاتی ئێستادا هیچ شتی نا-حازرنین.

### 2.9.8 پەیوەندی کات و مێشك

فەیلەسوفەکان چەند جۆرێکی "کات" لێکجادەکەنەوە، بۆ نمونە (ا) "کات"ی سروشتی کە بریتیەی لە کاتی باو، (ب) "کات"ی بیۆلۆجی، و بەوە لە کاتی سروشتی جیاکراوەتەوە، کە بە هۆی پێوانەی ناوەکی زیندەوەری جیاوازەوە جەختی لەسەردەکرێتەوە، (ج) "کات"ی دەروونی لە "کات"ی سروشتی و بیۆلۆجی جیاوازە، چونکە

---

[10] ئەو زانیاریانەی لەم بەشەدا (بیرو ڕای فەلسەفی سەبارەت بەکات) لە چەندان سەرچاوەی جیاواز و لە کات و شوێنی جیاوادا تۆمارکراون، لە هەندێکیاندا کە لە free online وەرگیراون ناوی سەرچاوە نەدراوە، لە هەندێکیتردا لەبەرئەوەی بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێنەوە سەچاوەکانم بزرکردووە.

[11] Uncritical adherence to present-day attitudes, especially the tendency to interpret past events in terms of modern values and concepts. واتە ئیلتیزام بۆ هەڵوێستی ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بە تایبەت سەبارەت بە لێکدانەوەی ڕوداوەکانی ڕابردوو لە بواری بەها و بیری سەردەمیەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

كاتی تایبەتە، و وەك كاتی سروشتی بەئاگایی دەناسرێت، بەڵام وەك هەقیقەت زاراوەی "كات" هەمیشە ئاماژە بۆ كاتی فیزیكی سروشتی دەكات، نەك بۆ كاتی دەرونی و بیۆلۆجی، چونكە "كات"ی سروشتی زۆر بناغەترە و لەلایەن هەموو نەتەوە و مرۆڤەكانەوە ناسراوە. "كات"ی دەرونی، زیاتر كەسی و ناوەكیە، یارمەتی كەسەكان دەدات تا ئەزمونە هاوبەشەكانیان لە جیهاندا بزانن، و لە تێگەیشتنی چەندان ئەزمونی مێشكیدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، جگە لەوە لە كردەوەی زانستی سروشتیشدا سوودمەندە. لێكدانەوە، تایبەتمەندی و بناغەی ئەزمونە كاتیەكانمان دەبنە گرفت لەبەردەم فەیلەسوفەكاندا، بۆیە لە زۆر باردا هاوڕانین، بۆ نمونە، سەبارەت بەوەی چۆن دیاردەی ئەزمونە كاتییە تاكەكان بەئاگا دەهێنن، زۆر لە فەیلەسوفەكان باوەڕیان وایە، كە توانای مرۆڤەكان سەبارەت بە بەخەیاڵی خۆداهێنانی كاتەكانی تر وەك پێكهێنەری زەروری مامەڵەدەكرێن، هەر تاكێك توانای ئەوەی هەیە، كە هەر یەك لەو كاتانەی سەرەوە بەخەیاڵی خۆیدا بهێنێت. سەیری، -Callender 2003 4,p.124 and (callender 2008) بكە.

به پێی Rene Descartes لە فەلسەفەی گشتی بیردا، "بیر" لە "ماوە" واتە فەزادا نییە، بەڵكو لە "كات"دایە، لە زانستی دركپێكردندا، دەیانەوێت بزانن ئەو میكانیزمە بێلایەنە چییە، كە سەبارەت بە ئەزمونی كاتەكانمان لەبەرچاودەگیرێن، دوو لایەنی سەرەكی هەستی تاك سەبارەت بە گۆڕان، تێگەیشتن لە جووڵەی كات و تواناكان سەبارەت بە ڕیزبەندی ڕوداو لە كاتدا، و توانای مرۆڤ سەبارەت بە سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی ماوەدووریەكان، تواناكانمان سەبارەت بە بیری "كات" یارمەتیمان دەدات تا بەڵگەی دیاردەكان، كە هاوبەشی لە گۆڕاندا دەكەن بە لۆجیك بكات.

Scotus بە ڕونی هەردوو كاتی دەرونی و سروشتی لێكجیادەكاتەوە، لە كۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، Kant پێشنیاری جیاوازی ورد لەنێوان كات و مێشك(بیر)دا دەكات، كە مێشكەكانمان لە هەقیقەتدا بنیاتی هەستپێكردنەكانمان دەكەن، بەو جۆرە دەتوانین بزانین هەقیقەتی ئەوەی، كە كات وەك هێڵی ماتماتیك وایە. لە سەدەی ١٩ هەمدا Ernst Mach دەڵێت لە بری ئەوەی تێگەیشتنەكانمان بۆ "كات" بریتییە لە هەستكردنی سادە نەك فۆڕمی هەقیقی هەستكردنێك، لە كاتێكدا فەیلەسوفێكیتر قسە لەسەر ئەوە دەكات كە هەردوو Kant and Mach هەڵەبوون چونكە تێگەیشتنەكانمان بۆ "كات"، لە بری ئەوە بنیاتی بیرییە، سەیری (Whitrow 1980, p. 64-6) بكە.

## 3.0 كاتی سروشتی

### 3.1 بابەتێتیی كات

سەبارەت بە سەرەنجامی ئەزمونی كاتەكان (1970) Benjamin Libet باوەڕی وایە، كە تاقیكردنەوەكان ئەوە پیشاندەدەن، كە ڕوداوەكانی مێشك هاوبەشی لە هەڵبژاردنی ڕوداو دەكەن، بەردەوامی و یەك لەدوای یەك هاتنی ڕوداوەكان نیشانەن لەسەر ئەوەی، كە كات دەشێت بە شێوەیەكی بابەتی ڕاستبێت. هۆكاریتر لەسەر بابەتێتیی كات، ئەوەیە، كە ئەو كەونەی تیایا دەژین كردەوەی دەم دەمیی زۆر لەخۆدەگرێت، كە بەردەوامی جۆراوجۆری یەكبوون بە درێژایی و تێپەڕینی كات، پیشاندەدات. ئەرەستۆ بابەتی وابەستەی‌بیری كاتی وروژاندووە، كاتێك، كە دەڵێت، هەر چۆنێك بێت، ئەگەر گیانی "بیر" نەبووبێت، كات هەیە یان نا؟—، ئەگەر لێرەدا كەسێك نەبێت ئەوە ببژێرێت یان بپێوێت هیچ شتێك ناتوانرێت لەبەرچاوبگیرێت، St. Augustine باوەڕی بە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بابەتێتی کات هەیە، و دەڵێت "لە ڕاستیدا کات شتێك نییە، بەڵکو تەنها لە تێگەیشتنی بیری ئەو ڕاستییەدا هەیە، لە سەدەی ١٣دا فەیلەسوفەکانی Henry of Ghent و Giles of Rm دەڵێن لە واقیعدا "کات" هەیە وەك بەردەوامی بیری-سەربەخۆ، بەڵام ئەوە لە بەشەکانی پێشتری و دواتریدا تەنها بەهۆی مێشکەوە جیادەکرێتەوە. لەسەدەی بیستەمدا، فەیلەسەفەکانی زانست، بە وێنەی Bas van Fraassen وەسفی کاتی سروشتی دەکات، و دەڵێت، لێرەدا هیچ "کات" نییە، ئەگەر لەویانەدا هیچ گیانلەبەرێك نەبێت، تا توانای هۆکاریان هەبێت، تەنها وەك ئەوەی لێرەدا هیچ خواردنێك نییە، کاتیگ هیچ گیان لەبەر یان ڕێکخراوێك نەبێت، و هیچ پیاڵەی چا نییە ئەگەر چاخۆرەوە نەبێت". لە مەودای میتافیزیقیادا گفتوگۆ لە نێوان خەیاڵ پەرست و ڕاستی پەرستەکاندایە، خەیاڵ پەرستەکان، باوەڕیان وایە، شتێکی سەربەخۆ لە مێشك و بیردا نییە، بەو شێوەیە کاتی سروشتی خوێندنەوەی کەسی وەردەگرێت. لە تیۆری ڕێژەیی Einstein دا، ئەوەمان پێدەڵێت، کە کاتی سروشتی فیزیکی پشت بەو کەسانەی وەك چاودێر و سەرنجدەر یان مێشك و بیر دەبەستێت. بە پێی تیۆریەکەی Enstein ماوەدووری (پێوانەی کات)ی ڕووداوە درێژخایەنەکان پشت بە چوارچێوەی ئاماژەی چاودێر یان سیستێمی تەنسیقی دەبەستێت، خاڵێکیتر سەبارەت بە پەیوەندی لە نێوان "مێشك/بیر و کات" ئەوەیە، کە ئەگەر تەنانەت هەموو زیندەوەرەکانیش بمرن، دەبێت لێرەدا ڕوداوەکان لە دوای ئەو مردنەش هەر هەبن، ئەستێرەکان هەر دەدرەوشێنەوە، و دەشێت هەر دانەیەك لەو ڕوداوانە لە ئایندەدابن، ئەوە پرسیارێکی پڕ لە گفتوگۆیی و لەسەر وەستانە و لە تیۆری McTaggart- Aدا بە بەڵێ وەڵام دراوەتەوە، لە کاتێکدا لە تیۆری-B یەکەیدا وەڵام بە "نەخێر" ە و دەڵێت "ئایندەی کێ" سەیری .(Carroll 2012) بکە.

### 3.2 کات چیە

کاتێك باس دێتە سەر کات زیاتر بیرمان بەلای کاتی سروشتیدا دەچێت، وەك لەوەی بەلای کاتی دەرونیدا بچێت. دەتوانیت ئامێری کاژێر ببینیت، بەڵام کات نا، کەواتە کات ئەو شتەیە، کە دەمانەوێت بیپێوین بەهۆی ئەو ئامێرەوە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە تۆ چ دەپێوی. فەیلەسوفەکان باوەڕیان وایە، لەو بوارەدا دەتوانین هەندێك ڕوخساری سەرنج ڕاکێشەری سروشتی ڕوداوەکان، سەبارەت بە هەموو گۆڕانە سروشتیەکان بپێوین، دواتر پرسیاری ئەوە دەکرێت ئەی ئەو ڕوخسارە سەرنج ڕاکێشانە چین؟ هەر کامێك لە ڕوخسارانە بێت، وایدانێ، کاتێك سێبەری دار، چیا یان هەرشتێکی لەو بابەتە بێت، بە تێپەڕینی کات و وەرچەرخانی ڕۆژ سیبەرەکانیان ئاراستە دەگۆڕن، کەم و زیاد دەبن، و جوتیارەکان بە هۆیانەوە کارەکانی خۆیانیان پێڕێکدەخەن، ئەم کۆمەڵە ئەستێرە، یان شتی بریقەدار، و ...، کات گشتی و کەونییە، و لە هەموو شوێنێك ڕودەدات. لە پێش ئەوەی تیۆریە ڕێژەییەکەی Einstein لە دایکببێت، دەگوترا، کە "کات" ئەو شتەیە، کە دەتوانێت ئەو چوار فیچەرە ڕاستیانەی لای خوارەوە بچەسپێنی و دیاریان بکات.

(أ) ئەرکی دیاریکردنی کاتی ڕودانی ڕوداوەکان دیاریدەکات.

(ب) ئەو کاتەی، کە ماوە دووری ڕوداوەکان دیاریدەکات، پێمان دەڵێت چەند درێژدەبنەوە.

(ت) ئەو کاتەی، کە پێمان دەڵێت چۆن و بە چ شێوەیەك ڕوداوەکان لە هەمان کاتدا پێکەوە ڕوودەدەن، واتە ئەوە ئاشکرا دەکات، کە دوو ڕوداو چۆن و کەی پێکەوە لەهەمان کاتدا ڕوودەدەن.

(پ) ئەگەر دوو ڕوداو لە هەمان کاتدا ڕوونەدەن، دواتر ئەوە "کات"-ە پێماندەڵێت کامیان پێش کامیان ڕوودەدات. کاتێك، کە تیۆری ڕێژەیی لە ساڵی ١٩٠٥ هاتە کایەوە، ئەوە زانرا، کە ئەو چوار ڕەگەزانەی کات هەموو ڕێژەیین و دەتوانن جیاوازبن

له چوارچێوەی ئاماژەکردنی جیاوازدا. (بۆ نمونە ئەو چوارچێوەیەی تیایدا ڕوودەدەن بە پێی بنیاتی سیمانتیکی کارەکە بۆ ماوە و کات)، ئەوە بنیاتی ڕێبازێکی دیاریکراوی هاوتایی ماوە و کات space and time بۆ ڕوداوەکان دیاریدەکات. تەنانەت ئەگەر لە مەودای چوارچێوەیەکی ئاماژەکردنی تاکیشدا بێت، ئەوانە هێشتا وەك کلیلی وەڵامی ڕاستین بۆ پرسیاری "کات چیە؟".

بە پێی تیۆری ڕێژەیی، کات بریتیە لە هێڵێکی ڕاستی بەردەوامی ئەو ماوە کورتانەی بەرەو دواوە و پێشەوە درێژدەبنەوە، (بۆ نمونە، کەسێك پێتدەڵێت "وەرە!"، دەشێت لە وەڵامدا بگوترێت، "تکایە لەحزەیەك یان دەقیقەیە"، کەواتە کات بریتیە لە هێڵێکی ڕاستی بەردەوامی هێڵەکان و بەردەوامی تەنها یەك مەودایە و بەردەوامبوونی کاتەکان دەگەیەنێت، بەو شێوەیە، ماوە کورتەکان ژمارەیەکی ڕاست لە کات لەخۆدەگرن لەبری ئەوەی پێکهێنانی هەموی بێت. بەکار هێنانی، کاتێك ماوە کورت یان چرکە بۆ ڕوداوێکی کورت بەکار دەهێنرێت، ئەوە تێدەگەین، کە کات لە چرکەکان پێکدێت، ئەوانە ڕوداوگەلێکن کە درێژدەبنەوە تەنها بۆ چرکەیەك. فەیلەسوف Russel لە (١٩٢٩) پێناسەیەکی ورد بۆ چرکە و ڕوداوەکان دەدات:

- X چرکەیەکە، ئەگەر و تەنها ئەگەر x ڕووداوی پۆلێکی تەواوی (ناوبەند پەیوەند) بەناویەکدا چووبێت.

- ڕوداوی E لەسەرچرکەی X ە ئەگەر و تەنها ئەگەر E ئەندامی X بێت. کەواتە چرکە بریتییە لە پۆل یان دەستە.

### 3.3 وەڵامی نەرێ سەبارەت بە هەبوونی کات:

دەستەیەك لە زمانەوان و فەیلەسوف بۆ نمونە، Zen, Plato, Spinoza. Hegle, and McTaggar وەڵامی پرسیاری "کات چییە؟ دەدەنەوە، و لەسەر ئەوەن، کە "کات" بوونی نییە، بۆ نمونە McTaggart بەڵگەی سەلمێنەری بۆ قسەکانی سەبارەت بە ڕوداوێکی تاك، ئاینده، ڕانەبردوو و رابردوو هەیە، و دەڵێت بیرەکانمان بۆ "کات" لەخودی خۆیاندا ناکۆکن، لە سەرەتای سەدەی بیستەم فەیلەسوف F. H. Bradley قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە "کات" بە وێنەی ماوە و بە هەمان شێوە سەلمێنراوە، کە ڕاست نییە، بەڵکو دەرکەوتنێکی ناکۆکە، ... گرفتی گۆڕان نکولی چارەسەر دەکات. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم Gödel قسە لەسەر ناڕاستی "کات" دەکات و دەڵێت پرسیارەکانی Einstein ڕێگە بە چاوەڕوانکردنی سروشتی کەونی دەدات، کە هەموو ڕوداوەکان پێش خۆیان دەکەون، ئەوە بۆ "کات" چاوەڕوانکراو نییە، و باوەڕی وایە، کە تیۆری ڕێژەیی لە بارەی هەر شتێکەوە بێت، ئەوە سەبارەت بە کات نییە، پرسیارێکتر لەو بوارەدا ئەوەیە کە "ئایا کات ڕاستە؟"، Julian Barbour وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، و دەڵێت، کە چرکەساتی کەسی هەن، بەڵام ڕێك نەخراون، لێرەدا تەنها "کۆمەڵێك لە چرکە سات هەن"، بەڵام "کات"، کە پەیوەندی بەو چرکەساتانەوە هەیە نییە".

### 3.4 وەڵامی ئەرێ لەسەر هەبوونی کات

زوربەی زۆری فەیلەسوفەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە "کات" هەیە، و تەنها جەخت لەسەر ئەوە ناکەنەوە، کە "کات" چییە. هەندێك لە فەیلەسوفە بونیادگەریەکان، پرسیاری ئەوە دەکەن، کە ئایا بابەتە ماتماتیکیەکان بەهۆی مرۆڤەکانەوە دروستکراون؟ یان "کات" بیرێکی ئیفلاتونیە و لە دەرەوەی دونیای سروشتییەوە بوونی

هەیە، و سەربەخۆن لە چالاکیەکانی مرۆڤ؟ یان ئایا "کات" فیچەرێکی دەرکەوتووی گۆڕانە سروشتیەکانە؟ دووبارە "کات چییە؟" زوربەی زۆری فەیلەسوفەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئێمە زۆر فێر دەبین سەبارەت بە کاتی سروشتی بەهۆی سەیرکردن لە ڕەفتاری هەمیشگۆڕی "کات" لە تیۆریە سەرەکیەکاندا. ئەو فەیلەسوفانەی لای خوارەوە وەڵامی پرسیاری "کات چییە" دەدەنەوە:

### Aristotle 3.4.1

باوەڕی وایە کە "کات پێوانەی گۆڕانە" (physics, chapter 12) ، بەڵام نالێت کە ماوە/ space پێوانەی هیچ شتێکە، و Aristotle جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "کات (خۆی) ناگۆڕێت، چونکە گۆڕانێك "دەشێت خێراتر یان هێواشتر بێت" بەڵام کات نا ..."، (physics, chaper 10)، بۆ نمونە، وەرینی گەڵا دەتوانێت خێراتر یان هێواشتربێت، بەڵام "کات" خۆی ناتوانێت خێراتر یان هێواشتر بێت، Aristotle پشتگیری ئەو شتە دەکات، کە ئێستا وەك تیۆری پەیوەندێتی ئاماژەی بۆ دەکرێت، و دەڵێت "لێرەدا هیچ کاتێك نییە دووربێت لە گۆڕان"، (physics, chapter 11) و دەڵێت "کات پچر پچر یان گەردیلەیی نییە"، "بەردەوامە ... ئەوەی پەیوەندی بە قەبارەوە هەبێت لانی کەمی نییە، بۆ هەر هێڵێك بۆ هەتاهەتایە دابەشدەکرێت و لێرەوە هەمان شت لەگەڵ کات دەکرێت. (Physics, chapter 11)

**3.4.2 René Descartes** وەڵامی زۆر جیاوازی هەیە، بۆ "کات چییە"، و قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە لەشی بەرجەستە تایبەتمەندێتی درێژکردنەوەی شوێنی هەیە بەڵام توانای شاراوەی نییە بۆ بەرگەگرتنی کاتی، و خوا بە هۆی پاڵپشتیکردنی کردەوەی بەردەوامی (یا دووبارە خوڵقاندنەوە)ی لەشیی لەسەر هەر چرکەیەکی یەك لەدوی یەکییە، بەو تێڕوانینە کات جۆرێکی دووبارە خوڵقاندنەوەیە.

**3.4.3** بەلای **Leibniz** ەوە "کات" بوونەوەرێکی سەربەخۆ نییە دور لە ڕووداوە ڕاستەقینەکان، و سورە لەسەر ئەوەی کە Newton لە ژێر کاریگەری جەختکردنەوەی ئەو هەقیقەتەدایە، کە "کات" بە زەرورەت هاوبەشی لە ڕێکخستنی ڕوداوەکاندا دەکات. چونکە "کات" پێویستی بە ڕوداوەکان هەیە بۆ قسەکردن، و جەجت لەسەر ئەوە دەکاتەوە/ کە ڕێکخستنی گشتی بریتییە لە "کات". لە سەدەی هەژدەهەمدا Kant دەڵێت، کە "کات و ماوە" فۆڕمن کە مێشك لەسەر شتە دەرەکیەکان لە خودی خۆیاندا پیشانیان دەدات، و قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەوە مێشکە هەستکردنەکان پێکدەهێنێت، لەبەرئەوە "ماوە" هەمیشە شێوەی ئەندازە و "کات" پێکهێنانی هێڵی ماتماتیکیان هەیە، و بیرەکانی Kant لەسەر ئەوەن، کە "کات" فۆڕمی دیاردەی تێگەیشتنە، و دڵێت، "ئێمە ڕاستەوخۆ هەست بە "کات" ناکەین، بەڵکو تەنها توانای بە ئەزمونکردنی شتەکان و ڕوداوەکانمان لە کاتدا هەیە".

### 3.5 سەرەتا و کۆتایی کات:

لە یۆنانی کۆندا Plato and Aristotle لەسەر ئەوە هاوڕان، کە ڕابردوو نەمر و هەمیشەییە. و Aristotle هۆکار پێشکەش دەکات، — کات سەرەتا و دەستپێکردنی نییە، چونکە بۆ هەر کاتێك، ئێمە هەمیشە دەتوانین


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کاتێکی زوتر بەخەیاڵی خۆماندا بهێنین، پشتبەستن بە داواکردن بۆ خەیاڵەکانمان تا پێمان بڵێن چۆن شتەکان لە واقیعدا بەرەو لاواز بون و کووژانەوە دەچن. زمانەوان Talmy (2004) لە Evans (2006:68) ەوە، گریمانەی ئەوە دەکات، کە نواندنی شوێنیی لە زماندا شوێنی ڕوودان بەکۆد دەکات، بینینی شوێنی ڕودان بە پێی سێ پێوانە دیاریدەکرێت، (بە شوێن Talmy دا ئەوە لێکدەدرێتەوە):

(١) جیاکردنەوەی —شێوەی-زەمینی

(٢) پەیوەندی نزیکی شێوەکە پەیوەست بە زەمین، و

(٣) دانانی شێوەکە پەیوەست بە زەمینەکە، ئەوانە هەموو دەتوانرێت بەدەستبێن بەهۆی بەکارهینانی ئاماژەکرن بۆ چوارچێوەیەکی دیاریکراو.

جیاکردنەوەی شێوەی-زەمینی، نواندن و پیشاندنی شوێنی ڕوداو ڕەنگدانەوەی هاوتوخمی شوێنی-زەمینییە، لە کاتێکدا دانەیەك لە بەندەکان بە شێوەیەکی ئاسایی ماڤ تایبەتی پێدراوە و شوێنەکە دەنوێنێت، بەندی دووەم گرنگیەکی کەمتری پێدراوە و وەك زەمین یان ئەو شوێنەی پەیوەندیدارە ئاماژەی بۆدەکرێت، ئەوە لە کوردیدا هاوتا بە ئینگلیزی، دەشێت وا بیری لێبکرێتەوە، کە لە ڕستەسازیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نمونە، لە (١) دا شتەکە ئاسایی پێش ئاوەڵکاری "لە نزیك" دەکەوێت، لە کاتێکدا، کە سەرچاوەی بابەت واتە مەبەست و هەدەدەف لە دوای پرپپۆزیشنی "نزیك" دەکەوێت. ئەوە هەندێك جار وادەبێت، کە بەشێوەی سیمانتیکی ڕاست بە شێوەی سیمانتیکی نە-گونجاو و ناوێزەبێت.

(٤) بایسکیلەکە لە نزیك (خانوەکەوەیە)

(٥) خانووەکە لە نزیك پایسکیلەکەوەیە.

(٤). بە شێوەیەکی سیمانتیکی و لۆجیکی باش-بیناکراوە، لە کاتێکدا (٥) وا نییە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو شوێنەی ئاماژەی بۆ کراوە بونەوەرێکە توانای جوڵانی نییە، واتە، بونەوەری بچوك وەك شێوە مامەڵەدەکرێت.

دواتر Talmy دوو لایەن جیادەکاتەوە، یەکەم ئاماژەکردنی زەمینی بناغەیی و نا-بناغەیی، ئەوە هاوبەشی لە دابەشکردنی زەمین دەکات بۆ دوو سەرچاوەی زەمینی، بە مەبەستی دیاریکردنی شێوە، کە بە سەرچاوەی زەمینی بناغەیی و سەرچاوەی زەمینی نا-بناغەیی دەناسرێن، لە کاتێکدا سەرچاوەی زەمینی بناغەیی بە هۆی بەندی فەرهەنگیەوە بەکۆد دەکرێت، بەڵام دووەم لەبری ئەوە دەتوانرێت خشکەییبێت.

(٦). بیگبین لە سەروی ڕوباری تایمزەوەیە.

لە کاتێکدا، کە ڕوباری تایمز بریتییە لە سەرچاوەی بابەتی بناغەیی، و دووم سەرچاوەی نا-بناغەیی شوێنی بریتییە لە زەویەکە، کە بە هۆی دەربڕینی شوێنی "سەرووی..." دەگەیەنرێت. واتە ئەوە بیگبینە لەسەروی ڕوباری تایمزەوەیە نەك بە پێچەوانەوە، بە واتایەکیتر ئەوە تەنها لە بواری بیری "زەویەکە" وەیە، کە دەتوانین پرۆسەی زانیاریەکان بکەین سەبارەت بەوەی، کە یەك لەو بونەوەرانە لە سەرو ئەوەکەی ترەوەیە، Talmy (200)

<u>سەرچاوەیی (یان زەمینیی) reference objct(or ground)</u> / ((ئاسنێك لە نزیك خانووەکەوەیە)) <u>شوێن</u>

<u>figure</u>


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| خانووەکە | ئاسنەکە |
| --- | --- |
| - وەك سەرچاوەی بوون ڕەفتاردەکات، تایبەتمەندی زانراوی هەیە هەیە، و توانای کە دەتوانێت بونەوەرە بناغەییە نەناسراوەکان دیاریبکات. | تایبەتمەندێتی شوێنی نەزانراوی دیاریکردنی بوونەوەری تری نییە. |
| -. بە شێوەیەکی هەمیشەیی دادەنرێت و توانای جوڵانی نییە | زیاتر توانای جوڵانی هیە. |
| - گەورەترە لە ... | بچوکترە لە ... |
| - بە شێوەیەکی ئەندازەیی زۆر ئاڵۆزە. | بە شێوەیەکی ئەندازەیی سادەیە. |
| - زوتر بوونی هەیە لەسەر شوێنی ڕوداو بەئاگاییەوە | زۆر تازەترە لەسەر شوێنی ڕوداو و لە |
| و لە بەئاگاییەوە کەمتر جێگەی گرنگیپێدانە. | زیاتر جێگەی سەرنج و گرنگی پێدانە. |
| -. زوتر و ڕاستەوخۆ دەتوانرێت هەستی پێبکرێت. | کەمتر دەتوانرێت ڕاستەوخۆ هەستیپێبکرێت. |
| - زیاتر بە بناغەییکراوە، کاتێك سەیردەکرێت. | زۆر دیارە کاتێك سەیر دەکرێت. |
| - زۆر سەربەخۆیە. | زۆر وابیەستەیە. و هەروەها |

### 3.6 نزیکی و پەیوەنیدارێتی بوونەوەرەکان بە پێی هاو تایبەتمەندیەکانیانەوە

شوێن دەتوانرێت لە پەیوەندی سروشتیدا بێت لەگەڵ سەرچاوەی بابەتی(زەمینی)، بۆ نمونە،

(أ) وێنەکان لە سەر بەشی سەرووی دواوەی دیواری باڵەخانەکەوە هەڵواسراون.

(ب) وێنەکان لە سەر بەشی (دەستە ڕاست/دەستە چەپ) ی باڵەخانەکەوە هەڵواسراون.

باڵەخانەکە تایبتمەندی سەرچاوە و بناغە وەردەگرێت، جێگیر و توانای چوڵانی نییە، پەیوندی لۆجیکی لە نێوان وێنە و دیواری باڵەخانەکە پەیوندیەکی لۆجیکی و ئەرکیە، وێنەکان سەرنج ڕاکێشن و پێویستیان بە پانتاییەکی باش هەیە تا پێیوەی هەڵواسرێن و دیواریش ئەوە ڕەتناکاتەوە، کە چیتر شوێنی پێوە هەڵواسین و ڕیکلام نەبێت، کەواتە وێنە و پانتایی باڵەخانەکە پێماندەڵێن، کە لە ڕووی ئەرك و وەزیفەوە لێکنزیکن.

### 3.7 نمونەی بە بیرکردنیی کات

سەبارت بە جۆری بەکۆدکردنی بنیاتی سیمانتیکی "کات"، بەلای Evans (2006:92-3) ەوە بە ڕەمزکرنی ڕێزمانی "کات" لە ڕێگەی سیستێمی تێنسەوە ناکرێت، بنیاتی "کات" وەك بنیاتی ماوە space نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە "کات" شتێکی کۆنکریتی نییە و ناتوانرێت لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی هەستی فیزیکیەوە بسەلمێنرێت، بە پێچەوانەی هەستکردنی-هەستی مرۆڤەکانەوە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوە و ئەزمونی شوێنیی، ئەوە بەهۆی چەندان هەستی مرۆڤەکانەوە دەتوانرێت تاقیبکرێتەوە، بۆیە دەبینی لە نێوان ئەو دووانەدا هیچ هاوشێوە و هاوتاییەك نییە، بەڵام ئەوە، ئەوە ناگەیەنێت، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان کەسەکان لە "کات" بێئاگان، بۆ نمونە، هەر دەم دەزانین کە "کات" تێدەپەڕێت و کاتێك دەبینی، ئەوە شەوە لە دوای ماوەیەکی دیاریکراو دەبێتەوە بە شەو، بەیانیان ڕۆژهەڵدێت، وردە وردە بەگۆڕانی بەرچاوەوە تا ئاوا دەبێت، دووبارە هەر چوار کەژەکان بە تایبەتمەندی جیاوازەوە وەك یەکنین، لە لای زمانەوانەکان ئەو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەئاگاییە سەبارەت بە "کات"، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە هەست و بیر و باوەڕی خۆ، کەواتە "کات" ئەزمونێکی کەسیە، لە کاتێکدا "ماوە" و "شوێن-فەزا" ئەزمونی هەمووانە، Evans (2004a) باوەڕی وایە کە:

"ئەزمونی "کات"ی دەتوانێت لە کۆتاییدا پەیوەندی بە هەمان میکانیزمی هەستەوە هەبێت، کە ئەزمونی هەستکردن بە ڕێگایەکی تایبەتدا دەبات، بەو شێوەیە، کردەوەی هەستکردن بە هۆی ماوە دووری کاتیەوە پشتگیری لێوەدەکرێت، کە بە "چرکەساتی هەستپێکردن" بە زاراوەکراوە و هەستی پێکراوە، کە ڕێکەی یەکگرتن و کامڵبوون ئاساندەکات سەبارەت بە ئەزمونی هەستی بۆ هەستپێکردنی "بۆشایی کات"، هەستکردن جۆرێکە لە "بەکارهێنانی دەلاقەکان" کە "گۆڕان و گشتێتیی" گەردوونیی دەنوێنێ و تازەیدەکاتەوە (Evans 2006:97-8)

بەڵگەکان بۆ میکانیزمی "کات" لە دوو جۆر سەرچاوەوە دێن: لە (Evans 2006:97-8) ەوە.

(أ) چالاکی مێشکی دەتوانرێت بە هۆی شێوازێکی وەك وێنەی کارەبایی مێشکی بپێورێت، بۆ نمونە، مێشك نیشانەی کارەبایی بەرهەمدێنێت، ئەو نیشانە سورانە و ناردنیان بۆ پێوەری تەوژمی ئەلکتریکی ئامێرێك، کە تەیارە کارەباییە بچوکەکان دەپێوێت، ئەو شێوازانە ڕێگە بە لێکۆڵەرەکان دەدەن تا گۆڕانەکان هەستپێبکەن لە چالاکی مێشکیدا لە مەودای دابەشکردنی چرکەسات لە کاتدا.

(ب) ڕێبازی دووەم سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی میکانیزمی "کات" لە خستنەڕووی بابەتی هاندانی جۆرێکی تایبەت لە سەر خاڵە تایبەتەکانی چالاکی مێشکی کاردەکات، و تاقیکردنەوەی باش-ناسراوی ئەو جۆرە هاوبەشی لە خستنەڕووی بابەتەکاندا دەکات بۆ دوو ڕوناکی درەوشاوە، ئەوە پشت بە دیاردەیەك دەبەستێت، کە وەك هاوەدمی دیاردەی جوڵانی دیار ناسراوە.

"کات" بونەوەرێکی فیزیکی نییە، تا بە شێوەیەکی بابەتی دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەزمونێکی هەقیقیە، هەستکردنی کەسەکان بۆ "کات" لە کردەوەی هەستکردن و لە تایبەتمەندی هەستپێکردنە دیارەکانەوە سەرهەڵدەکات. کات وەك خوێی چێشت وایە، بێ جیاوازی دەبێتە بەشێك و لە ناو هەموو ئەزمونێکی مرۆژەکان وجودی هەیە، کەواتە وەك بنچینە بۆ ئەو ڕێگایەی کە کردەوەی هەستپێکردن کاردەکات مامەڵەدەکرێت، بە لای Evans (2006:99) ەوە

سەرەنجامێگی گرنگ بۆ ئەو هەقیقەتەی، کە ئەزمونە کەسەکانمان سەبارەت بە "کات" دیاردەیەکی تاکی یەکگرتووە نییە، لەبری ئەوە، پێکدێت لە ژمارەیەك لە ئەزمون، کە ئاماژە بۆ تواناکانمان سەبارەت هەڵسەنگاندنی ماوەدووری دەکات، هاودەمی، هەمانکاتی، و خاڵەکان لە کاتدا، تێگەیشتنی کەسەکان ئەوەیە، کە هەندێك جار "کات" وا دەردەکەوێت، کە بە هێواشی کاربکات یان زۆر خێرا وەك لەوەی لە نەریتی ئەزمونە ئاساییەکانماندا هەیە. سەبارەت بە "ئێستا"، ئەزمونی کاتی وەك ئەوەی دەنوێنرێت و لە زماندا بە کۆد دەکرێت، دوو ئاستی ڕێکخستن ئاشکرادەکات. ئاستی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ "بیری فەرهەنگی"، و بیری فەرهەنگی ئەو واتایەیە، کە بەهۆی فۆڕمی فەرهەنگی یان وشەوە دەنوێنرێت.

هەموو زمانەکان لە بواری جوڵاندا "کات" بنیات دەنێن، ئاستی دووەمی ڕێکخستنی دووەمی "کات" ئاماژە بۆ نمونەی کردەوەی درککردن بۆ کات دەکات، و لە ئاستی ئەو ڕێکخستنەدا بیری فەرهەنگی جیاواز یەکدەگرن،

پێکەوە لەگەڵ نمونەکانی نەریتی بەخەیاڵدا دێن، و Evans (2004a) پێی دەڵێت "بیری درێژکردنەوە" بۆ نمونە، لە دەربڕینێکی وەك "کاتی درێژ-long time "، یان دانانی لە وشەدا بە هۆی "درێژ" بە خەیاڵدا دێت، ئەو بیرە فەرهەنگیەی، کە بەهۆی وشەی "کات" ەوە دەردەبڕدرێت ئاماژە بۆ "کاتی درێژ duration "دەکات، لە کاتێکدا، ئەو وێنەیەی، کە بیری فەرهەنکی فراوان دەکات ئاماژە بۆ "درێژی-length"دەکات.

(١) ماوەی نیوان سلێمانی و هەولێر ٢١١ کیلۆمەترە.

(٢) باپیر بە X کاتژمێر لە "سلێکانی"ەوە دەگاتە "هەولێر".

لە یەکەمدا ئاماژە بۆ ماوە/خایاندن کراوە، و ماوەکە بە پێوەری کم دیاریکراوە، بەڵام ئەو دیاریکردنە هێشتا لەبەردەم چەندان پرسیاردا خۆی دەبینێتەوە، بۆ نمونە، شێوەی بەرزی و نزمی و تەختایی زەمینی کە هۆکاری گواستنەوەکەی پێدا دەڕوات، ئاراستەی ڕۆیشتنەکە، چ ڕێگایەك لەو ڕێگایانەی سلێمانی بە هەولێرەوە دەبەستێتەوە دەگیرێتەبەر، و هەروەها، (٢) ئاماژە بۆ "کات" دەکات، کە بە هۆی ئامێری کاتژمێرەوە دەپێورێت، دانانی "X" هێمایە بۆ جۆرێك لە ئالۆزی و نەزانینی ئەو کاتەی بێ زیاد و کەم بۆ بڕینی ئەو ماوەیە پێویستە، بۆ نمونە، جۆری ئەو ئامێرەی بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرێت، پایسکیل، قەمەرە و لۆری... و ئەو خێراییەی بەکاردەهێنرێت و ...، لەگەڵ هەموو ئەو ئالۆزیانەشدا نمونەکانی سەرەوە بە ڕونی جیاوازی ئەو دوو کاتەگۆریانەی سەرەوەمان پیشاندەدەن، واتە "کات" و "ماوە"

**3.7.1 بە کاتەگۆری کردنی واتا و تێگەیشتنی شوێنی لە زمانی ئینگلیزی، کوردی و کۆری دا.**

زمانەکان وەك یەك ڕەفتار ناکەن، بۆ نمونە، یەکێك لەو جیاوازیانە لە جۆری پەیوەندی شوێنیدایە، کە لە نێوان شێوە/figure و زەمینەدایە/ground تەنانەت بۆ ئەوانەش کە بەشێوەیەکی بابەتی واتای شوێنی وەك یەکیان هەیە، ئەوە، بەوەدا دەردەکەوێت، کە دەبینی هەر یەك لەو زمانانە ڕێگەیەکی تایبەت هەڵدەبژێرێت، تا بەشێوەیەکی نەریتی شوێنی ڕودانی شتەکە جیابکاتەوە، ئەو جیاوازیە بناغەی خۆی لەسەر ئەو سەرنجامانە هەڵچنیوە کە لە لایەن (Melissa Bowerman and Soonjaa Choi٢٠٠٣:٣٩٣ لە (Evens 2006:112) ەوە داناوە،

| کوردی | ئینگلیزی |
| --- | --- |
| (أ) کوپەکە *__لە سەر__* مێزەکە دانێ! | put cup ***on*** table! |
| (ب) موغناتیزەکە *__لە ناو__* سەلاجەکەدا دانێ! | put magnet ***on*** refrigetor |
| (ج) ئاڵقەکە *__لە__* دەستبکە! | put ring ***on*** figer |
| (ژ) کیتلەی لیگۆ *__لەسەر__* لیگۆ دانێ! | put lego block ***on*** lego stack |
| (ه) شریتەکە بخەرە *__سەر__* ڤیدیۆکە! | put video cassette ***in*** case |
| (س) کتێبەکە بخەرە *__ناو__* جانتاکەوە | put the book ***in*** case bowl |
| (ت) سێوەکە بخەرە *__ناو__* قاپەکەوە! | put the apple ***in*** the plate |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شوێنی ڕودانی ڕوداو،(مەسرەح) لە زمانی کوردیدا بەهۆی کارەکە و بە هاوکاری پارتیکلی شوێنی وەك "لە سەر + لە ... + لە ناو + ناو + ..." دیاریدەکرێت، لە زمانی ئینگلیزی بەهۆی "on or in"، ئەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، لە ئینگلیزیدا پێشنیاری دانانی شتەکە لەسەر ئاستی ڕوکەشی هەندێك جۆر، و بە پێچەوانەوە ""دانان لە ناو" واتە "put in" پێشنیاری دانانی شتەکە لە ناو دەفرەکەدا دەکات، ئەوەی باسکرا ئەوەیە، کە قسەکەری ئاسایی هەر یەکە و بەپێی نەریتی خۆی ئەوانە تێدەگات، لە هەندێك شوێن کوردی وەك ئینگلیزی ڕەفتاردەکات و لەهەندێك شوێنیتر نا، لە (ب)، (ج)، (ه) دا کوردی پێچەوانەی ئینگلیزی پەیوەندی شوێنی بە لێکسیکەلێدەکات. جیاوازیەکان لە نیۆن سێ زماندا:

| کوردی | ئینگلیزی | کۆری |
|---|---|---|
| (أ) لەسەر ڕوکەشی ئاسۆیی داینێ! | put on horizontal surface | nohta |
| (ب) دانانی ڕوکەش لەپاڵیەکتری | juxtapose surfac | pwuchita |
| (ت) جلەکان لەبەرکە/ کلاوەکە لەسەرکە! | put clothes on head/put hat on | ssuta ! |
| (پ) بە توندی لەگەڵ گونجان | interloch/fit tightly | kkita |

جیاوازی گەورە لە نێوان کوردی و کۆریدایە، سەبارەت بە لێکسیکەلێکردنی پەیوەندی شوێنی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بارودۆخ لە کۆریدا زۆر جیاوازە، ئەوانە لە کوردی و ئینگلیزی بە "Put in" جێبەجێدەبێت، و لە کۆریدا بۆ شوێنی جێی ڕودان بە چوار جۆری جیاواز بە کاتەگۆری دەکرێن، و ئەوە بەهۆی چوار جۆر لەکاری جیاواز لە کۆریدا بەدەست دێت.

## 4.0 پوختەی باسەکە

### 4.1 پوختەی باسەکە بە کوردی

کات بریتیە لە بیری گشتی، و دەتوانرێت وەك هێڵێکی ڕاست بەخەیاڵدابێت، کە لە سەر ئەو هێڵە خاڵێك وەك کاتی قسەکردن دەست نیشان دەکرێت، دواتر، ئەوەی دەکەوێتە لای دەستە ڕاست وەك ئایندە و ئەوەشی دەکەوێتە لای دەستە چەپ وەك ڕابردوو مامەڵەدەکرێت، جگەلەوە دەبێت کاتی ناسەرەکی و پەیوەندیداریش هەبن، و وەك لە پێش-ڕابردوو، لە دوای-ڕابردوو، لە پێش داهاتوو لە دوای-داهاتوو مامەڵەبکرێن، ئەو دابەشکردنە بە مەبەستی وەرگرتنی خاڵێکە لە ڕابردوو یان داهاتوو وەك خاڵی ئاراستەکردن بە شێوەی بیرکردنەوە لە ڕوداوەکانی ڕابردوو یان داهاتوودا. دوو تێنسی گونجاو لە کودیدا جیادەکرێنەوە، بۆ نمونە، ڕابردوو و نا-ڕابردوو، کە دەتوانن وەك پێویست جیاوازی تێنسی پیشان بدەن و زانیاریەکان دەربڕن، لە زماندا کاتەگۆریەکانی تریش دەتوانن کات دەربڕن، بۆ نمونە، "ناو وەك هاوین"، "کار وەك لە پێشدا بوون"، "ئاوەڵناو و ئاوەڵکار، وەك، گەشەکردن، زۆر جار، خێرا"، و هەروەها، تێنس وەك پەیوەندی-کاتی مامەڵەدەکرێت... بۆیە کاتەگۆریەکانی تریش، کە لە چوارچێوەی تێنسدا مامەڵەدەکرێن، لە پەیوەندی-تێنسی بەدەر نابن، بۆ نمونە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەسپێکت، کە خۆی خەریکدەکات بە جیاوازی لە نێوان بارودۆخی پێچەوانە و گۆڕان لە نێوان بارودۆخەکاندا، دەکرێت ڕێبازی دوو پەلکە بۆ ڕێزمان پێشنیاربکرێت بۆ نمونە، "کات" و "تێنس"، کە وەك دوو کاتەگۆری جیاواز مامەڵەدەکرێن، چونکە دوو بۆشایی جیاواز پڕدەکەنەوە.

تێنس بریتیە لە فۆڕمێکی دیاریکراوی کار، کە واتاکەی ئاماژەکردن بۆ کاتی ڕوداوی پڕۆسەکان لەخۆدەگرێت، و واتای ئاماژەکردن بۆ کاتی قسەکردن یان هەندێك چرکەساتیتر دەگەڕێنێتەوە، کە بەهۆی دەقەوە دیاریدەکرێت، تێنس بریتیە لە بناغە و بنچینەی ئاوەڵکار و هاوواتایە لەگەڵی، بۆ نمونە، (ئێستا -کاتی قسەکردن) و (پاشان _ پاش کاتی قسەکردن)، هەردوو تێنس و ئاوەڵکارەکان پێکەوە جەخت لەسەر دیاریکردن و دانانی "کات" دەکەنەوە، بەڵام بە دوو فۆڕمی جیاواز، تێنس کاتەگۆریەکی ڕێزمانیە و لەسەر کار ڕوودەدات، لە کاتێکدا ئاوەڵکارەکان وەك زاراوەی فەرهەنگی مامەڵە دەکرێن. ئەو زمانانەی کاتەگۆری ڕێزانیان نییە بۆ کات، دانانی کاتی ڕاستەوخۆ بەهۆی ئاوەڵکارەکانەوە، و ناڕاستەوخۆ بەهۆی بەکارهێنانی باری سەرنجی ئەسپێکتیەوە دەردەبڕدرێت، نیشانەکانی "-ت، -ا، -د، -وو، -ی" بریتین لە نیشانەی فۆڕمی تێنسی ڕابردوو (لە باری سەرنجی تێنسەوە) و نیشانەی "-دە" وەك نیشانەی ئیمپێرفێکتیف(لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە) مەمەڵەدەکرێن.

دانانی نیشانەکانی تێنسی رابردوو، بۆ نمونە، "-ت، -ا، -وو، -د، -ی" بە "کات": بۆچوونێکی زانستیانە نییە، چونکە:

(أ) ئەگەر نیشانەکانی تێنس لە ڕابردوودا کات بن، سەبارەت بە تێنسی نا-ڕابردوو چی دەڵێیت؟ کە ئەو نیشانانە لەوێدا دەرناکەون، و بە تەواوی فۆڕمی تێنسەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئایا کات تەنها لە ڕابردوودا هەیە؟

(ب) لە کرمانجی سەر و بە هەر هۆکارێکە بێت، بۆ نمونە، ئیکۆنۆمیی، هەندێك جار ئەوەی پێی دەگوترێت کات تێدەچێت، بۆ نمونە، لە "کرن"، "مرن"، "برن"، و ... نیشانەکانی کات نابینرێن، بۆیە دەپرسین ئایا لەو دیالێکتەدا کات نییە؟.

(ت) ئەو نیشانانە چ زانیاریەکمان سەبارەت بە ماوە کورتی و درێژی بارودۆخەکان دەدەنێ؟

(پ) کات لە سەر ئاستی هەموو زمانەکانی دونیا پێناسەی تایبەت بەخۆی هەیە، ئایا ئەو نیشانانە دەکەونە ژێر مەودای ئەو پێناسەیەی بۆ کات جێگیرکراوە؟ چۆن؟

هەموو ئەوانە و هی تریش پێمان دەڵێن، دەبێت نیشانەکانی هەر کاتەگۆریەك لە خودی کاتەگۆریەکە، کە هەردانەیەك دەبێ دەستەیەك لە تایبەتمەندی لە خۆیبگرن، جیابکرێنەوە.

## 4.2 پوختەی باسەکە بە عەرەبی:

الزمن عبارة عن التفكير العام و يجوز ان يتخيل كخط مستقيم، و تحدد نقطة مثل وقت الكلام فوق ذلك الخط. و يعامل الواقع في جانب اليمين كالمستقبل، و الواقع في جانب اليسار كالماضي. و دون ذلك ينبغي ان تكون هناك اوقات غير رئيسة، و اوقات مقيدة تعامل كقبل الماضي و بعده، و قبل المستقبل و بعده. و الغاية من هذا التقسيم هي اخذ نقطة من الماضي او من المستقبل مثل: نقطة التوجيه على صورة التفكير في حوادث الماضي ام المستقبل. و يميز بين تينسين متفقين مثل: الماضي و غير الماضي اللذين يمكنها اظهار الاختلاف التنسين حسب اللزوم. و يكشفها عن المعلومات. وفي اللغة فان (الفئتان) الاخرى قد تستطيع ان تعبر عن الوقت. فمثلا: (الاسم مثل الصيف) و (الفعل مثل وجد الماضي) (الصفات و الظروف مثل: التطور، كثيرا ما، بسرعة)، و ايضا يعامل التنسين كعلاقة موقتة. لذا فان الفئات الاخرى التي تعامل ضمن الاطار التنسي لا تخرج عن العلاقة التنسية فيما بينها. و كنموذج فان (الاسبيكت) يعمل علي الفصل و التمييز بين الظروف العكسية و التغير بين الظروف. و يمكن ان يقترح منهج ذو فرعين للقواعد النحوية مثل (الوقت) و ( التينس) اللذين يعاملان كفئتين مختلفين لانها يسدان فراغين مختلفين.

ان التينس عبارة عن قائمة معينة للفعل، فقد يشير معناه الى وقت بدء الافعال و يعيد معنى الاشارة الى وقت الكلام او يعيد بعض الثواني التي تعين بسبب النص. فالتينس عبارة عن قاعدة و اساس الظرف وهو مرادف لمعناه مثل (الان اثناء الكلام) (وبعد- بعد وقت الكلام). ان التينسين و الظروف جميعها تؤكد على تعين الوقت لكن بنموذجين مختلفين، فالتينس فئة نحوية يحدث بسبب الفعل، في الوقت الذي تعامل الظروف كالمصطلح المعجمي. ان اللغات التي تنقصها الفئات النحوية للزمن تضع الزمن المباشر بواسطة الظروف، و الزمن غير المباشر بواسطة حالة ملاحظات (السبيكت)

ان علامات (-ت، -ا، -د، -و، -ي) عبارة عن علامة قائمة نموذج التينس الماضي (حالة ملاحظة التينس) و علامة (-ده) تعامل كعلامة (الايمبيرفيكت) وهي (حالة ملاحظة الاسبيكت).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### 4.3 پوختەی باسەکە بە ئینگلیزی:

Time is the general concept, and it can be imagined as a straight forward line in/on which a point can be identified. From the stand point of speaking, then what is lies on the right hand of this line can be treated as the future tense, while what is lies on the left hand can be treated as the past tense.

In addition to it there can be a secondary relative time, such as before-past, after-past, before-present, and after –present. The reason of this division is to take a point in past or future as the point of reference for the case or the direction of thinking about past and future events.

In Kurdish we can recognize two tenses, such as past and non-past. The non-past includes future tense as well. Both these tenses can show, different categories in languages and time references, such as the "noun as referencing the time of spring or summer". This can also be demonstrated in verbs, adverbs and adjectives. As these tense can be treated as time-relation, the other categories can also be treated within the same time reference. For example, a sentence can demonstrate the active or inactive process of a situation as well, e.g. a person is working or, a person has worked, which references different time slots and tenses.

A tense is also an identified form of a verb, and its meaning puts the situation in time in accordance with the speech or other points/events that can be defined by the context. As well, it is grounded in the adverb and is equivalent to it. For example, the speech is now, then, after. At this point both the tense and the time are adverbially indicating on the defining point of the situation, but also in two different forms. Here the tense is the grammaticalized location in time, while adverbials can be treated as the lexical item in the actual lexicon. Languages which are not of a grammatical category of tense are done directly by the adverbials and indirectly. Alternatively, they are formed through sound intonation, such as in Kurdish with the letters "-I, -t, -d, -w, -ã" which is used to mark tense differentiations, namely, thery are past marker. .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## 5.0 سەرچاوەکان


Adams, Robert M., 1986, “Time and Thisness,” in French, P., Uehling, T., and Wettstein,

——, *Physics*, in Aristotle, *The Complete Works of Aristotle*, Princeton University Press, . 1984.

Albert, David (2000) Time and Chance. Harvard Univ. Press.
(1958) The Philosophy of Space and Time. Hans Reichenbach
Dover Arntzenius, Frank, (2012), *Space, Time, and Stuff*, Oxford: Oxford University Press.
Bach Cark (1985). Verbal Aspect. A General Theory and its Aplication to Present-dayEnglish. Ddense University
Bennett, M, and B. Partee (1973). Towards theLogic of Tense and Aspect in English (3s.) Tense, Tenses and Quantifiers (Max Niemeyer Velag
Brown, C.L., 2006, "What is Space?" A largely Wittgensteinian, approach towards a dissolution of the question: "What is space?"
Bull, Willim E. (1960) Time, Tense, and The Verb A Study in Theoretical and Applied Linguistics. With Practical Attention to Spanish. University of Califonia V. 19.
Chomsky, N. (1965). Aspects of the Theory of Syntax. Cambridge, Mass: The Mit Press.
Comrie,Bernard (1976). Aspect An Introduction to the Study of Verbal And Aspect and Related Problem Cambridge, University Press.
Crystal David (1992). A dictionary of Linguistics and Phonetic. Blackwell

Dahil Osten (1985). Tense and Aspect Syste,. Oxford Blackwell
Dowty, David R. (1987). Tenses, time Adverbs and Compositional. Jornal of Linguistics Voluem 23 23107.
Dowty, D. R. (1979). Word Meaning and Mondague Grammar. Dordrecgt

Dyke, Heather, 2002, “McTaggart and the Truth About Time,” in Craig Callender (ed.), *Time, Reality and Experience*, Cambridge: Cambridge
Evens H. (2006). Time, tense and space, Montague .
Heny Franks (1987). Tense, Aspect and Time Adverbials (part 11). University of Addinburrgh.
Huddleston, R. (1969). Some Obsestudies on Tense and Deixis in English, Language, 45, 777-806.
Jesperson, o. (1924). The philosophy of Grammar. London: Allen and Unwin.

Johnson Marion, R (1981) A Unified Temporal Theory of Tense and time.

Kant, Immanuel, (1963). *The Critique of Pure Reason*, translated by Norman Kemp Smith, London: Macmillan, 1963.
Lewis, David, (1986a), "The Paradoxes of Time Travel," in Lewis, David, *Philosophical Papers* (Volume 2), Oxford: Oxford University Press.
Markkanen. Raija (1979). Tense, and Aspect in English and Finnish A Contrastive Studt. Studia Philosophica Jyväskyläensia 13
McCawley,J. D. (1971). Tense and Time Reference in English, in Fillmore, C, J and D. T. Langendoen (eds) papers and Studies in contrastive Linguistics, 3 5-62.
Mellor, D.H., 1998, *Real Time II*, London: Routledge.
Miller, Kristie, 2005, "Time Travel and the Open Future," Disputatio, 1(19): 223–232.
Newton-Smith, W.H., 1980, *The Structure of Time*, London: Routledge & Kegan Paul.
Prior, Arthur N., 1967, *Past, Present, and Future*, Oxford: Oxford University Press.

Smith, Quentin, 1993, *Language and Time*, Oxford: Oxford University Press.

Prior, A. N. (1969) "Critical Notices: Richard Gale, *The Language of Time*," *Mind*, *78*,
Prior, A. N. Past, Present and Future, Oxford University Press, 1967

Pier Marco Bertinetto and Denis Delfitto (2000) Aspect and Actionsarten .
Putnam, Hilary. "Time and Physical Geometry," The Journal of Philosophy, 64 (1967), pp. 240-246.

Richards Barry (1987). Tense, Aspect and Time AAdverbials. University of Eddinburgh.
Russell, Bertrand. "On the Experience of Time," *Monist, 25* (1915), pp. 212-233

Smith, C. (1991) The parameter of Aspect Dordrecht.

Sklar, Lawrence, 1974, Space, Time, and Spacetime, Berkeley: University of California

Stein, Howard, 1968, "On Einstein-Minkowski Space-Time," Journal of Philosophy, 65: 5–23.
Taylor, Richard, 1992, Metaphysics, 4th Edition, Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.
Tooley, 1997, Time, Tense, and Causation, Oxford: Oxford University Press.
Vendler. Z (1976). Verbs and times. In Z Vendler (ED). linguistics in Phi;osophy Cambrudge.